# بەدرخان
# Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٢٨) یەک شەممە،
تشرینی دووەمی ٢٠٠٩/١١/٨ زایینی
بەرانبەر بە گەلاڕێزانی ٢٧٠٩ی کوردی
ساڵی نۆیەم

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com


## کاراس: منیش کوردم



ل٢

## ویستگەکانی شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان



ل١٠-١٣

## جەمال عەبدوڵڵا چی لە بەڵگە دەوێ؟!!


بەڵگە
BALGA
لە ئەمریکا:-
نما و چیای نەوشیروان مستەفا لە قومارخانەی Cesars palace ٢٧٠٠٠ دۆلار دەدۆڕێنن!
میوزیکژەن و خوێندکاریان دامەزراندووە بەپۆلیس و دەوامیش ناکەن

ل٢



## یادی ١٠٠ ساڵەی شاژنی کورد ڕەوشەن بەدرخان

ل٤-٥

* چلەیەکی ماتەمینی بۆ حاکم قاسم رێکخرا
* قەیرانی هەڵبژاردنی داهاتوو لە نێوان لیست و بازنەکان
* هەولێر پایتەختی گەشەسەندنی هونەر لە کوردستان
* ماستەرنامەیەک دەربارەی هەولێر پەسند کرا
* میدالیای ئیفتیخارو شۆڕەسوارانی هەولێرێ
* گۆڤار ئەنورو قەدری هونەرمەندان لە کۆریا
* ئەمیر تەها بەدوای بنەماڵەی "عەلی" هەڵەبجەییدا دەگەڕێ
* نیاز خنکاوە ... یا هێشتا زیندووە؟!
* سمکۆ محەمەد و ستراتیژ لە بەدرخان
* خەرمان هیرانی سوپاسنامەیەک ئاراستەی رانیەییەکان دەکات



## لە زاخۆ یادی سەلاح سەعدوڵلا کرایەوە

ل٣

## شەهرامی عەلیدی :
## بەر لە فیلمی "سرتە لەگەڵ با" هیچم دەربارەی ئەنفال نەدەزانی

هونەرمەندی سینەماکاری رۆهەڵاتی کوردستان "شەهرامی عەلیدی" دوای چەندین کاری سینەمایی، لە ماوەی رابردوودا فیلمێکی سینەمایی بەناوی "سرتە لەگەڵ با" دەربارەی ئەنفال بەرهەمهێناو ئەو فیلمە لە خولی "٦٩"ەمینی رەخنەگرانی فێستیڤاڵی کانی نێودەوڵەتی "٣" خەڵاتی بەدەست هێنا.

ئەو هونەرمەندە کە ئێستا دانیشتووی وڵاتی ئێرانە، لەو دیدارەدا باس لە سەرەتاکانی کارکردن بۆ ئەو فیلمەو چۆنێتی گەیشتنی بە فێستیڤاڵی "کان" و رەنگدانەوەی لەسەر ناساندنی کێشەو ئێش و ئازارەکانی کورد بەدنیا دەکات، هەروەها باسیش لە کێشەکانی سینەما لە کوردستان بەگشتی و نەبوونی هۆڵی سینەمایی بەتایبەتی دەکات.

ل١٥



## ڕەش و سپی

دەروازە

smkobsat@yahoo.com

دەکرێ بڵێین لەوێ هەموو شتێک بەم شێوەیەیە، (ڕەش و سپی)، بەڵام بەو مانایە نا کە لەوێ سەردەمی قۆپچەیەو تەلەفزیۆن و کامیرای ملەوەن هێشتا نەدۆزراوەتەوە، یان چاویان بە ڕەش سپی دنیای دەبینێت، بەو مانایەش نا کە هەندێ کەس حەزیان لە روخساری سپییەو هەندێک کەسیش ئارەزوویان بەلای روخساری ڕەشەوەیە، یان هەندێ کەس خەریکی سیاسەتی ڕەشن، هەندێکیش سیاسەتی سپی، لەوێ ئەو ڕەشە دەرمانە بۆ زۆر شت، وەلێ لای خۆمان زۆرجار دەردو بەڵایە، ئەوانەی نانی ڕەش دەخۆن خەپەترن لەوانەی بە دوای نانی سپییەوە کەوتوون، زۆران دەناسم لەوێ لەبەرئەوەی هەر بە دوای کاری سپییەوە بوونە هیچیان بە هیچ نەکردیە، ئێستاش شەرم دەکەن بگەڕێنەوە، ئەمەیان بۆ ئێرەش هەروایە ئەوانەی بە دوای ئەو نانە سپییەوەن، دەبێت هەر خەریکی فەلسەفەی جوانی و هونەر بن.

لای خۆمان هێندەی خەڵک سپییان بە لاوە پەسندە، ڕەشەکان هێندە مەرغوب نین، لێرە سپی هەم بۆ دنیا باشە هەم بۆ قیامەت، ئەگەر بتەوێ دوعای خێر بۆ کەسێک بکەی پێی بڵێ رووت سپی بێت.



سمکۆ عەبدولکەریم

لەوێ وانییە، بۆ هەندێ کەس ئەمە دوعای شەڕە، نەفەرم بینیوە تەمەنای ئەوەی دەکرد ڕووی ڕەش بووایە، دەیگوت خوا لەوەشدا هەر بە دڵی خۆمانی نەکردووە، ئەگەرنا بە سپی نا، بە ڕەش خەلقی دەکردین.

ئەوە هەمووی لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەی لای خۆمان، لەوێ خێر لە ڕەشدایە، لەوێ ڕەشەکان هەم دەخۆن، هەم دەکەن، پارەشیان دەدەنێ، کەچی سپییەکانی ئەوێ جگە لەوەی دەبێ بدەن، دەبێ پارەش بدەنە ڕەشەکان.

لەوێ ئەوەی خێر بێت لە سپیدا نییە، ئەو خێرەی لە کارکردنی ڕەشدا هەیە لە کارکردنی سپیدا نییە، لەوێ پرسیاری کارکردن لە هەر کەسێکی گەڕیدە بکەیت، دەبێت لە بیرت نەچێت پێی بڵێی کاری سپی دەکەیت، یان کاری ڕەش، لەو ئەوروپایە هەموو شتێکی ڕەش باشترە، (کاسبی ڕەش، دەرەۆزەی ڕەش، لەشفرۆشی ڕەش، پیاوی ڕەش).

تەنیا یەک شتی ڕەش زۆر مەرغوب نییە، ئەویش پیاوی سەر ڕەش.

# منیش کوردم ... کاراس وای گوت



ئامادەبووانی شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئەسینا



کاراس

**حەمید بەدرخان**

لەدوا ساتەکانی تەواوبوونی فیستیڤاڵی بەدرخان، لە ئەسینا مامۆستا ئەنتۆنیۆس کاراس، کە یەکێکە لە سیاسەتمەدارە گەورەکانی پارتی سۆسیالیستی یۆنان (پاسۆک) دەشڵێن بەتەمەنترین ئەندام و لە هەموانیش کۆنترە لە نێو ئەو پارتەدا. کاراس وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد و هێمای بۆ ئەوە کرد کە گەلی کورد و گەلی یۆنان نزیکییەکی زۆریان هەیە، لە زمان و کلتووردا. لە وتەیەکیدا وتی: هەردوو گەلی کورد و یۆنان بە دڵفراوانی و بێگەردی ناسراون، بەزوویی خەم بۆ هەڵە لەدەستچووەکانیان دەخۆن، لەبەر ئەوە شیوەن و واوەیلا دەکەن، هەندێک جاریش سزای خۆیان دەدەن.

کە بەدەست خۆیان نییە، ئەو دوو گەلە لە زمانیشدا وێکچوونێک هەیە لە نێوان زمانی یۆنانی و ئەغریقی بەتایبەتی لە قۆناغە مێژووییەکاندا هەیە.

دەبینم و گوێم لێدەبێت کە ئێوە بەزمانی کوردی دەئاخڤن و شێواز و ئاوازی قسەکردنتان وەکو زمانی یۆنانییە لەگەڵ ئەوەی هەزاران ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە.

ئەوەی سەرنجی میوانانی بۆلای خۆی راکێشا و کاتێک وتی:" من ئەنتۆنیۆس کاراس – ی کورد، شانازی دەکەم کە کوردم، من کوردم، هەندێک جاریش هەست دەکەم من بەرێکەوت یۆنانیم"

ئەگەر لە قسەی کاراسی گەورە وردبینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەمڕۆ بەدواوە تەنیا چیاکان دۆستی کورد نین، بەڵکو ئۆباما لە لایەک و مەدام دانیال میتران لە لایەکی دیکە و شاژنی بریتانیا ئەلیزا بیس و ماندێلا و قەزافی و مەحمود عەباس، بن بیلا... و زۆری دیکە دەلالەتی ئەوەیە کە کورد گەلێکی لێبوردەیە و لەهەرسەردەم و زەمانێکدا وەکو بەرگریکارێک داکۆکی لە مافی خۆی کردووە و شەڕخواز نەبووە، بۆیە لە سەدەی بیست و یەک کورد هیچی دیکە قبوڵ ناکات ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید بکرێتەوە، چونکە کاراس بەدەنگ دێت و دنیا ئاگادار دەکاتەوە و بەدەنگێکی بەرز دەڵێت: هەیهات . هەیهات، ئەوەی پەنجە بۆ کوردان ببات دەیشکێنم، چونکە من کوردم.

ئەو گوتەیەی کاراسی مامۆستاو سیاسەتمەدار هەمان ناونیشانی ئەو کتێبەیە کە نیچە، زەردەشتی پەیامبەری بەبیرهێنامەوەو دەڵێ:"زەردەشت وای گوت" بەڵێ منیش کوردم"کاراس وای گوت".

شایانی باسە لەساڵی ١٩٥٧ شاژنی کورد خاتوو"ڕەوشەن بەدرخان ١٩٠٩–١٩٩٢"لە ئەسینای پایتەختی یۆنان لە کۆنفرانسی"مكافحة الاستعمار"بابەتێکی بەپێزی پێشکەش بە کۆنفرانسەکە کردووە، ئەوکات باس لە مەزلوومییەتی کوردان و کوشت و بڕی کوردستانی کوردستان کردووە.

لە دووماهیدا دەبێژم: تەمەن درێژی بۆ کاراس–ی رابەرو دروود بۆ گیانی خەباتگێڕان، ئەوانەی داکۆکیکارن و داکۆکی لەمافی گەلان دەکەن.

## جەمال عەبدوڵلا سەرنووسەری گۆڤاری بەڵگە

# دەبوایە زۆر زووتر گۆڤارێکی لەم جۆرە هەبوایە

**بەدرخان**

*** گۆڤاری بەڵگە بۆچی و بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارێکی لەم جۆرە چۆن سەری هەڵدا؟**

– لە ڕاستیدا دەرکردنی گۆڤارێکی لە بابەت گۆڤاری بەڵگە دەبوایە زۆر لە پێشتر بوایە، مەرج نەبوو من وەک جەمال دەری بکەم، هەرکەس بوایە بابوایە ئەمە کێشە نییە، بەڵام دەبوایە زۆر زووتر گۆڤارێکی لەم جۆرە هەبوایە و دەربکرایە، چونکە لای ئێمە مەفهومێکی هەڵە هەیە بۆ ژیانی ڕۆژنامەنووسی و ئێستاش زۆرێک لەوانەی، کە لە ناو ئەم پیشەیەدا وا دەزانن ئەوەی دەستی قەڵەمی گرت و ویستی ڕۆژنامە، یان گۆڤارێک دەربکات یان تێیدا بنووسێ، ئیتر دەبێت سەنگەری دوژمنایەتی و هێرشکردنە سەر دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراوەکانی وڵات هەڵبژێرێ و ئەوەی ئەم کارە نەکات نە ڕۆژنامەنووسە و نە دەشتوانێ پەیامی ڕۆژنامەنووسیانەی هەبێت، من چەندین ساڵە هەست بە حاڵەتێکی وەها دەکەم و دەزانم کە لەلایەن زۆرێکەوە بەبێ ئەوەی گوێ بدەنێ بوونەتە بەشێک لە ململانێ سیاسییەکانی ناو هەرێمی کوردستان و بەشێکی زۆر لەو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان و بەناوی ئەهلی و سەربەخۆوە دەردەچن بوونەتە خەسمی سیاسی و کە وەهاشیان لێهات حەتمەن تووشی لایەنگیری و لە گەڵیشیدا درۆکردن و درۆ بڵاوکردنەوە و موبالەغە و بێ ویژدانی دەبن و وێنەکە بەشێوەیەک دەخەنە ڕوو بە خەڵکی نیشان دەدەن کە هەرچی لەناو دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراوەکانی وڵاتدابێت، دزە، گەندەڵە، پیاوخراپە و ئەوەشی کە لە دەرەوەی دەسەڵات بێت و دوو جنێوی بە دەسەڵاتدا ئیتر ئەمە ئۆپۆزسیۆنە، ڕزگارکەر و هەڵگری و ئاڵای نەهێشتنی هەموو کەموکوڕی و ناعەدالەتییەکانە، من سەرنجمدا بەردەوام بوونی ئەم حاڵەتە جگە لەوەی کە پیشەی ڕۆژنامەنووسی لەکەدار کردووە هەڵخەڵەتاندن و لەخشتەبردنی خەڵکیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە ئەمەیان گەورەترین بێڕەوشتی و گەورەترین گەندەڵییە، بۆیە دەبوایە بەپێی توانا و ئیمکانیەتی بەردەست هەوڵ بدرێت سنورێک بۆ ئەو چەواشەکاریانە دابنرێت، نەک هەر ئەمە بەڵکو ئیتر نەدەبوا درێژە بە سیاسەتی خۆماتکردن و سیاسەتی سەرکزکردن و سیاسەتی گوێ مەدەرێ و سیاسەتی هیچ مەکە با پیاو خراپ نەبێت! بدرێت و من بەش بە حاڵی خۆم هەمیشە دژی ئەو سیاسەتانە بووم و هەمیشە قەناعەتم وەها بووە کە هەر کەس پەلاماری دایت و ویستی بە ناڕەوا لەلای خەڵک بتشکێنێ تەنها بۆ ئەوەی خۆی بێتە دەسەڵات دەبێت وەڵام بدرێتەوە و لە جێی سندان قوزەڵقورتی بدرێتێ و لەم ڕووەوە زەریبەکە هەرچییەک بووبێت داوەمو ئامادەشم هەموو زەریبەیەک لەم پێناوەدا بدەم چونکە ئەمە قەناعەتێکی شەخسی خۆمە و بەشێکە لە سەوابتەکانی ژیانم و بۆ هیچ کەس و هێزێک دەستی لێ هەڵناگرم، ئینجا لەم ڕووەوە هەستم کرد بۆشاییەک هەیە بۆ دەرخستنی بەشێک لە زانیاری و بەشێک لە ڕاستییەکان، بەڵام بە بەڵگە و بە مەنتق و پێویستە خەڵک ئاگاداری ئەم جۆرە زانیاریانەش بن سەبارەت بەوانەی کە باسی ئۆپۆزسیۆن بوون و گوایا گۆڕان و چاکسازی دەکەن، ئەوەی گەندەڵی و کەموکوڕییەکانی حکومەت و دەسەڵات بە بەڵگەوە بڵاودەکاتەوە دەستی خۆش بێت و مافی خۆیەتی، بەڵام هەر ئەوانەش دەبێت دەستخۆشی لەوانەش بکەن کە لەسەر گەندەڵی و کەموکوڕییەکانی خۆیشیان بە بەڵگەوە دێنە مەیدان، گۆڤاری بەڵگە بۆ پڕکردنەوەی بەشێک لەو بۆشاییە بوو!

*** کەواتە ناتوانین بڵێین گۆڤاری بەڵگە ئەهلی و سەربەخۆیە؟**

– من وەکو بەشێکی زۆر لەوانەی کە بەخۆیان دەڵێن ئەهلی و سەربەخۆ، درۆ لەگەڵ خەڵک ناکەم بڵێم ئەهلی و سەربەخۆم، من هەموو ئەوانە باش باش دەناسم و دەزانم لە چ کانییەک ئاویان خواردۆتەوەو ئاو دەخۆنەوە! من لێدوانم هەیە پێش ئەوەی گۆڤاری بەڵگە دەربکەم گوتوومە: گۆڤاری بەڵگە بەشێک دەبێت لە ململانێ سیاسییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و فەخریشی پێوە دەکەم، بەڵام هەیە درۆ دەکات لەگەڵ خەڵک و خوێنەری خۆی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارەی دەداتێ، دەعوەتی دەکات، دەینێرێ بۆ دەرەوە، پاسپۆرتی بۆ دەردەهێنێ، هەوڵ دەدات زەمالەی خوێندنی بۆ مسۆگەر بکات، شەو مانشێتی ڕۆژنامە یان گۆڤارەکەی بە تەلەفۆن پێ دەگۆڕێت، کەچی لەولاوە دێت موزایەدە دەکات و بە خەڵک دەڵێت: ئەهلی و سەربەخۆم باشە بۆچی ئەمانە ڕیسوا نەکرێن؟ بۆ خەڵک نەیانناسێت؟ بەشێکی گۆڤاری بەڵگە بۆ ئەمانەشە!

*** دوا وتەت چییە؟**

– زۆر سوپاسی هەفتەنامەی بەدرخان دەکەم کە هەفتەنامەی بەرێزو تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەشزانم سەرنووسەرەکەی زۆر ماندوو دەبێت لەگەڵ ڕۆژنامەکەو بەرەوپێشچوونیدا، بەڵام کۆڵ نادات و هەر ئەوەشە وەهای کردووە کە هەفتەنامەی بەدرخان ڕێزی خۆی بسەپێنێ و هیوادارم هەمیشە لە پێشکەوتن و گەشەکردندا بێت.



جەمال عەبدوڵلا





# هەیاسە ... لە بەدرخان چ باسە؟!

**ئا: حەسۆ**

* ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٢ نوێنەرانی ٧٠ گوند لە ناوچەی قەندیلی سەرکەش و نەبەز کۆبونەوەو نوێنەری خویال هەڵبژارد بو لە ناوخۆیان ئەنجومەنی شارەوانیان هەڵبژارد لە ٧ ئەندام و ئەوانیش سەرۆک شارەوانیان هەڵبژارد.

شارەوانی قەندیل نیشانەی شارستانییەت و ئاشتی و زانستییە بۆ ڕێک خستن و پاک کردنەوەی ناوچەکە لە هەموو ڕووەکانی ژیان ئێمە بە دڵ پیرۆزباییان لێ دەکەین و داوا لە شارەوانی سلێمانی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین یارمەتیان بدەن پارەو ژمێرو کەل و پەلی پێویست بوسەر کەوتنیان ئێمەش لە ڕێگای خۆمانەوە ئەوەی بۆمان بکرێت ئیشائەڵلا درێغی ناکەین.

* بۆتە شتێکی باو لە بەشێکی بنکە بەرگرییە شارستانییەکانی هەولێر، کە ڕۆژانە لەناو بارەگای بنکەی خۆیان یاری تۆپی بالە دەکەن، ئەگەر بێتو لە کاتێکی وا شوێنێکی گشتی یاخود ماڵێک گڕی تێبەربێت تاکو ئەوان تۆڕی یاریگاکە لێدەکەنەوەو خۆیان ئامادە دەکەن ماڵەکە چی بەسەر دێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاگاداری کە شتێکی وا هەیە؟!

* مامۆستایەک ٢–٣ ڕۆژ ڕێی کەوتبووە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر، ئەو مامۆستایە دەیگوت: یاخوا کەس کاری بەو بەڕێوەبەرایەتییە نەکەوێ لەبەر ئەوەی بۆ واژوویەک دەبێت زیاتر لە دوو کاتژمێر چاوەڕێ بکات، لەبەر ئەوەی جەنابی بەڕێوەبەر دانیشتنی هەیە لەگەڵ دۆست و ئەحباب، ئەی کاروباری خەڵک ... وەزیری کابینەی نوێ ئاگاداری؟!

*دەوڵەتی تورک پاش بڵاوکردنەوەی هەواڵێک کە لەلایەن سینەم خان جەلادەت بەدرخان ئاماژەی پێدابو لە "ئازادیا وڵات " لە بەرامبەردا دەوڵەتی تورک ڕۆژنامەی ناوبراوی یەک مانگ داخست، شایانی باسە سینەم جەلادەت بەدرخان نەوەی بەدرخانیانەو لەسەر هەمان بیروباوەڕی ماڵباتا خۆی درێژە بەخەباتی ڕووناکبیری دەدات، چونکە ماڵباتی وان خاوەنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردین.

* دوای داوەت کردنی کۆنی ڕەش بۆ یادی ١٠٠ساڵەی ڕەوشەن بەدرخان کە بڕیاروایە لە ٧/٩ لە هەولێر سازبکرێ، دەوڵەتی نەی هێشت کۆنی ڕەش بەشداربێ

ژمارە (١٢٨) تشرینی دووەمی ٢٠٠٩/١١/٨ زایینی
گەلاڕێزانی ٩ ٢٧٠٩ی کوردی

# لە زاخۆ یادی دوو ساڵەی سەلاح سەعدوڵڵا بەڕێوەچوو

**تایبەت بە بەدرخان**

سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٠/٢٢ لە شاری زاخۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری زاخۆ یادێکی ڕێزگرتن بۆ نووسەر و ڕووناکبیری کۆچکردوو سەلاح سەعدوڵڵا بەڕێوەچوو.

لەژێر چاودێری حوسێن خالید قائیمقامی قەزای زاخۆ و بە ئامادەبوونی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو و چەندین نووسەر و ڕووناکبیری کوردستان یادێکی ڕێزلێنان بۆ سەلاح سەعدوڵڵا بەڕێوەچوو، لە سەرەتادا "فەرمان شوکر" بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر وتارێکی پێشکەش کرد و تێیدا ئاماژەی بە گرنگی سازکردنی ئەو یادە کرد لە بەرامبەر ئەو خزمەتە گەورەیەی نووسەری کۆچکردوو بە ئەدەب و ڕۆشنبیری و کلتووری کوردی کردووە، دواتر وتاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و چاودێر و بنەماڵەی نووسەر خۆی و ئەکادیمیای کوردی پێشکەش کرا.


دیمەنێک لە یادی دوو ساڵەی کۆچی دوایی سەلاح سەعدوڵڵا

دواتر لە کاتژمێر ١١،٣٠ فیلمێکی دیکۆمێنتی تایبەت بە ژیانی نووسەر نمایشکرا.

دوابەدوای هەموو ئەوانە دکتۆر کەمال مەزهەر لە سیمینارێکدا بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی سەلاح سەعدوڵڵا خستەڕوو، کە لەلایەن خالید حوسێنەوە بەڕێوە بردرا، دواتر ڕەشید فەندی سیمینارێکی لەژێر ناوی "گەریانەک دناڤ بەرهەمێن سەلاحەددین محەمەد سەعدوڵلا"دا پێشکەشی ئامادەبووان کرد و خەڵات موسا سیمینارەکەی بەڕێوەبرد، شەوکەت تاهیر سندیش لەژێر ناونیشانی "بزاڤا مامۆستا سەلاح سەعدوڵلا بو پاراستن و دەولەمەندکرنا زمان و ڕەوشەنبیریا کوردی" سیمینارێکی پێشکەش کرد و محەمەد موراد وەکو پێشکەشکار لەو سیمینارە بەشدار بوو.

دوابەدوای ئەو سیمینارانەش لە کاتژمێر ٢،٣٠ نیوەڕۆ سەردانی مەزاری نووسەری کۆچکردوو کرا لەلایەن ئامادەبووانی یادەکەوە.

لەبەشی دووەمی یادەکەدا و لە کاتژمێر ٣ی عەسر موئەیەد تەیب سیمینارێکی لەژێر ناوی "سەلاح سەعدوڵڵا و زمانی کوردی" پێشکەش کرد و بەیار باقی سیمینارەکەی بەڕێوەبرد، دواتر عەبدوللەتیف گلی لەماوەی ٢٠خولەکدا و لەژێر ناوی "ڕۆڵی مامۆستا صلاح سعد الله د کوڕێ زانیاری کورددا ل بەغدا" پێشکەش کرد و ڕەمەزان قادر ئەو سیمینارەی بەڕێوەبرد، کۆتایی سیمینارەکانیش محەمەدسەلیم سواری بوو، کە لەژێر ناوی "یادگار و میناک" سیمینارێکی پێشکەش کرد محەمەد حەسەن بناڤی بەڕێوەی برد.

لەکۆتایی یادەکەدا سێ کتێبی نووسەر دابەشکرا، کە تایبەت بەو یادە چاپکرابوو لەژێر ناوی "گاڤان و مسیرە السنین"، کتێبەکان سێ بەرگ بوون و بریتی بوون لە بەرگی یەکەم ئەلبوومی وێنەی تایبەت بە نووسەر بوو، بەرگی دووەمیش بریتی بوو لە چەندین وتاری نووسەر کە کاتی خۆی لە ڕۆژنامەکانی تەئاخی، ئیتیحاد، ئەلسەباح، ئەلحەیات، ئەلئەهالی، ئەلسەورە و ئەلعیراق و چەند شوێنێکی دیکە بڵاوی کردبوونەوە، لەو کتێبە دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

جێی ئاماژەیە سەلاح سەعدوڵڵا لەدایکبووی ١٩٣٠ی زاخۆیە و تا ئەو کاتەی لە تەمەن بوو، ٢٥ کتێبی بە چەندەها زمان چاپکردبوو، لە ٢٠٠٧/١٠/٢٢ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد، لەدوای خۆشی شاکاری مەم و زینی ئەحمەدی خانی بەزمانی ئینگلیزی چاپکرا، کە لەزمانی کوردییەوە وەریگێڕابووە سەر زمانی ئینگلیزی و لە تورکیا لە دەزگای ئاڤێستا لە ئەستەنبوڵ لە ٢٠٠٨ بەچاپ گەیەنرا، هەر لەو کتێبەدا بەدەست و خامە ڕەنگینەکانی هونەرمەندی کۆچکردوو د.محەمەد عارف سکێچ و تابلۆکانی ناو کتێبەکەی کێشابوو، بە خەیاڵ گوزارشتی لە ڕووداوەکانی ناو شاکارەکە کردبوو.


بەرگی کتێبی چاپکراوی خوالێخۆشبوو


سینەم خان


د. کەمال مەزهەر


ڕەشید فەندی


ئازاد سەلاح


دیمەنێک لە یادەکە


ئامادەبووان لە کاتی سەردانیان بۆ سەر مەزاری خوالێخۆشبوو


ئامادەبووان لە کاتی سەردانیان بۆ سەر مەزاری خوالێخۆشبوو

---

### قەڵەم

## "هەولێر"و نیو وەڵام و عەریفی ڕۆژنامەوان

* لەنێو ڕۆژنامەوانیی ئەمڕۆی کوردیدا ئەگەر یەکێک ئەمڕۆ دەست بەکاری ڕۆژنامەوانی بکات دەتوانێ عەسری ئەو ڕۆژە لەگەڵ لایەنێک ڕێکبکەوێ و سبەی ڕۆژی پاشتر عەسرەکەی بچێتە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و داوای مۆڵەت بکات، پاش بڵاوکردنەوەی دووجاری ئاگادارییەک لەڕۆژنامەدا کە فلانی کوڕی کوڕی فلان بڵاوکراوەی (فلان..) دەردەکات، ئیدی بەپێی ئەو ئازادیی ڕۆژنامەوانییەی کەلەم هەرێمەی ئێمەدا هەیە سەندیکا مۆڵەتی دەداتێ و کابرا نەک هەر دەبێ بەڕۆژنامەنووس، بەڵکو دەبێ بەخاوەنی بڵاوکراوەکەو سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری بەرپرس، جا با ئەو فلانە ڕۆژی پێشتر بەققاڵ، چەققاڵ، مفەووەزی ئاسایش، تەنەکەچی، مامۆستا، ...هتد بووبێت (لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەو پیشەوەرە بەڕێزانە کەئەگەر کەسی لێزان و شایستە بەو پیشانە دەستیان بۆ ببات دڵنیام لەبواری خۆیاندا درێغی ناکەن لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری).


حەسەن یاسین

* لەدوا لاپەڕەی ژمارە(٢١)ی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٩\١١\١ی گۆڤاری جیهاندا بابەتێک بڵاوکراوەتەوە بە نا و نیشا نی سیخوڕەکەی (پاراستن پێی شەرمە ناوی خۆی بڵێت نیو وەڵام بۆ دەزگا حزبیەکەی پاراستن) کەسەروتاری گۆڤارەکەیەو تەرخانە بۆ وەڵامدانەوەی ڕۆژنامەی هەولێر کەڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیەو لەهەولێر دەردەچێت و لەیەکێک لەژمارەکانی ماوەیەک لەمەوپێشیدا بابەتێکی لەسەر نەبەز گۆران بڵاوکردۆتەوە. سەروتارەکەی گۆڤاری جیهان بەم چەند دێڕە دەست پێدەکات (شتێک هەیە لەهەولێر دەردەچێت و پارە ناکات و بەخۆڕایی دابەش دەکرێت بەسەر خەڵکدا تا شووشەی ماڵەکان و جامی سەیارەکانیانی پێ بسڕن، وابزانین ئەو شتە خۆیان ناویان ناوە ڕۆژنامەی هەولێر، ئەم شتە کۆمەڵێک عەریفی تێدایە ڕیزیان بەستوە لە (ساحەی عەرەزاتی جنێودانەدا) و خۆشیان بەڕۆژنامەنووس دەزانن) .تا ئێرە وەڵامی گۆڤاری جیهانە لەبەرامبەر ئەو ڕەخنەیەی کە لەڕۆژنامەی هەولێر لە سەرنووسەرو خاوەنی ئیمتیازەکەی گیراوە. نامەوێ بەرگری لە هەولێر وەک ڕۆژنامەیەک بکەم، چونکە ستافی خۆی هەیە و قەڵەمدارن و ئەرکی خۆیان و بڕیاری خۆیان دەدەن داخۆ وەڵامی ئەو وەڵامە دەدەنەوە یان نا؟ بەڵام وەک ڕۆژنامەنووسێک دەمەوێ باس لە چەند خاڵێک بکەم:

١- ڕۆژانە سەرکردە کوردەکان لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا پەلاماریان دەدرێ، کە وەڵام دەدەنەوە سنوور نابەزێنن. بۆچی ڕۆژنامەوانێک کە لەسەری دەنووسرێ دەبێ لە وەڵامدا بە هاوڕۆژنامەوانەکەی خۆی بڵێت هەی (بەمناڵی لاقەکراو..) هەی (عەریف ..) هەی (وردەواڵەفرۆش ). بۆچی نابێ ڕۆژنامەنووس حورمەتی خۆی و ئەو ڕۆژنامەنووسەش بگرێت کە بابەتی لەدژیدا نووسیوە؟ بڵێی هۆیەکەی ئەوەبێت کە ئەوانەی ئێستا لەنێو کایەی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا زۆرترین جوێن دەدەن زۆرترین ناوبانگیان هەیە!

٢- ڕۆژنامە ئەگەر بەبەلاش دابەش بکرێت مانای وانییە ئەو ڕۆژنامەیە فرۆشی نییە بۆیە ئەو لایەنەی دەریدەکات نایفرۆشێ و نرخی ناخاتەسەر، بەڵکو ئەو لایەنە خۆی بەمەبەست ڕۆژنامەکە بەبەلاش دابەش دەکات و لەمەشدا مەبەستی خۆی هەیە. لە ئەوروپادا لەزۆربەی وڵاتەکانیدا چەندین ڕۆژنامە هەن بە بەلاش دابەش دەکرێن و هەیانە ڕۆژنامەی زۆر ئاست بەرزن و نووسەرانی ناسراوی ئەو وڵاتانە تێیاندا دەنووسن و هیچ ڕۆژنامەنووسێکی وڵاتەکەشیان ئەگەر لەو ڕۆژنامەیەدا ڕەخنەیەکی لەسەر بنووسرێت لەوەڵامدا ناڵێن ڕۆژنامەکەتان نافرۆشرێت و ئێوە بۆ ئەوە دەریدەکەن تا خەڵک جامی سەیارەو پەنجەرەی ماڵەکانیانی پێ بسڕن!

٣- دەڵێن ڕۆژێک مەلای مەشهور بەیەکێکی گوت هەی گ. گوێت بگرم لەمسەر تا ئەوسەری دنیا دەتگێڕم! کابراش گوتی مادام خۆشت لەمسەر تا ئەوسەری دنیا لەگەڵمی کەواتە فەرقمان نییە هەردووکمان هەر گ..ین!




# شاژنی کورد ڕەوشەن بەدرخان

# (۱۹۰۹-۱۹۹۲)


ڕەوشەن خان، کۆیە ۱۹۵۲


میر جەلادەت و ڕەوشەن خان، شام ۱۹۳۵

**۱۹۰۹/۷/۱۱ قەیسەرییە ۱۹۹۲/٦/۱: بانیاس**
کاتێک بمانەوێت باسی ژیاننامەی ڕۆشنبیرێکی کوردی وەکو ڕەوشەن بەدرخان بکەین، ئەوا دەبێ ئاگامان لەمێژوو و ڕووداوە سیاسییەکانی ئەوسەردەمی بێت، بۆیە دەمەوێ باسێکی کورتی ڕووداوە سیاسییەکان و باری بنەماڵەی ڕەوشەن بەدرخان بکەن.
ئاشکرایە کەوا پاش دامرکاندنەوەی سەرهەڵدانی میر بەدرخان و میرنشینی بۆتان، بنەماڵەی بەدرخانییەکان بڵاوەی وڵاتانی جیهان بوون و بەشێکیان هەر لە ئەستەنبۆل لەبن دەستی دەوڵەتی عوسمانی مانەوەو زۆرێک لەوان گەیشتنە پایەی بەرز، یەکێک لەو کەسایەتییانەی بنەماڵەی بەدرخان ساڵح بەدرخان بوو، کەوا لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی کەوتە گرتووخانەو پاش ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمید ساڵی ۱۹۰۸ لەسەر دەسەڵات لادراو سوڵتان محەمەد ڕەشاد دەسەڵاتی وەرگرت واری سیاسی باشتربوو و لێبووردنی گشتی درا بە زیندانییەکان و ساڵح بەدرخان دوای دە ساڵ زیندانی ئازادکراو بەداخەوە ئەمجارەیان بۆ شاری قەیسەرییە دووردەخرێتەوە.
ڕۆژی ۱۱ی تەمموزی ۱۹۰۹ ئەو ڕۆژەی سوڵتان محەمەد ڕەشاد بەشێوەیەکی فەرمی بووە خاوەن دەسەڵات ئا لەو ڕۆژەدا لەشاری قەیسەرییە لە دەربەدەری و دوورخراوەیی ساڵح بەدرخان کچێکی دەبێت، کە ئەویش "ڕەوشەن بەدرخانە"و کاتێک ڕەوشەن تەمەنی دوو ساڵان دەبێت، دیسان بەدرخانییەکان لەو وڵاتە دووردەخرێنەوەو ئەوەبوو ماڵی ساڵح بەدرخان بۆ شام دووردەخرێتەوە، تاوانی ساڵح بەدرخان هەمیشە بۆ نەتەوەی کورد بوو، بۆ مەبەستەکەی تێکۆشاوەو هەوڵی پێشخستنی داوە بەهەرجۆرێک بێت، بۆیە ساڵح بەدرخان دەست دەداتە کاری ڕۆژنامەنووسی و گەلێک نووسینی سەبارەت بە واری کورد بڵاودەکاتەوە. لەوڵاتی شام ساڵح بەدرخان تووشی بێکاری و نەهامەتی ڕۆژگاری جەنگی یەکەمی جیهانی دەبێت و باری ژیانی سەخت دەبێت و بەناچاری دەست دەداتە کارکردن لە گرتووخانەی قەلعەی شامێ و سەد مخابن تووشی نەخۆشی گرانەتا دەبێت و لە ۳۰ی ئاداری ۱۹۱۵ ماڵئاوایی لەژیان دەکات، کە لەوکاتەدا تەمەنی ڕەوشەن بەدرخان هێشتا نەببووە شەش ساڵان، ئیدی سامیەخانمی دایکی ڕەوشەن بەدرخان دوای مردنی ساڵح بەدرخان هەم دەبێتە دایک بۆ منداڵەکانی و هەم باوک.
ڕەوشەن بەدرخان کە لە ۱۹۰۹/۷/۱۱ لە دەربەدەری و دروو خراوەیی لەشاری قەیسەرییە لە ئەنادۆڵی ناوین لەدایکبوو، دایکی سامیە خانمی کچی بەدری پاشای کوڕی میر بەدرخان بوو، باوکیشی ساڵح بەدرخانی کوڕی محەمەد ساڵحی برای میر بەدرخان بوو.
کاتێ ڕەوشەن بەدرخان تەمەنی دوو ساڵان دەبێ دەگەڕێنەوە ئەستەنبۆل و پاش چوارساڵی دیکە ئەمجارەیان بەدرخانییەکان لە ئەستەنبۆل دوور دەخرێنەوە، ساڵی ۱۹۱۳ ئیدی ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەند و ئەفریقیادەبن. لە وڵاتەکانی میسر، لیبیا، سوریا و لوبنان، ئەوەبوو ساڵح بەدرخان باوکی ڕەوشەن خانم دەکەونە شام و لە گەڕەکی سالحیە دادەنیشن. بۆیە ڕەوشەن بەدرخان لەشام لە قوتابخانەی تەرەقی دەست بە خوێندن دەکات و پاشان خوێندنگای مامۆستایی دەخوێنێ و ساڵی۱۹۲۵ بە مامۆستای زمانی عەرەبی دادەمەزرێت، ئینجا خۆی فێری زمانی تورکی و فەرەنسی و ئینگلیزی دەکات و پاشان لەشاری کەرک لە ئوردن دەبێتە مامۆستای ئەو زمانانە، کە ئەوکات ئوردن و سوریا یەکگرتوو بوون، بۆیە ماوەی"۳"ساڵ لە ئوردن دەمێنێتەوەو ساڵی ۱۹۲۸ دووبارە دەگەڕێتەوە شام و لەسەر کاری خۆی بەردەوام دەبێت، تاکو ساڵی ۱۹۳۵ ئینجا تاکو ساڵی ۱۹٦٤ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەبێ.
ڕەوشەن بەدرخان لە بەرایی ساڵی ۱۹۲۹ شوو دەکات بە کابرایەکی عەرەبی خەڵکی سوریا ناوی"عومەر مالیک"دەبێت و لەو پیاوە کچێکی دەبێت بەناوی"ئوسەیمە"و پاش چەندان ساڵ بەیەکەوە دەژین و پاشان کۆتایی بە ژیانی هاوسەرێتیان دێت و کچەکەشیان شوو دەکات بە"زوهەیر عالی ئاغا زلفۆ"و لەگەڵ دایکی خۆی بەیەکەوە دەبن و ئوسەیمەش لەوپیاوە سێ کچی دەبێت و ناویان دەنێن"شیرین، نەسیرین، ڕەوشەن" ئیدی لەشاری قاهیرە ژیان بەسەر دەبەن.
ساڵی ۱۹۲۹ میر جەلادەت بەدرخان لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە شام و لەوێ ئاشنایەتی دەبێت لەگەڵ ڕەوشەن بەدرخان و پاش شۆڕشی ئاگری و دەرچوونی گۆڤاری هاوار لە ۱۹۳۵/۲/۲۲ ڕەوشەن بەدرخان شوو دەکاتەوە بە جەلات بەدرخان، کەوا میر جەلادەت دەبێتەوە ئامۆزای دایکی خۆی. ئەمجارە ڕەوشەن بەدرخان کوڕێک و کچێکی دەبێت بەناوی"سینەم خان و جەمشید".
سینەم خان هاوسەرەکەی سەلاح سەعدوڵڵابوو، ئەوانیش کچێک و کوڕێکیان دەبێت بەناوی"دڵناز و ئازاد"هەرچی جەمشید بەدرخانیشە کوڕێک و کچێکی دەبێت"کورد و ئەڤین"...
ڕەوشەن بەدرخان ساڵی۱۹۳٤ لە وڵاتی سوریا دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی یەکێتی ژنان، ساڵی ۱۹٤٤ بەناوی ژنانی سوریا بەشداری لە کۆنگرەی ژنانی جیهان لەوڵاتی میسر دەکات.
ساڵی۱۹۵۷یش لە وڵاتی یۆنان کۆنگرەیەکی دژ بە کۆلۆنیالیزم سازدەدرێت و ڕەوشەن بەدرخان ئامادە دەبێت و ئاڵای کوردستان بەرز دەکاتەوە، کە هەمان ئاڵای ئێستاکەمانەو ژمارەی تیشکەکانی خۆرەکەی"١٦"تیشکە، شایانی باسە لەو گۆنگرەیەدا لەلایەن مەیشل عەفلەقی دامەزرێنەری حیزبی بەعس ئاستەنگیان دێنێتە پێش، بەڵام ڕەوشەن بەدرخان کۆڵنادات و بەناوی کوردستان بەشدار دەبێت و ئاڵاکەشی بەرز دەکاتەوە، کە ئەو ئاڵایە ئێستاش ماوە لەلایەن کچەکەی خۆی سینەم خانە. دیارە ئەوەش یەکەمین جارە ئاڵای کوردستان لە کۆنگرەیەکی جیهانی وادا هەڵبکرێت و ڕەوشەن خانم بە هەموو هێزی خۆی دژی داگیرکاری فەرەنسا وەستاوەو پشتگیری گەلی فەلەستینیشی کردووە، هەروەها چەندان نووسین و وتاری لە گۆڤارە عەرەبی و کوردییەکاندا بڵاوبۆتەوە.

**ژیانی ڕۆشنبیری ڕەوشەن بەدرخان:**
ژیانی ڕەوشەن بەدرخان ئاوێنەی ژیان و هەوڵەکانی میر جەلادەت بەدرخان و بنەماڵەی بەدرخانیان بوو، ڕەوشەن خانم ئەڵقەیەکی پەیوەندی نێوان مێژووی کۆن و مێژووی نوێی میللەتی خۆی بووە، مێژووی دێرینی دووردرێژی باب و باپیران و سەدان ساڵەی کوردستانی کردۆتە بەر ژیانی خۆی و بۆیە مێژووی ئەو کەڵە ژنە هیچی کەمتر نییە لە مێژووی باب و باپیرانی، بەتایبەتیش دوای کۆچکردنی میر جەلادەت لە ژیانێکی سەختدا گوزەری کردووە، هەروەکو زانراوە لەپشت هەر پیاوێکی مەزن ژنێکی مەزن هەیە، بەڵێ ڕەوشەن خانم پشتگیری هەرە گەورەی میر جەلات بەدرخان بوو، بەتایبەتیش لەبواری ئامادەکردن و ڕێکخستنی پەرتووک و گۆڤار و هەر داهێنراوێکی میر جەلادەت، سەرەڕای ئەوەش نووسەرێکی گۆڤاری هاوار بووە، لەژمارە"۲۷"ی گۆڤاری هاواردا ڕەوشەن خانم نووسینێکی هەیە بەناوی"کابانی و مامۆستا" کە تیایدا دەڵێ:"ئەو پیاوانەی دەسەڵاتی میللەتی خۆیان دەگرنە دەست، ئەوا ئەوانەن هێز لەدەستی ژنان وەردەگرن، لەوبارەیەوە گوتەیەک هەیە: کرمێ شیری هەتا پیری".
ڕەوشەن بەدرخان کاری ژنان هەر لە ماڵداری و بەخێوکردنی منداڵان نابینێ، بەڵکو کاری ژنان لە پەروەردەکردنی منداڵان و سەرمەشقیدان و بەرەنگاری نەخوێندەواری دەبینێ، بێگومان لەخەباتی پەروەردەیی ڕۆڵی وڵاتپەروەری و بەرخودانی لەبیر نەکردووە، کە بەرامبەر ڕۆڵەکانی کورد دەڵێ:"کەسەکانی منی دەلال هەروەکو خۆتان دەزانن دەردی میللەتی ئێمەی مەزن و زۆرلێکراو نەزانینە، نەزانی نەخۆشییەکەو دەرمانەکەی زانینە، نەتەوەی خاوەن حکومەت و یاسا ئەو نەخۆشییە لە نەخۆشخانەی تایبەت دەرمان دەکەن، کە بەو نەخۆشخانەش دەگوترێ خوێندنگەو مامۆستاکان پزیشکی ئەو نەخۆشخانانەن".
ئێمە دەتوانین بڵێین ڕەوشەن خانم بە تێکۆشان و نووسینەکانی خۆی لەبواری کێشەی ئافرەتاندا کەسێکی چالاک و بەتوانا بووە، ڕەوشەن بەدرخان لە وتارێکیدا بەناوی"ژن و بەختیاریا ماڵ" کە لە ژمارە"۲۸"ی گۆڤاری هاواردا نووسیویەتی:" زۆر ژن هەن وا بیردەکەنەوە خۆشگوزەرانی ماڵەوە بەپارەو دەوڵەمەندییە، بەڵام وانییە ئارامی و بەختەوەری خێزان تەنیا بە پارەو پوول و سامان نییە، کەسانی وا هەژار هەنە بەختەوەرییەکەیان لە کۆشکی دەوڵەمەندەکان باشتر و چاکتر، خاوەن بڕیار و هەڵوێستی خۆیانن". لێرەدا ڕەوشەن بەدرخان دەیەوێ ئەوە فێری ئافرەتی کورد بکات، کە خۆشگوزەرانی بە سامان و تەلار و پایە نییە، بەڵکو گوتەی خۆش، کاری چاک، وردبوونەوەو دانووستان، هەوڵ و خەبات بۆ میللەتی خۆی خۆشی ژیانە.
ڕەوشەن خانم ساڵی ۱۹۵٦ لەگەڵ


ڕەوشەن خان، کۆنفرانسی ژنانی میسر ۱۹٤٥


ڕەوشەن خان، سینەم خان و جەمشید، شام ۱۹۵۷


میر جەلادەت، ڕەوشەن خان، شەریف ڕاکان، قودرەت، سورەیا بەدرخان

## رای پێشوەخت

ماوەیەک لەمەوبەر، پرسی تێکەڵبوونی کوڕان و کچان لە ناوەندەکانی خوێندن لە وڵاتی عەرەبستانی سعودیدا، بە تایبەتی لە زانکۆکان خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لەبەرامبەر ئەو پرسەدا وەزارەتی "ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە" ی حکومەتی سعودیە بێ قەید و شەرت ئەو باسەی ڕەتکردەوە و دژایەتی خۆی بۆ ئەو پرسە ڕاگەیاند کە هەندێ لە زانایانی ئایینی و مامۆستایانی زانکۆ و نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی دانیشتووی عەرەبستانی سعودیە وروژاندبوویان. جگە لەوەش ئەمەیان بە دەستێوەردانێکی دەرەکی و ڕۆژئاوایی پێناسەکردو، داکۆکیکارانی ئەو باسەشیان بە فاسد و لە ئایین دەرچوو لێکدایەوە. ئەم تەوەرەیە تەنها بە وروژاندنێکی سەرپێیانە سەیر نەکرا، بەڵکو میدیاکانی عەرەبی، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بەباڵی ریفۆرمخوازەکانی ناوەوەی عەرەبستانی سعودیان. ڕاستەوخۆ بەبایەخەوە سەیری پێشهاتەکانی ئەو پرسەیان دەکرد. لە ئەنجامدا چەندان بەرنامە و دیدار و رای گشتی جەماوەریان لەسەر بونیاد نرا. لە کۆی ئەو کەسانەی کە را و سەرنجیان لەبارەی ئەو پرسە دەردەبڕی دابەشببوون بەسەر سێ جۆر، جۆرێکیان بەتەواوی ڕەتیدەکردەوە و بێ پێچ و پەنا بە دژە ئایین و کۆمەڵگەی موسڵمانان و بڵاوبوونەوەی فەسادی لە عەرەبستانی سعودی لێکیدەدایەوە. ئەو گروپە پێکهاتبوون لە دەسەڵاتدارە ئایینیەکان و مەحافزکار و توندڕەوە وەهابی و سەلەفیەکان کە بەردەوام دژایەتی خۆیان بۆ هەر کرانەوەیەکی تازە لەبارەی پرسی ئایین و کۆمەڵگە و ژیانی مەدەنی بۆ ئەو ناوچەیە ڕاگەیاندووە. جۆری دووەمیان پێکهاتبوو لە کەسانێک زۆر جیاوازتر لەوەی یەکەم


دڵزارحەسەن

و سێهەم بیر دەکاتەوە، ئەم توێژە نوێیە دیوێکی دیکەی کێشەکە دەبینن و خوێندنەوەی بۆ دەکەن، بۆیە پێیانویە جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردندا هەرچەندە لەلایەک خزمەت بە ئایین و نەریتی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەکات، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دیاردەیەکی قێزەونی دیکەی گەشە پێکردووە کە زۆر لەوەی یەکەم مەترسیدارترە. بەدەردی کورد گوتەنی "عوزری لە قەباحەت خراپترە" واتە ئەم دیاردەی ئەو چینە باسی لێوە دەکەن دیاردەیەکە چ لە ڕووی ئایین و کۆمەڵایەتیەوە چ لە ڕووی پەروەردە و تەندروستیەوە گەلێک لە جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە خوێندنگاکان ئاڵۆزتر و پڕ کێشەترە. بێگومان ئەمەش دیاردەی نێربازییە کە بەهۆی تێکەڵنەبوونی کوڕان و کچان و دوورخستنەوەی ئەو دوور ڕەگەزە لەیەکتری و نامۆبوون بە ڕەگەزی بەرامبەر، لە زۆرێک لە ناوەندەکانی خوێندن و تەنانەت لە شوێنانی دیکەی عەرەبستانی سعودی، ئەو دیاردەیە هەستی پێدەکرێت و بەڵکو بە وتەی کۆمەڵناسان و مامۆستایانی زانکۆ شارەزایانی پەروەرە و فێرکردن لە سعودیە پێیانوایە خەریکە ڕۆژ بەرۆژ دیاردەی نێربازی گەشە دەکات و چاوەڕێی دەکرێت ببێتە زاهیرەیەکی ئەها کە دواجار نەتواندرێت بەری لێبگیرێت، بۆیە بەشێکی زۆر لە روناکبیر و ئایینزا و خوێندەوارەکانی ئەو وڵاتە ئەو لێکۆڵینەوەیە بە هەند هەڵدەگرن و مەترسی بڵاوبوونەوەی نێربازی کە لە غیابی دوورخستنەوەی کچان و کوڕان لە ناوەندەکانی خوێندن هاتۆتە ئاراوە بە کارێکی دژوار خوێندنەوەی بۆ دەکرێ، بە تایبەتی بۆ سەر ناوچەیەک کە بە ناوەندی کۆکردنەوەی موسڵمانان و قەراراتی ئایینی ئیسلام دادەندرێت. بێگومان چینی سێهەم لە نێوان هەردوو بۆچووندا هاتۆتە سەر ئەو بڕیارەی کە دەبێ لە ناوەندەکانی خوێندندا، بەتایبەتی لە زانکۆکانی ناو عەرەبستانی سعودی کچان و کوڕان تێکەڵ بەیەکبکرێن، بۆ خاتری ئەوەی بەر لە باهۆزی نێربازی بگیرێت لە عەرەبستانی سعودیدا. دیارە ئەم باسە بۆ وڵاتێکی وەک عەرەبستانی سعودیە ئاساییە کە هێشتا باوەڕیان بەوە نەبێت کە کچان و کوڕان لە ناوەندەکانی خوێندندا تێکەڵ بەیەک بکرێن، بەڵام بەداخەوە لە کوردستاندا هەندێک لەوانەی هێشتا بە فکری کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست دەنوارنە پەیوەندی ئەو دوو ڕەگەزە و بە نیازن لە یەکتری دووریان بخەنەوە.

# عەبدوڵڵا پشدەری: بارزانی نەمر هەرگیز نرخی بۆ پارە دانەدەنا


عەبدوڵڵا پشدەری

لە ساڵی ١٩٧٣ زەلامێکی "ئاکرەیی" بە ناوی نازم هەستا ژنی مرۆڤێکی باڵەکایەتی بە ناوی "هەمزە" تەفرەدا و لەگەڵ خۆیدا بردییە شاری "موسڵ" ماوەی دوو مانگ بەیەکەوە لەوێ مانەوە، مێردی ژنەکە "هەمزە" ناو شێت و هاربوو، پەنای بۆ سەرۆک بارزانی نەمر برد، ئەویش فەرمانیدا کە دەبێ ئەو کابرا"ئاکرەییە" بدۆزرێتەوەو هەر چۆنێک بێت بکوژرێت تاکو ببێتە دەرس بۆ هەموو خەڵک، ئیتر زۆری نەبرد کابرای ژن هەڵگر خوای گەورە سەری لێ تێکدا، بە نهێنی گەڕایەوە گەلاڵە و دەستگیر کراو بەپێی "ئەحکامی شەریعەت" دادگا و ئیعدام کرا، هەمزەش گەڕایەوە سەر حاڵەتی ئاسایی خۆی و شێت بوونەکەی چاک بۆوە، پاشان ژنەکەش لە "موسڵ" دۆزرایەوە هەر بە هەمان شێوە چارەسەرکرا، ئینجا ئەگەر حەز بکەم من دەتوانم بەدەیان بەڵگەی لەو شێوەیە پیشان بدەم، کە هەمووشی خۆم ئاگاداریم لەسەریان هەیە، ئەوەبوو بارزانی نەمر هەمیشە داکۆکی لەسەر پاراستنی "ئەخلاق" دەکرد و هەرگیزاو هەرگیز چاوپۆشی لە "فەسادی ئەخلاقی"نەدەکرد، تا زۆر جاران خۆم لێم دەبیست، دەی فەرموو هەر وڵاتێک لە وڵاتەکانی "ئیسلام" فەسادی ئەخلاقی لە ناویدا بڵاوبۆوە حەتمەن ئەو وڵاتە بەرەو نەمان و فەوتان دەڕوات، هەمیشە دەی فەرموو بزانن ئێمەی کورد هەرگیز بەچەکی گران و ژەهراوی دوژمن لە ناو ناچین، تەنیا ئەوەی کە ئێمە لە ناو دەبات دوو شتە.

یەکەم: "فەساد" بە هەموو شێوەکانەوە ئیداری، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی.

دووەم: لە خۆبایی بوون "غرور".

بارزانی نەمر هەمیشە و لە زۆربەی دانیشتنەکانیدا ئەو وتەی دووپات دەکردەوەو بە کارێکی زۆر مەترسیداری دەزانی، بەڵام بە داخەوە ئێستا نەک هەر هیچ کەسێک گوێی خۆی بۆ ئەو پەندو ئەندەرزی بارزانی نەمر شل ناکات، بەڵکو بۆتە دیاردەیەکی ئاشکراو بەتەواوی تەشەنەی کردووە، هەر لە سەرەوە بۆ خوارەوەو ئیتر دووبارە بە داخەوە.

دەربارەی دیانەت"ئاینی پیرۆزی ئیسلام": سەرۆک بارزانی نەمر، جگە لە نوێژو ڕۆژوو و بەجێهێنانی گشت ئەرکەکانی ئایینی ئیسلام هەمیشە پەناو پشتیوانی هەژار و لێ قەوماوان بوو، زۆر دەستی خەڵکی داماوو فەقیری دەگرت، بە تایبەتی کوڕەکانی خۆشی کاک ئیدریسی ڕەحمەتی و کاک مەسعودی ڕاسپاردبوون، کەوا لە بارەگای کاری ڕۆژانەیاندا هەر چەندی لەتوانایاندا هەیە دەستی یارمەتی بۆ"مراجعین"ی هەژار درێژ بکەن و کەسیان بە نائومێدی نەگێڕنەوە دواوە، هەروەها زۆریش پارەی خەرج دەکرد بۆ"مەلاو فەقێ" لە مزگەوتەکان، زۆر مزگەوتی کۆنی تازە دەکردنەوە چ لە شارۆچکەکانی ژێر دەستی شۆڕش و چ لە گوندەکاندا، بارزانی نەمر هەمیشە لەو باوەڕەدا بوو، کە دەبێ "دیانەت و سیاسەت" بە موازاتی یەکتر بڕوات و لێک جیاواز نەکرێتەوە، هەر لە سەر ئەو بیروبۆچوونەشی بوو، کەوا "یەکێتی زانایانی ئیسلامی" پێکهێنا، وەکو "حزبێکی ئایینی" لە کوردستاندا و بارەگایەکەشی لە شارۆچکەی گەلاڵە بە بودجەیەکی باشەوە بۆ دانان، مەبەستی بارزانی نەمر لێرەدا ئەوەبوو، کەوا هەموو مەلایەکانی کوردستان بەتێکرایی پشتی شۆڕش بگرن، لە وتارەکانی خۆیاندا هانی بۆ ڕاپەڕین و جیهاد لە دژی دوژمنانی داگیرکەر موسڵمانان بدەن.

**دەربارەی ئەمانەت:**

بارزانی نەمر هەمیشە خاوەنی بەڵێن و پەیمان بوو، هەرگیز بەڵێنەکانی خۆی نەدەشکاندن و تا دوژمنەکانی خۆشی باوەڕیان بەوە هەبوو، کەوا بارزانی خاوەنی "بەڵێن و پەیمانە"بۆ بەڵگەش ئەوەبوو چەندین جاران لە کاتی وتوێژو ئاگربەستەکاندا، کەوا لەگەڵ حکومەتەکان عێراقیدا دەکران، سەرۆک بارزانی نەمر بەڵێنی پێدەدان، کە "ئیداراتی محلی" ئەگەر بگەڕێنەوە جێگاکانی خۆیان، هەر کاتێکیش شەڕ دەستی پێکردەوە، ئەوا هەموو فەرمانبەرو مووچە خۆرەکانیان بە کەلوپەلی "تجهیزاتی" خۆیانەوە بنێرێتەوە بۆیان، بێگومان چەند جاران ئەو کارە دووپات کرایەوە، ڕێگەی نەدا کەوا کەمترین زیانیان پێ بکەوێت، جگە لەوەش سەرۆک بارزانی گیانی تۆڵەسەندنەوەی نەبوو لە دژی دوژمنانی خۆیدا، ئەگەر یەکێک یاخود کۆمەڵێک بە دەیان ساڵ بەربەرەکانێی ئەویان بکردبایە، هەرکات کە دەیان ویست بگەڕێنەوە لای هەر بە بێ سێ و دوو، دەی بەخشین و ڕێزیشی لێ دەگرتن، هەر بۆ وێنە پاش چەند جاران خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و هەڤاڵەکان، واتە مەکتەبی سیاسی کۆن هەرکات دەگەڕانەوە لای خۆی، ئەوپەڕی ڕێزی لێدەگرتن، بەڵام ئەوەش هەبوو کە ئەگەر یەکێک خیانەتی لێ کردبایە، هەر چەندە کەوا دەشی بەخشی، بەڵام زۆر بە ئاسانی "متمانە"ی پێ نەدەکرد، هەمیشە دەی خستە ژێر چاودێری.

**دەربارەی بەخشندەیی"سەخاوەت":**

بارزانی نەمر هەرگیز نرخی بۆ پارە دانەدەنا، دەتوانم بڵێم ئەگەر حاتەمی تایی یەکەم نەبووبێت "حاتەمی" دووەم بوو، من خۆم زۆر جاران لە ساڵەکانی ١٩٦٢تا ١٩٦٤ کەوا لەگەڵیدا بووم، لەو ماوەیەدا دیتوومە، کە پارەی لە خەڵکانی خاوەن پارە قەرز دەکرد، هەمووشی بۆ خەڵکی بەبێ هەموو حیساب و کیتاب خەرج دەکرد، خۆی هەرگیز پارەی هەڵنەدەگرت، هەرنەشی دەزانی بیژمێرێت و بزانێت چەندە، ئەوەی ڕاستی بێت سەرۆک بارزانی نەک هەرخۆی پارەپەرست نەبوو بەڵکو زۆر ڕکیشی لە مرۆڤی پارەپەرست و خۆپەرست دەبۆوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەگەڵ بارزانی نەمردا ئیشیان بکردبایە، نەدەبووایە چاویان لە پارە و پوول بێت. ئەگینا دەخرانە ناو لیستی ڕەشەوە، لە لای سەرۆک بارزانی جێگایان نەدەبۆوە.

**دەربارەی نەزاهەت:**

"نزاهەت" زۆر لایەنی هەیە، بگرە هەر لە دەستپاکی و داوێنپاکی و خوو ڕەوشتی باش و دڵپاکی و تاد. ئینجا سەرۆک بارزانی لەوەدا هیچ وێنەی نەبوو، دەتوانم بڵێم زۆر لە شێخەکانی هەرە بەناوبانگی خاوەن "تەکییەو خانەقا" بەرەو ژوورتر بوو، بگرە بە چاکسازێکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە دەژمێردرا، چونکە هەمیشە ئامۆژگاری خەڵک و دەوروپشتەکانی خۆی دەکرد، کەوا لە "فەسادی ئەخلاقی" نزیک نەکەون تا خۆم ناوی چەند کەسێکم هەر لەبیرماوە لەسەر بێ ئەخلاقی و کردەوەی ناشیرین دەکەوتنە ژێر ڕق و تووڕەیی مەلا مستەفا، هەر بەیەکجاری لە ڕیزی شۆڕشی دەکردنە دەرەوە و پێشی دەوتن بڕۆن بۆ لای دوژمن، ئەوەی کەوا لێرە کردووتانە لای دوژمنیش بیکەن، من لێرەوە بۆتان بە خزمەت حیساب دەکەم، ئەوە بوو سەرۆک بارزانی نەمر هەرگیز چاوی لە مرۆڤی خراپ نەدەپۆشی "سیاسەتی ترجیە"ی بەکار نەدەهێنا و چاک و خراپی تێکەڵاوی یەکتر نەدەکرد "سزا و پاداشتی" هەبوو، هەردووی لە کاتی خۆیدا بەکار دەهێنان، هەر ئەوەش بوو کەوا لە زەمانی بارزانی نەمردا کردەوەی خراپ وەکو"دزی، ڕێگری، بێ ئەخلاقی" ببڕا و ببڕا نەمابوون و یەکێک لە بەڵگەی زیندوو "شارۆچکەی گەلاڵە" کە ببوو بە سەنتەری بازرگانی و شەوانە بە هەزاران کەلو پەلی بەنرخ لە تارانەوە دەهێنرایە ناو بازاڕەوە، بەبێ ئەوەی کەوا هیچ پاسەوانێک هەبێت، دیسانەوە لە گوندەکانیش یەکێک نەبوو، کە بڵێت من ئەو خەراپەیەم لەگەڵدا کراوە، بەهەرحاڵ شۆڕشی ئەیلوول قوتابخانەیەک بوو کەوا لە ژێر چاودێری و ئامۆژگاری سەرۆک بارزانیدا بەڕێوەدەچوو، هەموو "دەرس" وانەکانی تێدا خوێندران، دەتوانم بڵێم ئەوکاتە "هەڵێکی زێڕین" بوو بۆ کورد هاتبووە کایەوە.

بەشی بیست و پێنج

# عەلی حەسەن مستەفا: باڵی م.س جێ چاوی ئێمەمانان بوو


عەلی حەسەن مستەفا

زۆر ڕۆژی سەخت و تاڵ و پڕ کارەساتمان کەوتۆتەڕێ، زۆر لە جارەکان وا بووە لە چلەی هاویندا لە چیای(قەرەچوغ)، کە بەچیای(بڵباس)ناسراوە لەبەیانی تا ئێوارە ئاوم نەخواردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش توانیومانە زۆر خۆڕاگرانە و بێ گوێدانە مەینەتییەکانی ژیان لەگەڵ ئەو هەموو تووند وتیژی و تاڵییەشدا هێزێک نەبوو بمانبەزێنێ، ئەو ناخۆشیانەی، کە باسیان دەکەم لەوەش ناخۆشتر و تاڵترمان بینیوە، لەوانەش کۆتایی ساڵی١٩٧٤، کە شۆڕشەکەمان بەرەو نەمان دەچوو دیسان گرانایی و قورسایی کەوتبووە سەر پێشمەرگە دڵسۆز و کادیرە سەربەرزەکان، ئەوکاتە بوو کە ڕژێمی عێراق هێرشی هێنایە سەر زنجیرە چیاکان و قۆپکی خانزادی داگیر کردو لەوێوە پەیتاپەیتا سەرچیا وسەرچیا هات تاگەیشتە ئاوی ماکۆک و داگیری کرد، هێزەکانی ئێمەش هەر لەسەر ئەو زنجیرە چیایە مابوون، کە لە(بێتواتە و بێکێل و هەرتەل)لە قۆپکی خانزادەوە کە هێزی ڕژێمی لێبوو بەرەو ڕووی یەکتر دانیشتین، هەردوو بەرەی شەڕ ڕووبەڕووسەنگەرمان لەیەکترگرت تاگەیشتینە مانگی(١٩٧٥/١٢)ئەو ناوچەی، کە هەردوو لای لێ بووین کوێستانێکی سەخت بوو، خواردنمان تەنها یەک سەمونی کۆن بوو، بەفرمان لەناو کتری چا دەتواندەوە لەگەڵ یەک دوو پیاڵە چایە دەمانخواردەوە، بەشەو و ڕۆژ ئەوە ژیانمان بوو، درێژایی چیاکە بەقەدەر(١٥کم)لەڕۆژهەڵاتی (قۆپکی خانزاد)بۆ ڕۆژئاوای گوندی(ساوسێوەکە)، ئێمە پارێزگاریمان لێ دەکرد و شەوانە کە جێگەکانمان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕییەوە لەبەر سەرماوسۆڵە مرۆڤ خۆی پێ نەدەگیرا، بەڵام ناچاری بوو دەبوایە شەو جێگای خۆمان بگرین لەترسی تۆپ بارانی ڕژێم، لەیەکێ لەو شەوانە چووین بۆ گۆڕینەوەی هەڤاڵانمان، کاتێک لەسەر چیای بێتواتە ماوەیەکی باش بەپێ ڕۆشتین لەناکاو پێم لەبنە گینی(جۆرێکی ڕووەکە)گیربوو هەردوو دەستم لەناو گیرفانمدابوو، کلاشنکۆفەکەش بەشانمەوە، سەر نشێو چوومە خوارەوە، سنگم بەر شاخێک کەوت، هەناسەم بڕاو بۆ ماوەیەک لە هۆشی خۆم چووم، بەڵام پێشمەرگەکانی لەگەڵمدا بوون بەرزیان کردمەوە و بردمیان بۆ پەنا شاخێک، بەهەموویان دەیان شێلام، لەگەڵ ئەوەی کەلەسەر بەفر درێژیان کردبووم نەش دەوێران ئاگر بکەنەوە، لەبەرئەوەی کەمترین تروسکایی ئاگر ببیندرایە ئەوا هێزەکانی دوژمن تۆپبارانی شوێنەکەیان دەکرد، ئەو شێلانە وەزعەکەی هێمن کردمەوە، ووردە وردە دەڕۆیشتین بۆ ئەو جێگایە، کەمەبەستمان بوو، ئەمشەوە یەکێک بوو لەناخۆشترین شەوەکانی ژیانم، چونکە ناوچەکە کوێستان بوو و ئاگر کردنەوەش شتێکی مەحاڵ بوو جا لەگەڵ ئەو هەموو ناخۆشیانەشدا، کە بۆتانم نووسیوە گەیشتینە ڕۆژێک، کە لە هەموو ڕۆژە ناخۆشەکان ناخۆشتربوو، ئەویش بڵاوە پێکردنی پێشمەرگە و چەک فڕێدان بوو، هەرەسێکی زۆر گەورە بوو بەهێزی تۆکمەی شۆڕش، چونکە پێشمەرگە ئامادە کرابوو بۆ شۆڕشێکی نەپساوە و هێزێکی پڕچەک و تفاق بووین و بڕێکی زۆر لە خواردن و جل وبەرگ لەکۆگاکاندا هەبوو، سەرەڕای هەبوونی پارەیەکی خەیاڵی ئەگەرچی بەشێوەیەکی ڕێک وپێک دابەش نەدەکرا و نەتواندرا سوودی لێ ببیندرێ تەنها لەبەرژەوەندی چەند کەسێک دابوو، کە خەڵک بە ڕوونی شتەکانی دەدی، بەڵام بوونی سۆزێکی زۆر بۆ پێشمەرگەو کوردایەتی وای کردبوو چاوپۆشی لەو مەسەلانە بکرێ، هێزەکانی پێشمەرگە سەرەڕای دووری لەو هەموو شتەی، کە باسم کرد، کەچی زۆر نەبەردانە بەرەنگاری دوژمن دەبوونەوە. بۆیە دەڵێم ئەم شتە شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو بەسەرمان هات، کە هەرگیز ئەو برینە سارێژ نابێت. لەو ڕابردووەی کە تێیدا دەژیام ئیتر بەرەی شەڕ لەچیای ماکۆک ١٧/تەموز دەستی پێکرد هێرشەکە تاگەیشتە مانگی١٢ شەڕوشۆڕی زۆر ڕوویدا لەنێوان پێشمەرگەو ڕژێم، لەهەردوولا زیانی زۆر گەورەی لێکەوتەوە، بەڵام زیانی پێشمەرگە زۆر کەمتربوو لە زیانی ڕژێم، بۆیە ڕژێم لەهێرش هێنان پەکی کەوت و وازی لەهێرش هێنا، هەر بەم شێوەیە لەو کوێستانە سەخت و ساردەدا بەرگریمان لەوڵات کرد تاگەیشتینە مانگی(٣)، هەواڵێکی تاڵ و ژەهراوی پێ ڕاگەیاندین وتیان عێراق و ئێران ڕێک کەوتوون، کە ئەگەر ئێمە تەسلیمیان نەبین بەهەردوو لا لێمان بدەن، ئەو پروپاگاندانەش لەناو سەرکردایەتی ئێمەدا هەبوو بۆ ئەوە پێشمەرگەکانمان بترسێنن و چەک فڕێ بدەن، ئەوەبوو هەرکەس لەئاستی خۆیەوە دەستی کرد بە فڕێدانی چەک بەرەو سنورەکان ملی ڕێیان گرت و کۆتاییان هێنا بەشۆڕشی ئەیلول، کۆتایی هاتنی شۆڕشەکەش تاوانەکەی ملی سەرکردەکانمان دەگرێ و ئۆباڵی مێژوویەئەستۆی ئەوانەوەیە، چونکە هیچ بەربەربەستێکیان دانەنا، خۆیان نەکرد بەخاوەنی شۆڕشەکە.

**ساڵی١٩٦٩ مانگی شەش**

من لەگەڵ باڵی بارزانیدا بووم، کە ئەو لێپرسراویەتیانەم زۆر سەرکەوتووانە بەئەنجام گەیاند، پاش ئەوە بەچەند مانگێک من و دەستەکەم گەڕاینەوە باڵی مەکتەبی سیاسی، جا لێرەدا دەمەوێ هۆکاری گەڕانەوەکەم بۆ دۆست و هاوڕێیانم ڕوون بکەمەوە، دوای ئەوەی شەڕی سەفین لەساڵی ١٩٦٥ لە هێرشە شەش قۆڵییەکەی دەشتی کۆیە من و مەلا عومەر لە ناو میللەت و پێشمەرگەدا خۆشەویست و حورمەتێکی زۆرمان هەبوو، بۆیە داوایان لێ کردین، کە لەناو ڕێکخستنەکانی پاراستندا کار بکەین، دواجاریش کاک مسعود بارزانی بۆ هەمان مەبەست بانگی کردین و پێی باش بوو ئەو ئەرکەمان پێ بسپێرێت، ئێمەش قبوڵمان نەکرد، لەبەر ئەوەی لەکاری سیاسی و حزبیدا هیچ درێغیمان نەکردبوو و بێ فرت و فێڵ تەیار و ئامادەبووین بۆ هەموو کارێکی حزبی لە پێناو خزمەتی کوردەواریدا، ئەرکی سەرشانی شۆڕش و میللەتمان بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەبرد، دەزانی کە پاراستن کاریگەری حکومەتی ئێرانی لە سەرە بەو ڕەوتە کار دەکات و سەر بە ساواکن، بۆیە بەمە ڕازی نەبووین، لەبەر ئەوە بەشی پاراستن لە هێزی دەشتی هەولێر گومانیان لە ئێمە پەیدا کرد و بووە هۆی ئەوەی بمانگوازنەوە بۆ ناوچەی ڕانیە و ڕەواندز، خۆم پێم وابوو تەنها ئەمە بوو کاریگەری هەبوو لەسەرمان، چەند مانگێک ماینەوە پاشان گەڕاینەوە دەشتی هەولێر، لەوێوە دیسان من بۆ ناوچەی پیرەر گواسترامەوە بە یاریدەدەری ئامر بەتالیۆنی سێ، لەوێدا لەگەڵ ئەحمەد حاجی عەلی گرژی کەوتە نێوانمان لەسەر ئەوەی کە چوارکەس کە جاش بوون بەکاغەزی من پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو، پاشان لەسەرکردایەتی بارزانییەوە داوایان کردم و ماوەی مانگێک دەست بەسەر کرام لە گەلاڵە و چۆمان، بەڵام ڕاپۆرتی تەواوم پێ بوو لەبارەی جاشەکان، ئەوەبووە هۆی ئازاد بوونم و گەڕانەوەم بۆ گوندی پیرەر، کە ئەو کات لێژنەی ناوچەی جوتیاران بارەگایان لە گوندی شاخە پیسکە بوو، منیش سەردانم کردن و پێم گوتن: ئێوە لەم مانگەدا هەڵبژاردنتان هەیە دەمەوێ ڕێگام بدەن خۆم کاندید بکەم، ئەگەر ئێوە پێتان خۆش بێت، ئەوانیش گووتیان زۆرمان پێ خۆشە بەشداری بکەیت، چونکە خۆت دامەزرێنەر و بزوێنەری ئەو لێژنەیە بوویت، ئیتر وردە وردە تا گەیشتینە ٥/١٥ی ئەو ساڵە، کە لەو ڕۆژەدا کۆنفرانسەکە دەستی پێ کرد لە گوندی سماقولی، من لە ماڵی کوێخا (عەبدەی سماقولی ) میوان بووم، نووسراوێکم ڕەوانەی ژووری کونفرانسەکە کردو ئاگادارم کردنەوە کە خۆم هەڵدەبژێرم . دوای نیو سەعات فارس باوە و عەلی هەژار هاتن و بەخێر هاتنیان کردم، گووتیان بۆ کارێک هاتووین بۆ لات و تەکلیفێکمان هەیە لە جەنابت بۆیە نابێت قسەمان بشکێنیت، گووتم فەرموون، گووتیان پێمان باشە خۆت کاندید نەکەیت، گوتم بۆ؟ گوتیان ئێمە کە هەڵبژاردنەکە تەواو بوو دەتکەینە لێپرسراوی ناوچە، گوتم نەخێر حەز دەکەم خۆم هەڵبژێرم بە مافی خۆم ئەگەر دەرچووم ئەوەی بەدەستی دێنم ئەگەر ناش گلەییم لە هیچ کەسێک نییەو نابێت، چونکە من لەلایەن خۆمەوە دڵنیا بووم لە دەرچوونم، ئەوانیش حەزیان نەدەکرد، لەبەر ئەوەی من پاراستن نەبووم و ببم بە لێپرسراوی ناوچەی جوتیاران دەوری کاریگەرم هەبێت لە ناوچەکە، چونکە وەک لە پێشووتر ئاماژەم پێ کرد ڕۆڵی بەرچاوم هەبوو لە ناوچەکەدا لە وشیارکردنەوەی خەڵک و جەماوەر و جوتیاران، ئەمەش وای کردبوو لەگەڵ ئەو هەموو دۆستەش بەشی خۆمان دوژمنمان هەبێت، لە دوا پێداگرتنیان بۆم دەرکەوت کەوا ڕێگەم نادەن بە هیچ جۆرێک بچمە هۆڵی کۆنفرانس، هەوڵەکانم بێ هودە بوون، بۆیە بەناچاری ڕوخسەتم خواست و گەڕامەوە گوندی پیرەر، لەوێش لەگەڵ دەستەکەم گواسترانەوە بۆ ناوچەی دیدەوانی کۆیە بۆ بەتالیۆنی دەشتی هەولێر، ئەو باوەڕەم لا دروستبوو، کەوا ناتوانم کاری حزبی بەئەنجام بگەیەنم لەبەر ململانێ و ڕق و کینە، هەر لەبەرئەوە بڕیارم دا دوای ڕاوێژ کردن لەگەڵ دەستەکەم بگەڕێینەوە ناو باڵی م . س، بڕوام وابوو خزمەتی شۆڕش و کورد لەلایەن ئەوانەوە کاروانەکەی کاریگەرترو بەهێزتربوو وجێ چاوی ئێمە مانان بوون، کە هەموو هەوڵ و تێکۆشانمان بۆ گەیشتن بە تروسکەی ئازادی بوو. باوکیشم بەڕەحمەت بێت سەردانی کردم پێی گوتم کەوا شێخ لەتیف زۆر سڵاوی هەیە بۆت و زۆر حەزی دەکرد، کەوا تۆش بگەڕێیەوە ناو باڵی م . س، منیش بەڵێنم دا بە باوکم، کە دەگەڕێمەوە، تا سەرەتای مانگی شەشی ١٩٦٩ لەگەڵیان ماینەوە تاکو بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە ناوچەی قوشتەپە توانیمان درێژە بە خەباتی سیاسی و جەماوەری بدەین، خزمەتی خەڵک و یارمەتی داماو و لێقەوماوان بکەین .

بەشی بیست و هەشت

## تەنز

تازە سمێڵم گووگرە ببوو، تازە هەڵدەچووم، هەرزەکارێکی چەتوون و بزێو، هەرهێندە مەراقم لەشتێک بدابایە هەر هێندە ڕکەم لەشتێک بدابایە، ئیدی وەکو قیرو بنێشت پێیەوە دەنووسام. نەمام ئەو کچە ناسک و نازدارو بەژن زراڤە بوو لە ژیانمدا بۆ یەکەمجار لە ڕێی قوتابخانە بینیم و لە یەکەم تیلە نیگادا نەشتەر ئاسا دڵی پێکام، چاو ئەبڵەق، بەجۆرێ کەری کردم تاوەکو بە بەردەمیشم تێپەڕی نەمتوانی چاوی لێداگرم، ئەوە بوو ملم بە عاموودێکی کارەبا داداو لووتم پڕ خوێن بوو، لێرەوە لێم بووە مەراق، مادام بەهۆی ئەوەوە واملێهات، مادام خوێنڕژا، دەبێ تۆڵەی ئەو خوێنڕشتنەی لێبکەمەوە. تەنانەت تاوەکو ژمارە مۆبایلەکەیشم لە ڕێی کچە پوورێکمەوە چنگ کەوت، وەکو ئەسپێ جیق و دیق و فیقم کرد.

لەسەرە سەعاتی یەکەمدا بە تەلەفون پێموت: "دەزانم تۆ جوانی، بەڵام منیش جوانم".

وتی: "تففففوو هەی خوێڕی، ڕاستە من جوانم، بەڵام تۆ وەکو سەگی".

مۆبایلەکەی لەسەر داخستم لە سەعاتی دووەمدا بە تەلەفون پێموت: "دەزانی جوانییەکەت شێتی کردم؟".

وتی: "شێتی، شێتنی چاوت دەردەهات".

مۆبایلەکەی لەسەر داخستم.

لە سەعاتی سێیەمدا پێموت: "دەکرێ دەقەیەک گوێم لێبگری؟".

وتی: "هەی کەری کەرباوک، من حەزم لە دەنگی زەڕە زەڕی کەر نییە".

مۆبایلەکەی لەسەر داخستم، تەلەفونم بۆی کردەوە: "ئەرێ مەوعیدێکم نادەیتێ؟".



شاخەوان عەلی حەمەد

وتی: "وەی بەسەر چاو، دە زوو وات بوتبا، سبەی پێش سەعات هەشت وەرە تەک ئەو کەپرەی لە بەرامبەر قوتابخانەکەمان کراوە لەوێ دەتبینم و چاوم پێت دەکەوێ، ئێستا دڵت داکەوت؟".

خەریکبوو لە خۆشیان باڵبگرم و بفرم، وتم: "دەک خوا دەست بەباڵتەوە بگرێ و بەجیهاندا بتفڕێنێ تا دنیا ببینی چەند جوانە، دەی با کاتت لێنەگرم خوات لەگەڵ". تەلەفونەکەی لەسەر داخستم.

شەوێ تا درەنگی وەخت لە نێو کتێبخانەی ژوورەکەمدا کەوتمە هاتووچۆ، ئەو دیوانەم دەردەکرد، دامدەناوەو لە نۆژەندا یەکێکی دیکەم دەردێنا. بە دەیەها کتێبم هێنایە گۆڕێ.

لە سەعاتی یەکەمی ئەو شەوەدا دیوانە شیعرێکی "پەشێو"م هێناو چەند شیعرێکی تەڕوناسکم لێ دەرکردو هەموویم ئەزبەر کرد.

لە سەعاتی دووەمی ئەو شەوەدا ئەو کتێبە تەرجەمەکراوەم هێنا کە باسی لە موسارەحەی بەینی کوڕوکچ دەکردو دووبابەتم لێی دەرکردو هەموویم ئەزبەرکرد. لە سەعاتی سێیەمی ئەو شەوەدا، خۆم تەرخانکرد بۆ پڕۆڤەکردن، ئەوە سەعات هەشتی بەیانییەو لە تەک کەپرەکە بەرامبەر نەمام وەستاوم و شیعری بۆ دەخوێنمەوەو قسەکانی دیکەی بۆ دەکەم.

بەیانی زوو لە خەو هەڵسام، دوای بەرچایی، نیو سەعات بەدیار ئاوێنەوە خۆم هێناو بردو خۆم ڕێکخست. بە پەلەپڕوزێ خۆم گەیاندە کەپرەکەو کەوتمە چاوەڕوانی، کاتێک دوور بەدوور چاوم پێی کەوت، وەکو سەگێک چۆن لەبرسێتی پارچە ئێسقانێک حەزبکا زوو بیگاتێ و تامەزرۆ بەلێستنەوەی بێ، ئاوا لیکاو لە دەممدا کەفی چنی. ئەو بە خێرایی بەرەو رووم هات، منیش بە خێرایی دڵم بۆی لێیدا، بزەیەکم بەرووی دادا، وەلێ کە گەیشتە تەکم، بێ سەلام و کەلام کە ناوچەوانی گووی لێدەباری، تا گرتی تۆپەڵە تفێکی لە دەمی خڕکردەوەو بەنێو چەوانی دادام، وتی: "هەی تەرەس ئەوجارە تەلەفون بکەیەوە ئەوجا دەزانم چۆن حەیاو حەوسەتت دەبەم".

زانیم تازە کار لە کار ترازا بەهێواشی تۆپەڵە تفێکم لە دەم و چاوم سڕییەوە. وەکو نەبام دیبی نەبۆران، خۆم شێلوو نەکرد، بە هەڵپەیەکەوە پێموت : "کچێ تۆ نابێ کەمێک هۆشت هەبێ؟ خۆزگە هێندێک جوانیش دەبووی تا بۆت بمرم، بۆت شێتبم، وەک مزراح لە دەورتگەڕێم، بەڵام ئەوە بزانە هەرگیز ئەو تفەت لەسەر ناچێ و لەو تفەت خۆش نابم".

ئەو دەتوت کارمامزە، بە ڕۆیشتنە سەرنجڕاکێشەکەی بۆ سەرەوە هەڵکشاو منیش بە خەم و پەژارەوە ڕێوڕێ گەڕامەوە ماڵ.

# ساڵێک لەمەوبەر دکتۆر نازم حەسەن ژیانئاوایی لە زانکۆی کۆیە کرد

**کازم عومەر دەباغ**

ساڵێک لەمەوبەر دەمەو ئێوارەی ڕۆژی (2008/9/9) ڕەشەبای بێ ئامانی ئەجەل لەپڕ هەڵیکردو نەمامی پڕسێبەری تازە پێگەیشتووی (د.نازم حەسەن) لەشارەکەی حاجی وارتی عیسا خستە بەر تەوژمی خۆی و لە چەند چرکەیەکدا ئەم نەمامەی ژاکاندو تێک و پێکی شکاند و کۆچ و کۆچباری پێ تێکنا!!



د. نازم حەسەن

(د.نازم حەسەن ساڵح) لە دایکبووی ساڵی (1967) ی شاری کۆیەیە . بە ژیانئاوایی ئەم مامۆستایە پرۆسەی خوێندن لە زانکۆی کۆیە زیانێکی گەورەی پێگەیشت بووبە هۆی خامۆشبوونی هۆڵەکانی خوێندن لە داوێنی شاخی هەیبەت سوڵتان و خوێندکارانیش بۆ هەتا هەتایە بێ بەشبوون لە زانستی ئەم پیاوە بلیمەتە کەموێنەیە لەبواری پسپۆری بێکاری مامۆستای کۆچکردوو لە ڕووداوی هاتووچۆ ژیانئاوایی لێکردین لە ڕێگای نێوان هەولێرو شارەکەی حاجی، لەگەڵ یەکەم چرکەی ڕووداوەکە شاخی سەفین هەواڵە دڵتەزێنەکەی بەشنەی شەماڵ چرپاندو بەبەر گوێی شاخی باواجی بۆ ئەوەی ئەویش بیچرپێنێت بەبەر گوێی شارەکەی حاجی بەم شێوەیە خەمێکی دیکە کەوتە سەر خەمەکانی ئەم شارە شەهیدپەروەرەو ئارامی و بێ دەنگی شاری خامۆشکرد، لەم باوەڕەدابوو گەر حاجی خەمخۆری کوردان بمابایە سەری خۆی هەڵدەگرت بۆ مەزارگەی گردی کەکۆن ئەم شوێنەی کە هەمیشە حاجی کردوویەتییە هەوێنی شیعرەکانی لەم شوێنە بەرزەوە سەیری زانکۆی کۆیەو بناری هەیبەت سوڵتان و شاری کۆیەی دەکردو بەخامەی قامیش و سوراخی ئەشکی چاوەکانی هۆنراوەیەکی پڕ شێوەنی هاوشێوەی هۆنراوەکەی (کەیفی) هاوڕێی بۆ دەهۆندەوە !!

بەڵام سەد مەخابن بۆ ئەم کۆستە گەورەیە دەبێت هەر هەموومان باوەڕمان بەیاسای ژیان هەبێت سروشتی ژیان هەر وابووە و وا دەبێت کەس ناتوانێت خۆی لە مردن ڕزگار بکات نابێت بەدواداچوون بۆ شتێک بکەین گەڕانەوەی ئەستەم بێت، بۆیە هەر ئەوەندەمان لە دەست دێت لە خودا بپاڕێینەوەو بڵێین خوا لێخۆشبوو بەبەهەشت شادبێت و سێبووریش ببەخشێت بەخزم و هاوڕێ و خوێندکارانی زانکۆی کۆیە!!.

**خوێندنەوەی لاپەڕەکان... ئەو ڕۆژو شەوانەی لەبیرم ناچنەوە**

# حاجی مەمۆ : لابس گونیە و رایح بغداد



حاجی مەمۆ

ساڵی ١٩٦٧ بوو ، تازە پۆلی سێیەمی ناوەندیم تەواوکردبوو ، دەبوو ناسنامەی عیراقی بوون دەربهێنم. ئەوە بوو لەگەڵ کوڕە خاڵێکم بە ناوی عەبدوڵلا کە ئەو دەمە لەخوار شاری بەغدا سەرباز بوو . بەیانییەکی زوو لەخەوڕابووم و ڕانکوچۆغەیەکی سورم هەبوو ، بەدوای نانخواردنی بەیانیان ، خێرا لەبەرمکرد و لەگەڵ ئەو کوڕە خاڵەم چووینە گەراجی بەغدا و دڵم زۆر خۆشبوو ، چونکە ئەوە یەکەمجارم بوو ، سەردانی پایتەختی عیراق بکەم . بۆ دەوری کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ بە ترومبێلەکە گەیشتینە سەیتەرەی دیڵتاوە و لەوێ لەناو تێکرای سەرژمێرەکانی ناو ترومبێلەکە ، هەر منیان هێنایە خوارەوە کە هەترەشم چوبوو ، ئەوە یەکەمجارم بوو ( پاش ئەوەی لەکودەتا ڕەشەکەی ٦٣ی بەعسییەکان و پەیدابونی حەرەس قەومی، لەسەرپرسینی ناوی ڕاکردوییەک ، لەلایەن چەند حەرەس قەومییەکی تروکمان بەو منداڵییە لێدانی زۆرم خوارد و هەتا بەردەرگای مقەرەکەشیان بردم لەبەرانبەر ئەپارتمانی ئێستای جەلیل خەیات و هەر یەکێک لە حەرەس قەومییەکانی بەر دەرگا کە منی دەناسی و خەڵکی گەڕەکی موحەتە بوو ، کوڕەکەی لەگەڵ من لە قوتابخانە بوو، ئێزنیان دام) کە تووشی ئەوجۆرە بەرخوردە ببم. هەنووکەش لەبیرم نەچووە، سەربازێکی ڕەقەڵەی ڕەش ئەسمەری دەموچاوترشاو ، زۆر بەرەقی باسکی گرتم و بەسەرمدا هاواریکرد، کە ئەگەر کوڕە خاڵە سەربازەکەم فریام نەکەوتایە، هەر نەمدەزانی مەبەستی چییە لەو ڕاپێچانەی من . کە دوایی تێگەیشتم دیارە زۆر ڕقی لە لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی بووەتەوە و بەسەر من هاواری دەکرد ..( لابس گونیە و رایح بغداد ) واتە گونیەی لەبەرکردووەو دەچێتە بەغدا .. بەدوای هێنومنهێنەکی باش کە خاڵۆزاکەم خەریک بوو ، بەرەڵلایان کردم و ناچاریان کردم چۆغەرەکەم و پشتێنەکەم لەبەر بکەمەوە و تەنیا ڕانکەکەم لەبەر بێت، کە گەیشتینە بەغدا ئەو خزمەم یەکسەر چوو ، پانتۆڵێکی لەنگەی بۆ کڕیم و بۆ شەوەکەی لە ئوتێلێکی ساحەی مەیدان جێگامان گرت و زۆرم برسی بوو ، گوتم کاکە عەبدوڵلا زۆرم برسییە . ئیتر منی لە ژورەکە بەجێهێشت و چوو خواردنی بۆ هێنام ، بەڵام چ خواردنێک ! تومەز کەبابی ساردەوەبوو بوو ، هەر واقم وڕما و گوتم ،کوڕە کاکە عەبدوڵلا ئەوە دەڵێی قەرسەقوڵە و نایخۆم . بە ناچاری نانەکەم بە وشکی خوارد . دیاربوو لەو هەموو دیمەنە قەرەباڵغییەی بەغدا و بەهۆی ماندووبوونی هەرتەک هەرتەکی ڕێگاوە لەسەرجێگاکەی خۆمەوە، خەوبردمییەوەو بەیانی زوو لەلایەن خاڵۆزاکەم بێدارکرامەوە ، کە دەبوو من بباتە بەر دائیرەی دەرهێنانی ناسنامەی عیراقی و خۆی بۆ ئۆردوگا سەربازییەکەی بگەڕێتەوە. کە بەڵێنی پێدام لەگەڵ تەواوبونی دەوامەکەی لە ئۆردوگا دەگەڕێتەوە لام هەر لەبەردەم هەمان دائیرە من چاوەڕوان دەکەم . ئەوەبوو ئەو شوێنە ئەو کاتە لەلای گەڕەکی سەعدون بوو . هێشتا سەعات حەوت نەببوو ، ئێمە بە ئامانەی ژمارە چوار لە مەیدانەوە گەیشتینە ئەوێ ، کەچی بەمزووەوەش خەڵک لەبەر دەرگاکە ڕیزی گرتبوو ، کاکەم بابۆڵەیەکی پڕ لە نۆکی بۆ کڕیم و ئامۆژگاری کردم لەو ڕیزە بوەستم و بەکورتی فێری کردم چی بکەم و چی نەکەم . سەیرمکرد پیاوێک کە جلی کوردی لەبەردابوو بەخەڵکی هەولێر نەدەچوو . لێمان نزیکبووەو بەیەکەوە ڕیزمان گرت، کە بەدوای ڕۆیشتنی خزمەکەم بۆ من فەرامۆشییەکی باشبوو ، بەڵام نەخوێندەوار و عارەبی نەدەزانی ، ئەوەندەی بۆمکرا ، فریای کارەکانی ئەویش دەکەوتم و بەشێکی زۆری مامەڵەکەی بۆ پێشەوە چوو . دەمە دەمی نیوەڕۆ بوو لەپەنا کوشکێک لەگەڵ ئەو کابرایە سەرو لەفەمان دەخوارد ، کاکە عەبدوڵلا لێمان پەیدا بوو . کابرا زۆر نیگەران بوو، مامەڵەکەی گیری خواردبوو، بەکاکەم گوت، بەڵکو یەکەم جار لەگەڵ ئەو بچی و مامەڵەکەی من بەرەوکۆتایی ڕۆیشتووە. کاکەم لەبەرئەوەی جلی سەربازی لەبەربوو ، بەئاسانی هاتووچووی ژوورەکانی دەکرد و کارئاسانییەکی زۆری بۆ کرد و دوایی هاتە هیمدای من و بەیەکەوە لەگەڵ تەواوبوونی دەوامی ڕەسمی دانی ئێوارە من ناسنامەی عیراقی خۆم وەرگرتەوە و ئەوەی کابرای دیکەش مایەوە بەیانی و شەو لەگەڵ ئێمە هاتەوە هەمان هوتێل و بەیانی بەندە لەگەڵی چوومەوە هەمان شوێن و ئەوەی ئەویش تەواوبوو. کە هەندی دنیایەک سوپاسی کردم و باوەڕ کەن، ئەوەندەی نزاو دوعا بۆ من و کاکەم کرد، کە من دڵۆپ دڵۆپ ئارەقەی شەرمم دەڕشت . لەبیرمە بۆ شەوێکی دیکە لە بەغدا مامەوە و زۆر لاو شوێنی بەغدا گەڕام . بە تایبەت کەناری روباری دیجلە زۆر بەلامەوە دڵگیر بوو . هەروەها شاری یارییەکان، کەسەرنجی داگیرکردبوم، کە لەلای گەڕەکی قنات بوو ..

بۆ جاری دووەم ، ساڵی ١٩٦٨ بوو ، لەگەڵ چەندان برادەری وەک ( سەلام گۆمەشینی، هوشیار فەتاح، هوشیار عەزیز) سەردانی بەغدام کردەوە بە مەبەستی چوونە دەورەی موفەوەزی پۆلیسی و لەڕێگای مامۆستا مەلا ناسیح سەردانی مەکتەبی سیاسی / مان لە هوتێلی (حسیب) لە (حافض قاضی) کرد و مامەڵەیەکی زۆر ساردوسڕیان لەگەڵ کردین و بەڕێکەوت من لەبەردەمی هوتێلەکە چاوم بەپێشمەرگەو کادیری ناوچەکانی شەمامک (حوسێن شەمامەر)کەوت، کە چەند جارێک بە نهێنی ڕێگای کەوتبووە ماڵی ئێمەوە و جوامێرانە بەدەنگمانەوە هات و هەر بەهۆی ئەوەوە زانیمان ناوی ئێمە لەناو لیستی ناوە پێشکەش کراوەکان نییە و ئەو ئێمەی بردە لای (کەمال محیّدین)، کە ئەو دەمە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو ، ئەو پێشنیازی ئەوەی بۆ کردین ئەگەر بمانەوێ، ئەوە ناومان بۆ لیستی (نائب موفەوەز) دەنووسی . لێرەدا من کە خۆم دەرچووی سێی ناوەندی بووم و لەپۆلی چواری ئامادەییش دەرچووبووم و ئەو دەورەیەش بۆ ئەوانە بوو کە لەپۆلی سێی ناوەندی دەرنەچووبوون . ئەوەبوو بە هەناسە ساردی گەڕەکم بوو ، یەکسەر بگەڕێمەوە هەولێر ، کەچی هەر (حسێن شەمامەری) پێشنیازی ئەوەی بۆکردم کە ئەمشەو بمێنمەوەو بەیانی لەگەڵ (خاڵە سەید مەجید) بچمەوە، کە ئەو سەیارەی خۆی هەیە. بەڵام برادەران دیاربوو دەمانەوەو ماڵی ئاوابێت، بۆ سبەینێ (خاڵە سەید مەجید) بە پیکابە موسەلەحەکەیەوە هاتە دوام، کە ئێمە لە هوتێل (ستار) لە گەڕەکی حەیدەرخانە بووین . ئیتر بەیەکەوە بەڕێکەوتین و بۆ نیوەڕۆیەکی زوو گەیشتینە کەرکووک و چووینە بارەگای لقی پارتی باڵی (م .س) و لەوێ نانمان خوارد و پاشان بەرەو هەولێر بەڕێکەوتین و لەڕێگادا خەیاڵاتی زۆرمان دەکرد، لەوەی تووشی کەمین و گێچەڵی تەقەلێکردنی پێشمەرگەی پارتی (سەرکردایەتی بارزانی) ببین .کە بەردەوام لەو ڕێگایە چالاکیان هەبوو . بەڵام ئەو ئێوارەیە ، ئێمە بەسەلامەتی گەیشتینەوە هەولێر ..

**بەشی سی و پێنج**

## پرسە

دڵگرانین بە کۆچی دوایی حاجی (یاسین سەرداری)، کە دەکاتە باوکی پارێزەر (حوسامەدین سەرداری). هیواداریین ئەمە دوا ناخۆشییان بێ و خوای گەورەش کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات. انا للە وانا الیە راجعون

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان

**لە تاراوگەوە**

# پیاوە ئازاکان

وەسفکردنی پیاوی ئازا کۆمەڵێک سیفات لە خۆدەگرێ، بەرلەوەی باسی پیاوە ئازاکانی ئەم سەردەمی بە عەولەمەکردنی دنیا بکەین، بابزانیین پیاوە ئازاکانی دوێنێ بە کێ دەگووترا.

هەرقەل و تەرەزان وسوارچاک و سەرکردەوشەڕوان و نیشانەشکێن و کەسێک بەتەنها دەستی لەچەند کەسێک بووەشاندبا و.....هتد هەموو پیاوی ئازابوون، بەڵام ئازایەکیش کەزۆر دیارو ناسراو بوون لەناو خەڵک ڕێزیان لێدەگیراو بە ئازایان ناو دەبردن، ئەو دزانە بوون کە بەسەر حەوت گوندانـدا ڕەتدەبوون و دیـواری ماڵانیان دەبڕی و هێزەی پڕ لەڕوون و هەرچی شتێکیان لەم ماڵە دەست بکەوتبایە تا مەڕوماڵاتیشیان ڕاپێچ دەکرد، لە مەجلیسان باس باسی ئازایەتی ئەم جۆرە پیاوانە بوو ، ئەوانەشی دەسەڵاتیان بەسەر خەلکی فەقیرو هەژاردا دەشکا و غەدریان لێدەکردن ئەوانەش دەکەوتنە خانەی ئازایەتی.

کوڕە ئازاکانی حزب و حکومەت ئەو کەسانەن کە بەڕۆژی ڕووناک بەبەر چاوی خەڵکەوە هەڵدەکوتنە سەر ڕۆژنامەنووسان و خەڵتانی خوێنیان دەکەن و سووکایەتیان پێدەکەن، پێم ناڵێن ئەوە چ ئازایەتییەکە کەسانی خاوەن چەک و دەسەڵات، بێ ویژدانانە دەکەونە وێزەی گیانی خەڵکی فەقیرو ڕۆژنامەنووسانی خاوەن قەڵەم و دەستوپێ سپی!، پێم ناڵێن ئەوان لەسکی تێرو دەمی برسی و لەویژدان هزرو بیرکردنەوە زیاتر چیان هەیە، تا خەڵکی لێیان بترسێن.



یوسف مەنتک - ئەڵمانیا

ئازایەتیکاربەدەستانی ئیمارەتەسەربەخۆکەی بادینانی حکومەتەکەی کوردستان لەم مەملەکەتەی بادینان دەسەڵاتی ڕەها هی ئەزبەنیی و خولام سەیدایە، بە ئاشکرا مۆرکی حزبایەتی عونسریەتی نا و چە گە ر ی پێوەدیارە بەبێ موجامەلە، بەبەڵگە بۆتانی دەسەلمێنم ،کەگەڕامەوە کوردستان لەفرۆکەخانەی هەولێر، ئەفسەرەکە گووتی:مادام هەویەی پێنج ساڵیت هەیە ئەوە ختمت لۆ لێدەدەم، پێویست ناکات بچیتە دائیرەی ئیقامەی، کاتیدەگەڕامەوە لەڕێگەیئیبراهیم خەلیل لە زاخۆ، گوتیان توو ختم نەکریە دەبی بچییەوە ئەربیلێ یان دهۆکێ ئەگەر کەفیلەک هەبت خەلکی دهۆک بت شۆلێ تە چی دبت، منیش لەگەڵ سائیق تەکسیەک بەم گەرمای هاوینە گەڕاینەوە بۆ دهۆک لەدهۆک زۆریان هێنام و بردم و عەریزەم دا بۆ لای بەڕێوەبەر، گوتیان: خودێ ئەوە چێ نابت توو نەخەلکێ وێدەرێی ،کەفیل بۆ تە قەبیل نابت، برا شۆلێتە لەوێدەرێ چی نابیت مەجبور هەری ئەربیلێ، منیش گوتم: لێگەڕێن بچم بۆلای بەڕێوەبەری، بەڵکو بۆم چادەکات ،بەم گەرمایە زەحمەتە بچمەوە بۆ هەولێرێ، گوتیان نا برا نا چێ نابت بچی دەڤ برێڤەبەری، توو خەلکی ئەربیلێی مەجبووری هەری وێدەرێ، ناچار ملی ڕێی هەولێرم گرت.

بەیانییەکەی چووم بۆ ئیقاماتی هەولێر بەسەرهاتەکەم لۆ گێڕانەوە، زۆریان پێناخۆش بوو، گوتیان بروات هەبێت ئێمە لێرە هی هەر هەژدە پارێزگای عێراق هی خەڵکی بەسرە چا دەکەین.منیش گوتم کاکە لەهەموو دنیا غەرامە هەیە، ئەوانە دەیانتوانی من غەرامە بکەن، نەوەک بەم شێوە عونسریەی لەگەڵم بجولێنەوە دەتگوت دیلیان لەشەڕدا گرتووە بەم گەرمایە منیان ناردەوە بۆ هەولێر، گوێم لێبوو دەیان گووت بلا با بچت ئەو سۆرێی سەباب.

حکومەت با ئەم جۆرە پیاوە ئازایانەمان بۆ دانەنێن، ئەوکەسانە دابنێن کەلەعەقڵ ئازان و حەکیمانە بیر دەکەنەوەو کاردەکەن و بڕیار دەدەن، حکومەت کە حکومەتی کوردستانە، کەواتە هی هەموومانە، تەنها یاسایەکیش کارەکانی ڕێکدەخات، نەک ناوچەیەک ئیمارەتێک حکومەت بەهی خۆی بزانێ و خەڵکی تریش بە عەبدو کەنیزەک و خزمەتکار چاولێبکات، وەک ئەوەی کە ئێستا لە هەولێرو دهۆک هەیە.

کوڕە ئازاکانی ئیمڕۆ ئەوانەن کە لەهیچی نەبووەوە دەبن بە خاوەنی دەیان ملیۆن دۆلار، کوڕە ئازاکان ئەوانەن خاوەنی سەیارەی جام تاریک و چەندین سەیارەی تریش بەدوایانەوەن، ئازاکانی ئێمە ئەوانەن خاوەنی کۆمپانیای بازرگانی و باڵەخانەی بەرزن، بازرگانەکانی نەوتیش کوڕی ئازان بەترس و بەچاو قەیمی نەوت بەقاچاخ دەفرۆشن، پارەکەشی ناچێتە بودجەی حکومەت و دەچێتە حسابی شەخسی لەیەکێک لەبانکەکانی دنیا، بەئاشکرا سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە دەچێتە گیرفانی چەند کەسێکەوە، کەسیش ناتوانێ لێیان بپرسێ، ئەرێ ئەوانەتان لەکوێ بوو؟، ئەی ئەوە هی میللەت نییە؟ئادەی بەشی ئێمەشی لێبدەن.

یادەوەری

# ستراتیژ

## حکومەتێکی دیکەی کوردی

کابینەی شەشەم کەبڕیارە بەسەرۆکایەتی د. بەرهەم بەمزووانە دەستبەرکار بێت، ئەو کابینەیەیە کەوا پێناسە کراوە بنکەفراوان بێت، کەچی ئەوەی لەمەراسیمی سوێندخواردن و ڕاگەیاندنی ستافی کابینەکە بینیمان، نەک هەر بنکە فراوان نەبوو، بەپێچەوانەوە لەکابینەکانی پێشووتر تەسکتر بوو لەلایەک، زۆرترین ئۆپۆزسیۆنیشی بۆخۆی دروستکرد لەلایەکی تر، هەر ئەوەی کە جگە لەلیستی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی وەکو ئۆپۆزسیۆن دەمێننەوە لەپارلەمان، کۆمەڵی ئیسلامیشی هاتە سەر، کە بەشێک بوون لەلیستی چاکسازی، ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیان ڕاگەیاند، چونکە داوای پۆستێکیان دەکرد کە لە قەوارەی خۆیان گەورەتر بوو، هەروەها زەحمەتکێشانیش بەهۆی ئەوەی دەنگیان نەهێنا لەهەڵبژاردنەکاندا، بەشداریان پێنەکرا، ئەمەش کابینەکەی د. بەرهەم دەخاتە بەردەم کۆمەڵێک ئەگەری چاوەڕوان نەکراو، ئەویش ئەو کێشەکانەی ڕابردووە، کە بە 42 وەزارەت چارەسەر نەکرا و ئێستا بەنیازن بە19 وەزارەت چارەسەری بکەن، ئەمە جگە لەوەی، کە کێشەی ناوچەدابڕاوەکان دەبنە بەشێکی تر لەو گرێ ئیداریانەی کە بەهەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزی بەهەڵواسراوی هێشتوویانەتەوە.



سمکۆ محەمەد

لایەنێکی تر لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی کابینەی شەشەم دەبێتەوە، مەسەلەی جیاکردنەوەی حزبە لەحکومەت، ئەو ستایلە حزبیەی کە کورد خووی پێوەگرتووە و دەستبەرداری نابێت و ناتوانێ بەرێکەوتنی ستراتیژی نێوانیشیان ئەو باوەڕە دروست بکەن، ئەم کارە نەک هەر ئاسان نییە و بەو ستافە چارەسەر ناکرێ، بەڵکو زەمینە بۆ سەرهەڵدانەوەی ئەگەرە مەترسیدارەکانیش خۆش دەکاتەوە، چونکە زۆربەی ئەو کارەکتەرانەی بۆ پۆستی وەزارەت دانراون، جگە لەوەی لەسەنتەری بڕیاری سیاسی نزیک نین، توانایەکی ئەوتۆشیان نییە بۆ ڕێگە گرتن لە دەستێوەردانی حزبی لەحکومەت، تێبینی ئەوەش ناکرێت کە هەردوو حزبی باڵادەست هاریکاری وەزیرەکان بکەن، بۆئەوەی حکومەتێکی یاسایی بەڕێوەببەن، بەتایبەتی وەزارەتی داد بتوانێ هەموو هاووڵاتییەک بەهەژار و لێپرسراوەوە، بخاتە بەردەم یاسا و بەڵانس دروست بکات.

ئەوەی کە زۆرترین کێشە بۆ کابینەکەی د. بەرهەم دەخولقێنێ، مەسەلەی یەکبوونی هێزی پێشمەرگەی پارتی و یەکێتییە، ئەو دەزگا هەستیارەی کە تائێستا بەدوو سیستمی جیا و بەدوو ئاراستەی جیا سنووری حزبیان پاراستووە و بەئیعازی حزبیش پلە و پایە بەخشراوە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەم دەزگایە لەلایەن بەغدا و حکومەتی مەرکەزیش دانی پێدانەنراوە، هەرئەوەی کە لەسەر ناوەکەی کۆک نین، هەروەها لەسەر بودجەکەشی کێشەی دروست کردووە. سەرباری هەموو ئەو هۆکارانەش کارەکتەرە سەربازییەکان هەمان ئەو کارەکتەرانەن، کە بەشداری جەنگی نێوخۆییان کردووە، ئەمەش هەمان ئەو بێباوەڕییەیە کە بەتێکەڵبوونەوەی پێشمەرگە ناگەڕێتەوە، چونکە هەر یەک لەو دوو هێزە خاوەنی دەزگای هەواڵگری تایبەتن و خاوەنی زۆرترین نهێنین.

تێکەڵکردنەوەی ئاسایشی هەرێم و وەزارەتی نێوخۆ، بەشێکی تری ئەو گرێ کوێرەیە، کەناکرێتەوە، چونکە هەردوو بەڕێوەبەرایەتییەکە بەشێک لەکارەکانی ڕابردوویان کارکردن بووە لەسەر یەکتر، یان باشتر بڵێم لەژێر چاودێری دەزگا هەواڵگرییە حزبییەکان کاریان کردووە، ئەمەش مەحاڵێکی ترە کەیەکێتی و پارتی کەیسە نهێنییەکانی خۆیان بکەنە قوربانی بۆ کابینەی شەشەم، سەرباری ئەو کەیسانەی کە پەیوەندیان بەلایەنەکانی تر و وڵاتانی دەوروپشتەوە هەیە، بۆیە تێکەڵکردنەوەیان تەنها لەفۆرم دەرناچێتە دەرەوە.

بنەبڕکردنی گەندەڵی و مەسرەفگەرایی دەزگاکانی حکومەت و مەحسوبیەت، بەشێکە لەپلانەکەی ئەم کابینەیە، ئەم ئەرکە ئەوەندە قورسە کە بە چوار ساڵی تەمەنی حکومەت ناکرێ، زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین سەرجەم کارەکان لەم پێناوەدابن، هێشتا چارەسەر ناکرێ، چونکە ڕۆچۆتە نێو تەواوی داموودەزگاکانی حکومەت، بۆیە بەم پێودانگانە بێت، کابینەی شەشەم تەمەنی کورت دەبێت.

# فۆتۆگرافەران و سەرمایەدارانی کورد سێوی مێخەکرێژ و ڤالانتاین بەیەک دەبەستنەوە



سەیوان سەعیدیان بە هاوکاری ستافێکی هونەری سێوی مێخەکرێژ بە نەتەوەیی دەکات و زیاتر لە 40 شار و شارۆچکەی کوردستان ئەو جەژنە نەتەوەییە بەڕێوە دەبات.

پرۆژەکە سێ بەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێ کە بریتین لە:

1 –نمایشکردنی کورتە فیلمی "ئەو سێوەی کە دڵی من بوو" لە سەرجەم شارەکان.

2 –کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی لە سەرجەم شارەکان.

3 – مێخەکرێژکردنی هەزارەها سێو لەلایەن کچان و کوڕانی ئەڤیندارەوە.

ئاگاداری فۆتۆگرافەران دەکەینەوە کە دەتوانن تا 2010/1/15 فۆتۆکانیان بۆ ئەو ئیمێڵانە بنێرن.

masoud.press@yahoo.com

و seywan_s@yahoo.com

info@taw–media.com

* پێویستە وێنەکان بە شێوەیەکی گشتی گوزارشت لە خۆشەویستی بکەن و شێواز و ستایلیش سەربەستە.

*هەر فۆتۆگرافەرێک دەتوانێت بە 3 وێنە بەشدار بێت.

–پێویستە کوالیتی وێنەکان بەرز بێت.

دواتر 20 وێنە لە لایەن لیژنەیەکی هونەری هەڵدەبژێردرێن و خەڵات دەکرێن.

جێی ئاماژەیە پرۆژەی بە نەتەوەیی کردنی سێوی مێخەکرێژ پرۆژەیەکی هونەری سەیوان سەعیدیانە کە ماوەی چەند ساڵێکە خەریکی زیندووکردنەوە و بە نەتەوەیی کردنی ئەو سێوەیە لە کوردستاندا.

# ڕۆژ بە ڕۆژ



**هەڵبژاردەی تۆماری ڕووداوەکانە لە دەفتەرە تایبەتییەکانمدا، پاکنووسی دوو هەفتەیان بە بەردەوامی بڵاودەکەمەوە. لە ١٧ی سێبتەمبەر تا ٢٢ ی سێبتەمبەر ساڵی ١٩٩٢**

**شێرزاد هەینی_ ستۆکهۆڵم**

**ڕۆژی ١٧ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٩٣ دەرچوو.

* ڕۆژنامەی (ڕووناکی) ی ئۆرگانی حزبی ئەڵڵەی شۆڕشگێر لە ئێرانەوە ژمارەی پێنجەمی دەرچوو، لە کتێبخانەکان بەخۆڕایی دابەش دەکرا، ڕۆژنامەکە بابەتی باشی تێدا بوو.

* گالۆنی بەنزین بە ٣٥ دینارە، یەک گالۆن نەوتیش بە ١٨ دینارە.

* لە ئاژانسەکان باس لەوە دەکرا کەواسیاسەتمەدارە ئەورووپییەکان و پەرلەمانتارەکان لە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە تورکیا نیگەرانن، وا دەزانن کێشەی کوردەکان لەو بەشەدا تەنها بە دانوستان و بە سیاسەت چارەسەر دەکرێت، پێویستە حکومەتی تورکیا واز لە کۆمەڵکوژییەکان بهێنێت و لەگەڵ کوردەکان دانوستان بکات، چونکە کێشە لە بازنەی ئیرهابدا نییە، کێشەکە سیاسییە و چارەسەری سیاسی دەوێت.

* لە لەندەن مام جەلال چاوی بە شاحوسێن دەکەوێت، هەواڵەکان دەڵێن ئەوە یەکەم جارە مەلیکی ئوردن لەگەڵ سەرکردەیەکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دیمانەی دەبێت، چونکە ئەو لە سەرەتای شەڕی کەنداو لایەنگیری تەواوی سەدام حوسێن بووە.

* لە ناوچەی بنگوڵ گەریلاکانی پەکەکە پێنج کەسیان کوشتووە.

* گۆڤاری (کادر) ئۆرگان و گۆڤاری سیاسی و تیوەری پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی عەرەبی ژمارەیەکی تایبەت بە بۆنەی یازدەی ئەیلوول دەردەکات.

* گۆڤاری (الشعلە) ی ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ژمارە ٢٤ ی دەرچوو.

* حکومەتی عێراقی لێبووردنی گشتی بۆ سەربازە هەڵاتووەکانی ناو کەرکووک دەردەکات.

**ڕۆژی ١٨ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٩٤ دەرچوو.

* پاش تەواوبوونی کۆنگرەی سۆسیال دیموکرات لە بەرلین کە تێیدا حزبە کوردییەکانی وەک یەکێتی و پارتی و دیموکراتی ئێران و کۆمکار، پێنج سەعات لە دوا کۆبونەوەکاندا دکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی سکرتێری دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێستورانتێکی یۆنانی تیرۆرکرا، لە هەمان دەستدرێژییەکەدا دوو ئەندامی سەرکردایەتی حزبەکەی لەگەڵدا بوون ئەوانیش کوژران، وەرگێڕەکەشی بریندار بوو. هەواڵی تیرۆرکردنی شەرەفکەندی لە هەموو ئاژانسەکان بە بایەخەوە باس دەکرا، لە ئێستگەی مۆنتی کارلۆ حکومەتی ئێرانی بەو تیرۆرە تاوانبارکرد. هاوکاتیش لەوەدەمانەدا دوو وەفدی پارتی و یەکێتی لە تاران سەرقاڵی ئەوە بوون لایەنە شیعەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕازی بکەن کۆنگرەی گشتی ئۆپۆزسیۆن لە هەولێر بکەن، تا بە بەرنامە و باشتر کار بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەغدا بکەن.

* ئێستگەکانی جیهانی باس لەوە دەکەن کەوا کوردەکان خەریکی سازکردنی سوپایەکی یەکگرتوون کە قەوارەکەی بگاتە ١٥٠ هەزار چەکدار، بەشی زۆری ئەو هێزەش لە هەردوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان دەبێت.

**ڕۆژی ١٩ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* چەند ڕۆژە قسەی وا هەیە کەوا حکومەت بە نیازە سووتەمەنی ڕەوانەی کوردستان بکاتەوە، بەڵام هیچ دیار نییە، بۆیەش سووتەمەنی نرخی بەرزتر دەبێتەوە.

**ڕۆژی ٢٠ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٩٥ دەرچوو.

* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ژمارە ٤٠ دەرچوو، لە پرسەی شەهیدبوونی دکتۆر شەرەفکەندی ڕۆژنامەکە هەر دوازدە لاپەڕەکەی ڕەش بوو.

* لە مزگەوتی (البکر) ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و بەرەی کوردستانی پرسەیان بۆ شەرەفکەندی دانابوو. لەو پرسەیەدا ئۆتۆمبێلەکانی خەڵکی یەکێتی ئارمی ڕەشیان هەڵگرتبوو.

**ڕۆژی ٢١ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٩٦ دەرچوو.

* ئاژانسەکان ڕایانگەیاند لەبەر ئامادەنەبوونی چەند لایەنی شیعەی ناو ئێران ئیمڕۆ وەک بڕیاربوو کۆنگرەی گشتی ئۆپۆزسیۆن لە هەولێر نەگیرا، ڕەنگە بەیانی کۆنگرەکە ساز بکرێت.

* پۆلیسی بەرلین خەریکی پشکنین و گەڕانن بە دوای بکوژانی دکتۆر شەرەفکەندی، دەڵێن وێنەی کەسەکانیان کردووە، بڕیارە لە ڕۆژنامەکان بڵاو بکرێنەوە، گوایە پێڵاوی یەکێکیان بەجێماوە، بەو پێڵاوە دەزانن کابرا کێش و باڵای چەندە. هەموو جیهان باسی تیرۆرکردنی شەرەفکەندی دەکەن، سۆسیال دیموکرات نارەزایی بڵاو دەکاتەوە، ئەوانە و زۆر لایەن حکومەتی ئێرانی بەو کارە تاوانبار دەکەن، حکومەتی ئێرانیش لەلایەن خۆیەوە ئەوروپاییەکان تاوانبار دەکات، کەوا ئەوان بێ ئاگان لەو مەسەلەیە و دەیەوێ بەو بیانوویە ناوی ئێران لەکەدار بکەن.

* ئیمڕۆ تیمێکی سەر بە دەستەی پشکنینی چەکە کۆمەڵکوژییەکان دەگەنە ناوچەی ئەلموسەنای خوارووی عێراق.

* حکومەتی عێراقی لێبووردنی بۆ سەربازە فیرارەکانی پارێزگای ئەلقادسیە دەرکرد.

* مام جەلال بە فڕۆکە لە شەقڵاوە نیشتەوە، چەند ئەندام کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵاتی لەگەڵدا بوو. لەو سەفەرەدا چەند کۆلۆنێلێکی ئەمریکی لەگەڵ دابوو. پاش دابەزینی یەکسەر گەیشتە پرسەکەی شەرەفکەندی، کاک مەسعوود سەردانی مام جەلالی کرد، بۆ دەنگی بریتانیاش سەبارەت بە کۆنگرەی چاوەڕونکراوی ئۆپۆزسیۆن قسەی کرد.

**ڕۆژی ٢٢ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٩٧ دەرچوو.

* بە بەشداری لایەنە شیعەکانی ناو ئێرانیش کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەسەر خاکی ڕزگارکراودا دەبەسترێت، ئەو هەواڵە بەبایەخەوە باس دەکرا.

* مام جەلال بۆ تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان باسی گرنگی کۆنگرەکەی بەرلینی کرد، کەوا باس لەوە کراوە لە هەر چوار پارچەدا نابێت مافەکانی کوردان پێشێل بکرێت. هەروەها وتی لەو سەفەرە قسە و موژدەی باشم بۆ میللەتەکەم پێیە، لە دانیشتنی پەرلەماندا باسیان لێوە دەکەم.

* بەپێی ڕێکەوتنێکی تایبەتی نێوان حکومەتی تورکیا و سوریا، بنکەیەکی سەربازی پەکەکە لە ناو خاکی لوبنان چۆڵکرا، لوبنانییەکان بە چەکی قورس و زرێپۆشەوە بۆ چۆڵکردنی مۆڵگەی ئەلحلوە گەمارۆی ناوچەکەیاندا و چەکدارەکانی پەکەکەیان لەو گوندە دوورخستەوە و چەکیان کردن، ئەو گوندە لوبنانییە دوو کیلۆمەتر لە سەر سنووری سوریا دوور بوو.

لە ڕۆژنامەی بابلی بەغدا نووسرابوو کەوا ڕۆژنامەنووسی کورد موسا عەنتەر تیرۆرکراوە، بەوەش ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسە کوردانەی دەکوژرێن دەگاتە نۆ ڕۆژنامەنووس. ئەوەی شایانی باسە موسا عەنتەر لە ڕۆژنامەی وڵات کە لە تورکیا دەدەرچێت، بە زمانی کوردی وتاری نووسیوە و تەمەنی ٧٢ ساڵە

**ڕۆژانەکە بەردەوامە**
**بەشی شەشەم**



# شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان- ئەسینا ١٩-٢٠٠٩/١٠/٢٠


میوانانی شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئەسینا - یۆنان

**حەمید بەدرخان**

**سەرەتا:**

دوو سێ جاری دیکەش گوتوومە مانگی نیسانی ٢٠٠٩ بەمەبەستی سازدانی فێستیڤاڵی بەدرخان سەردانی ئەسینای پایتەختی یۆنانم کرد"حەمید بەدرخان" لەگەڵ هاوکارم ئەو گەنجەی کە ماندووبوون نازانێ"رەوا حەمەکەریم"پەیوەندیمان بە رووناکبیرانی یۆنانی و بەتایبەت"پەیوەندییەکانی پارتی پاسۆکی یۆنانی- پاسۆک-کرد، ئەوکات بەرپرسی پەیوەندییەکانی پاسۆک خاتوو پۆلینا لە دەرەوەی وڵات بوو، لەگەڵ بەڕێز فلیبۆس جێگری پەیوەندییەکانی پارتی سۆسیالیستی یۆنانی باس لە بەرنامەو چۆنییەتی سازدانی شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان کرا. پاش ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکان، ، ئەوان بڕیاریاندا کە بەهەرجۆرێک بێ ئەو چالاکییە رووناکبیرییە سازبدرێ.

**سەرەتای کار:**

پاش گەڕانەوەی وەفدەکە لەتەک مامۆستایانی زانکۆو رووناکبیرانی کورد، بەتایبەتی"د. ئازاد حەمە شەریف" بەرنامەڕێژی بۆ شەشەمین فێستیڤاڵ کرا. سەرەتا دەبوا دوو گروپ بەشداربن "گروپی لێکۆڵینەوەو گروپی هونەری"،بەڵام دوایی تەنیا ئەو گروپە قبووڵکرا، کە لێکۆڵینەوەیان پێشکەشکردبوو. هەرچەندە"٩"کەس لەو کەسانەی کە بڕیاربوو بەشداربن لە فێستیڤاڵەکە هەریەکەشیان"١٠٠"دۆلاریان بە لیژنەکە دابوو، چونکە هەردەم گوتوومانە دەتوانین هەموو کارێک ئەنجام بدەین، بەڵام بودجەمان نییەو بە قەرزو قۆڵە کارەکانمان رایی دەکەین. بەداوای لێبوردنەوە هەندێکیان چانسی بەشداربوونیان نەبوو. ئامادەشین"١٠٠"دۆلارەکەیان بۆ بگەڕێنینەوە.

**ناوی میوانان:**

هەمووجار ئەوەی ویستوومانە بەشداربێ، وتویەتی ناتوانم و کارم هەیە، ئەوانەی مەبەستمان نەبووە، سەد واسیتەی کردووەو کاغەزی لەزۆر جێگا هێناوە. بەهەرحاڵ ئەوەی دەمانەوێ و مەبەستمانە بەشداری چالاکی بەدرخان ببێ لەدەرەوەی کوردستان"بە لێکۆڵینەوەکانییەتی"یا بەشدارییەکی کارای هەبێ. بۆیە زۆرجار ئەوەی سەریەشە دروستدەکات، پاش گەڕانەوەو پێش چوونمان گۆبەندێ دروستدەبێ. بۆ ئەمجارە میوانانی بەشدار ئەمانە بوون:

١- جەوهەر کرمانج، شاعیر و رووناکبیر - سەرۆکی وەفد، سلێمانی ٢- حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد، سەرۆکی دەزگای بەدرخان، هەولێر، ٣- کەریم قادر حەسەن، بەڕێوەبەری نووسین و نوێنەری رۆژنامەی خەبات، هەولێر. ٤- عەبدولستار محەمەد ئەمین ئەحمەد، دەرهێنەری فیلمی دیکۆمێنتاری بەدرخان، هەولێر. ٥- دڵزار حەسەن قادر، نووسەرو رۆژنامەنووس لە بەدرخان، هەولێر. ٦- ئیسماعیل عەبدولکەریم یوسف، رۆژنامەنووس لە کوردستانی نوێ، هەولێر. ٧- مەهدی ئەبوبەکر حەمە عەلی، نوێنەری دەزگای خەندان، کەرکووک. ٨- عەلی ئەحمەد حەمەدەمین، وێنەگر لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر. ٩- عادل شێخیل رەشید، نووسەر، هەولێر. ١٠- هەژار سدیق کامەلا، رۆژنامەنووس و بەرپرسی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان- لقی هەولێر. ١١- د. محەمەد دلێر ئەمین محەمەد میسری، نووسەرو راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی. ١٢- هاشم حەمە عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری مۆزەخانەی سلێمانی. ١٣- دلشاد عەزیز مارف، مامۆستای زانکۆ، سلێمانی. ١٤- ئیسماعیل محەمەد فەهمی، مامۆستای زانکۆ، سلێمانی. ١٥- شێرزاد حەسەن سلێمان، نووسەر و لێکۆڵیار، سلێمانی. ١٦- د. ئازاد حەمەد شەریف، نووسەر و مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر. ١٧- ئازاد سادق عەبدوڵڵا نووسەر و رۆژنامەنووس، هەولێر. ١٨- بۆتان عەلی حەسەن، نووسەر و رووناکبیر، هەولێر"تاکو ئەنقەرە".

**ڤیزەدارو بێ ڤیزا:**

بۆئەوەی فێستیڤاڵەکە سەربکەوێ رەچاوی دوو گروپ و میوان کراوە، گروپێک هیچ کێشەیەکی نییە لە ڤیزا وەرگرتن، چونکە خۆیان لەکوردستانن و جەوازی وڵاتێکی دیکەیان هەیە، دەتوانن ئازادانەو سەربەستانە سەفەر بکەن. گروپەکەی دیکە پێویستیان بە فۆڕم پڕکردنەوەو چەندین کێشەی لابەلا هەیە، بۆیە وامان داناوە ئەگەر گروپەکەی بێ ڤیزا نەتوانن ڤیزا وەربگرن ئەوی دیکە فریا بکەوێ.


شاندەکە لەکاتی بەڕێکەوتندا

**شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان رۆژنامەنووسی نەبوو:**

لێرەو لەوێ باسی ئەوە دەکەن، کە ٤/٢٢ رۆژی رۆژنامەنووسی کوردییە، ٢٠٠٩/١٠/١٩ چ پەیوەندییەکی بە یادی رۆژنامەنووسییەوە نییە، راستە فێستیڤاڵی بەدرخان لە"٢٠٠٤ بەدواوە تا ٢٠٠٨" لە ٤/٢٢ یادی رۆژنامەنووسی پیرۆزکردووە، بەڵام بەهۆی ٣جار دواخستن لە یۆنان بەهۆی هەڵبژاردنەکانەوە، بۆیە دواکەوت و ئێمەش کردمانە پردی رووناکبیری لەنێوان گەلی کورد و گەلانی یۆنان.

**لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە بۆ ئەکرۆپۆڵیس:**

بۆ ناونیشانی ئەمساڵ زۆر ناونیشانمان هەڵبژارد، کە بگونجێ لەگەڵ یۆنان، بە حوکمی ئەوەی لیژنەی باڵای ئینسکلۆپیدیای هەولێر بووم و سەروداومان لەگەڵ شانەدەرەو شوێنەوارەکانی کوردستان پەیدا کردبوو، بە راوێژ لەگەڵ م. دلشاد عەزیز زاموا، لە دوا دەرفەت ناوی فێستیڤاڵەکەمان نا"لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە بۆ ئەکرۆپۆڵیس"، کە هەردووکیان لانکەی ژیان و شارستانییەتن لە مێژوودا. بۆیە ناونیشانەکە جێگای رەزامەندی رووناکبیرانی کورد و یۆنانییەکان بوو.

**بەرنامەی فێستیڤاڵ**

١٩ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ دووشەممە

رۆژی یەکەم

١٨:٠٠ تا ٢١:٠٠. مەراسیمی کردنەوە و وتارخوێندنەوە

ڕێکخەر: ئەنتۆنیس کاراس- ئەندامی سکرتارییەتی (پاسۆک) بەشی مافی مرۆڤ، ئابووریناس.

- وتەی لیژنەی باڵای فێستیڤاڵ (لەلایەن : حەمید بەدرخان) دەخوێنرێتەوە.
- پەیامی بەڕێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق – بە بۆنەی شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئەسینا/ یۆنان(لە لایەن بەڕێز: جەوهەر کرمانج)دەخوێندرێتەوە.
- وتەی بەڕێز خاتوو( ئەنتیگۆنی کاراڵی – دیمیتریادیس/ جێگری سەرۆکی ژنانی سۆشیاڵ ئینتەرناشناڵ.
- مارشی (بەدرخانی خاکپەروەرم)، تێکستی : جەمال عەبدول، موزیک: ئەنوەر قەرەداغی.
- فیلمی دۆکیومێنتاری "بەدرخان" (٢٠٠٩)، بەرهەمهێنانی: دەزگای بڵاوکردنەوەی بەدرخان، دەرهێنەر: ستار محەمەد ئەمین.
- نمایشێکی پاوەرپۆینت دەربارەی( ئەشکەوتی شانەدەر: سەرەتای ژیان و شارستانییەت لە کوردستان) لە لایەن مامۆستای زانکۆ: دڵشاد عەزیز زاموا.

ئەشکەوتی شانەدەر دەکەوێتە پارێزگای هەولێر (اربیل) لە شاخەکانی برادۆست، لەسەر هێڵی پانی (٣٥,٥٠ ه ) پلەی باکوور و هێڵی درێژی ٤٤,١٣ ه )پلەی رۆژهەڵات لە نزیک رووباری زێی گەورە. ساڵی ١٩٥١ تیمێکی ئەمریکی بەسەرپەرشتی (ڕاڵف سۆلکی) کنە و پشکنینی لەو ئەشکەوتە دەست پێکرد و کنە و پشکنینەکان گەیشتنە قووڵایی (١٤م) و چوار چینی شوێنەواری دەرکەوت و لە خوارترین چیندا شوێنەوار و ئێسکی مرۆڤی شانەدەر ( کە هاوسەردەمە لەگەڵ مرۆڤی نیاندەرتاڵ)دۆزرایەوە، و بە پێی پشکنینەکانی تاقیگە بە رێگەی کاربۆن چواردە(C١٤) لە نێوان ئەم چینە (٤٦هەزار ساڵ پ.ز تا ١٠٠هەزارساڵ پ.ز) مرۆڤی تێدا ژیاوە. لەم وەرزەدا (رالف سۆلیکی) لەگەڵ تیمێکی ئەنسرۆپۆلۆجی پاشماوەی پێنج ئێسکەپەیکەری نیاندەرتاڵیان دۆزییەوە هەروەها تۆوی ژمارەیەک گوڵ لەگەڵ یەکێک لە ئێسکە پەیکەرەکاندا دۆزرایەوە. تۆوی ئەو گوڵانەی کە لە ئەشکەوتی شانەدەر لەگەڵ یەکێک لە ئێسکە پەیکەرەکان دۆزرایەوە پێکهاتبوو لە تۆوی گوڵی: گوڵی چەق چەقە، گوڵە هێرۆ، بەیبون، گوڵە گەنمی سوور، گوڵە بێژنە بۆژنە، پیازێن دورەنگ، مەلەوێچە، گیا مایەسیری...

چەند بیروڕایەکی جیاواز خرایەڕوو دەربارەی بوونی تۆوی ئەو هەشت جۆرە گوڵە لەگەڵ ئێسکە پەیکەری مرۆڤە مردووەکانی ئەم ئەشکەوتە، هەندێک لە شوێنەوارناسان پێیان وایە، کە ئەم گوڵانە لە سەر مردووەکان دادەنران وەک رێز و سۆز دەربڕینێک بۆ هاوڕێ و کەسە نزیکەکانیان کە دەمرد.

بەڵام هەندێک لە توێژەران پێیان وایە کە ئەم گوڵانە وەک دەرمان بۆ نەخۆشەکان بەکاردەهێنران، بە بەڵگەی ئەوەی کە تا ئێستاش ئەوجۆرە گوڵانە لە ناوچەکە و لە کوردستان لە لایەن پزیشکانی میللییەوە بۆ چارە سەری نەخۆشییەکان بەکاردەهێندرێن. شایەنی باسە کە ژیان دوای ئەو ماوەیە لە ناوچەکانی دەوروبەری ئەو ئەشکەوتە بە شێوە ساکارەکەی خۆی تا ئێستا بەردەوامە.

( قاوە و چای پێش دەستپێکردنی فێستیڤاڵەکە پێشکەش بە میوانان دەکرێت)

**٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ سێشەممە - رۆژی دووەم**

١٦:٠٠ی پاش نیوەڕۆ تاکو ٢٠:٠٠ ی شەو.

ڕێکخەر: تاسۆس ئیوانیدیس- رۆژنامەنووس.

- "ئاراستە نوێکانی شیعری ئافرەتانی کورد"، د. ئازاد حەمە شەریف

ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لەسەرهەڵدانی ئەو ئاراستە نوێیانە دەکات کە لە شیعری هاوچەرخی ئافرەتانی کوردا دەرکەوتوون. لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەش پێک دێت. بەشی یەکەم تیشک دەخاتە سەر ئەو چەوساندنەوەیەی دژ بە ئافرەتی کورد بەدرێژایی مێژوو پیادە کراوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو عەقلیەتە دواکەوتووەیە، کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەیە و لەپاڵ بوونی سیستەمی باوکسالاری سەدەکانی رابردوو.

بەشی دووەم باس لەم دەنگە نوێیانە دەکات، کە لە دواچارەگی سەدەی بیستەمدا دەرکەوتن. هەرە دیارترینی ئەو دەنگانە : شیرین کەمال و نەزەند بەگیخانی و کەژاڵ ئەحمەد و چۆمان هەردی بوون. هەر دەنگێک لەوان ئاراستەیەکی تایبەتی دەنوێنێت. بۆیە، دەتوانین بڵێین کە ئافرەتی کورد کەوتنە دەربرینی هەستە قووڵەکانی خۆیان و داواکردنی مافەکانیان وەکو مرۆڤ.

بەشی سێیەم سەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دەخاتەڕوو لەگەڵ ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی پەیدابوونی ئەم دەنگانە لە شیعری ئافرەتانەی کورد و لایەنی دەرەنجامەکانی باسەکەش هەر لێرەدا باسی لێوەکراوە. باسەکە بە بیبلۆگرافیا کۆتایی هاتووە.

- ڕۆڵی رۆژنامەگەری لەنوێکردنەوەی هزری نەتەوەیی کورددا د. حەمە دلێر میسری.

رۆژنامەگەری و بزووتنەوەی چاپ و بڵاوکردنەوە، کاریگەریەکی زۆریان بەسەر چالاکی و جوڵاندنەوەی سیاسی و کلتووری نەتەوەکانەوە هەیە، بیری نەتەوەیی کە دیاردەیەکی مێژووییە و لە ڕێگایەوە بیریار و ڕووناکبیر و دەستەبژێر، توانیویانە هەست و سۆزی تاکەکانی کۆمەڵ بوروژێنن و هانیان بدەن بە مێژوو و ڕەچەڵەکی خۆیاندا بچنەوە و کار بۆ ئاینده و چارەنووسی خۆیان بکەن، دیارە ڕۆژنامەگەری هۆکاری گرنگ و ناوەندێکی بەهێز و کەناڵێکی شارستانی لەبارە بۆ گەیاندنی پەیامی دەستەبژێر و دەستەی ڕووناکبیر بۆ خەڵک و جەماوەری ستەمدیدەو هۆشیارکردنەوەیان، هەر لێرەوە هزری نەتەوەیی پێش ڕۆژنامەگەری و دوای سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕۆژنامەگەری جیاوازی زۆریان هەیە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێگایانەی، کە ڕۆژنامەگەرییە بە هۆیانەوە کاریگەری لە گەشەی هۆشیاری نەتەوەییدا و بەرەو پێشچوونیدا هەبووە .

- "ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان دا" شێرزاد حەسەن.

خاڵی سەرەکی لە مەسەلەی ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردی بەڕای ئێمە ئەوەیە، کە حیزبە کوردییەکان نیازیان نییە دەسەڵاتەکانی دادوەری و قەزائی و ڕاپەڕاندن لێک جیا بکەنەوە. لەپاڵ ئەم مەسەلەیەشدا گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی دۆگمای یاسایی دەکەین، بەرهەمی ئەو ململانێیەیە، کە دەکەوێتە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی لەماوەیەکی دیاریکراوی مێژوویيدا.

ئەدگارەکانی ئەم ماوەیە ناهاوسەنگییەکی نەبڕاوەیە لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا، ئەمەش سەرەنجامی ئەو واقیعەیە کە هەندێک لە ڕووناکبیرەکان (لە خزمەتی ڕاستەوخۆی دەوڵەتدان، بەتایبەتی هی بیرۆکراتیەتی مەدەنی و عەسکەری) و هێشتا بەتووندی بەو چینە دەسەڵاتدارە کۆنەوە گرێدراون. بەواتایەکی تر، لەو ململانێیە بەردەوامەی لەنێوان مزگەوت و باڵ و لایەنەکانی حیزبە لیبراڵەکاندا هەیە، مزگەوت پشتگیری لە هەموو حیزبە ئیسلامییەکان دەکات بەوەی کە سەرجەم کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵدەلووشێت (کەچی ئەو تاقە ڕەگەزێکە کە بەهای کۆمەڵگەی مەدەنی بەرەو بچووکبوونەوە


سمکۆ


دیمەنێکی ناو هۆڵی شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئەسینا


سمکۆو حەمیدو د. ئیسماعیل و د. ئازاد - پێش وەرگرتنی ڤیزا

دەبوا یەک لە ئۆتۆمبێلەکان"٥"کەس بێ، چونکە ئەوانی دیکە"٤"کەس بار دەکات، ئەویش تەواوکرا بۆ یەک ئۆتۆمبێل"٥٥$" و بۆ "٤" ئۆتۆمبێل"٢٢٠$"دۆلار و گەیشتینە گەراجی سلۆپی بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەنقەرە.

**لە سلۆپی بە پاس بۆ ئەنقەرە:**

کاتێ گەیشتینە سلۆپی کات زوو بوو، سەودای ئەوەمان کرد چۆن شوێنی"١٧"کەس دابین بکرێ. پرسیمان هەریەک کەس بۆ ئەنقەرە بەپاس بەچەندە. کابرا گوتی:"٦٥"ملیۆن لیرە، واتا ٤٧$ ئێمەش پێشتر بە""٥٠"ملیۆن لیرە یانی"٣٣$" چووبووین. پاش مامەڵەکردنێکی زۆر کابرا ڕەزامەندبوو بە"٥٠"ملیۆن لیرە هەمووان بە"٦٠٠"دۆلار سەرکەوتین، ڕاستە زۆر ماندوو بووین نزیکەی "٢٠"سەعات لەنێو پاس بووین، بەڵام لەجیاتی ئوتێلیش بوو. بەیانی سەعات"٧"گەیشتینە ئەنقەرەو لەوێشەوە بەچوار ئۆتۆمبێل بەرەو ئوتێل"ئاکیوز" کەوتینەڕێ و"٥٠$" کرێی تاکسییەکان بوو، دامەزراین و یەکێک لە تاکسییەکان لەچاوەڕوانی گروپی ئەوەدابوو، کە بچن بۆ سەفارەتی یۆنان.

**ئوتێل ئاکیوز:**

پاش سەوداو مامەڵەیەکی زۆر تواندرا لە ئوتێل بۆ یەک کەس بە"٢٢$"بەکرێ بگرین بۆ ڕۆژێک، بۆ سەرجەم میوانان، کە گشتی کردی"٥٠٠$"بۆ شەوی ١٧/١٦ ی ٢٠٠٩/١٠.

**سەفارەتی یۆنانی لە ئەنقەرە:**

د. ئازاد حەمە شەریف و د. ئیسماعیل قەرەداغی و سمکۆ عەبدولکەریم و من چووین بۆ سەفارەتی یۆنانی سەعات ٨،٥ی بەیانی، بەڵام زووبوو پیاسەیەکمان کردو چایەکمان لە یەکێ کوفیێکانی چانقایا خواردەوەو سەعات ٩،٥ بەیانی چووین بۆ شوێنی مەبەست و ئەوان لەچاوەڕوانی ئێمەدابوون. یەکەم کەس، کە چووە ژوورەوە لە بەردەرگا بەخێرهاتنێکی گەرمیان کردین و گوتیان: ئێوە عێراقییەکانن فێستیڤاڵتان لە ئەسینا هەیە، گوتمان بەڵێ، ئەوان


خاتوو فاتیمە پەناهی

بەڕێزەوە پاسەپۆرتەکانیان وەرگرتو و گوتیان: سەعات ١ی نیوەڕۆ وەرن وەریبگرنەوە. برادەرانی دیکەش خەریکی تەلەفۆنکردن بوون بۆ ماڵ و هەندێکیان ماندبوو بەمەبەستی سەرخەوێ لە ژوورەکانیان خەوتبوون.

**سەعات ١ی نیوەڕۆ ڤیزاکان وەرگیرانەوە:**

دووبارە د. ئازادو من چووین بۆ سەفارەت و لەکۆی ١٩ پاسەپۆرت ١٤ پاسەپۆرت ڤیزای لێدرابوو، هەر هەموویان"شینگن"بوو، تەنیا"٥"یان کێشەی هەبوو"د. ئیسماعیل قەرەداغی و عادل شێخیل" لە فۆڕمەکان بەدحاڵیبوون هەبوو لەپاشان چووینەوە چارەسەرکرا، بە پێدانی ڤیزای"شینگن"بۆ د. ئیسماعیل و پێدانی تەنیا ئەسینا بۆ م. عادل و پێنەدانی ڤیزا بە د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی و ئازاد دارتاش، کە خۆیان ئامادە نەبوون و بۆتان عەلیش کە فۆڕمی پڕنەکردبۆوە، هەوڵی زۆر درا لەپاشان کە ئێمە چووین بۆ ئەسیناو ئەویش سەردانی سەفارەتی یۆنانی کردبوو، قونسل گوتبووی: ڤیزای ئەسینات دەدەینێ و پاش هەفتەیەک تەوا دەبێ، بۆیە بۆتان عەلی قبووڵی نەکردبوو، بۆیە رزگار حەمە کەرمیش نەیتوانی ڤیزا وەربگرێ.

**فەرهەنگ هەولێری و پلیتی تەیارە:**

زۆر هەوڵدرا کە میوانان بە ڕێگایەکی ئاسان و بێ ماندووبوون و هەرزان بگەنە شوێنی میواندراییەکە، بەڵام ڕووی فەقیری ڕەشبێ. وەکو گوتم: میزانییەکەمان"١٠٠٠٠"هەزار دۆلار بوو. بۆیە نەدەکرا بە فڕۆکە سەفەر بکەین. چووین بۆ وێستگەی شەمەندەفەر، نەماندەزانی ئەوەندە خۆش و موریحە. هەندێ لە میوانان پێشنیازی ئەوەیان کرد ئەگەر هەریەکی ١٠٠دۆلار بدات دەتوانن بە تەیارە سەفەرە بکەن، بۆیە لەگەڵ د. ئازاد حەمە شەریف و مەهدی ئەبوبەکر پاش ٤جار چوون بۆ ئوتێل"هت هت"کە چۆن هەرزانترین هێڵ بدۆزینەوە بەمەبەستی سەفەر، کە تواندرا لەڕێگای یۆنانەوە بە هێڵی"Aegan Air"پلیت بە"١٣٥"یۆرۆ کە دەکاتە"٢٠٥"دۆلار بۆ یەک کەس و بۆ ١٦کەس کە ٤ سەعات خەریک بووین، تواندرا پلیتەکان ببردرێن، کە کۆی گشتی کردی"٣٥٠٠"دۆلار لەگەڵ"٢٠٠" دیاری و یارمەتی بۆ کاک فەرهەنگ وەک کۆمیسیۆن، جگە لەمەش تواندرا پاسێک بۆ میوانان، تایبەت بەکرێ گیرا، یەکسەر لە ئەنقەرەوە بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەتاتورک بە"٦٠٠$"، کە شۆفێرەکەی ناوی"مستەفا"بوو، وابزانم خۆشترین کات لەنێو پاسەکە گوزەرا بە گۆرانی و مەقام و بەدرێژایی ڕێگاکە. سەعات ١ی نیوەڕۆ گەیشتینە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەتاتورک و لەنێو فڕۆکەخانە بۆردینگ بۆ هەمووان کرا.

**٢٠٠ کیلۆ کتێب و دیاری:**

هەمووجار خەمی گەورەم ناردنی کتێبەکان و دیارییەکانە یا کەل و پەلی سازدانی فێستیڤاڵە. ئەمساڵیش وەکو ساڵان هەگبە قورسەکەم لەکۆڵ ناو بەرەو مەملەکەتی شارستانی و لانکەی مرۆڤایەتی"یۆنان" ڕۆیشتین و، بارکردن و دابەزینی ئەو هەموو سندوق و کارتۆن و جانتایانە هەروا ئاسان نییە، بەڵام خوەیەکی ڕووناکبیرییەو ناتوانم ئەنجامی نەدەم و ناشکرێ جانتاکەم تەنیا"١٠"کیلۆ شتومەکی تێدابێ، ئینجا هەمووجار زۆربەی برادەران بۆڵە بۆڵیان دەهات سەبارەت بەم بارە قورسە، تەنیا ئەمجارە نەبێ، هەر هەموویان هیممەتیان کرد، چونکە"٢٠٠"کیلۆ زۆر قورس بوو، منیش سوپاسیان دەکەم.

**بەیانی و سەباحەددین و ئەستەنبۆل:**

هەرزوو لە ئەستەنبۆل فەرهەنگی هاوڕێمان پێی گوتین ئەگەر بەپاس دەڕۆن لەڕێگادا لەچێشتخانەی"سەبا حەددین"لابدەن و نانی بەیانی بخۆن، چونکە بەڕاستی نانی بەیانییەکی هەیە کە خۆی لە"٩٠"جۆر دەدات، بۆیە "د. ئازاد حەمە شەریفیش" گوێی لەم قسەیە بوو، بۆیە لەڕێگا تێکڕا دەیانگوت:"سەباحەددین"، لە سەباحەددین دابەزین نانی بەیانی خورا، ئێمەش ئەو بەیانییەمان ناونابوو"خواردنی شانەدەر و داوەتی بەیانیانی میوانانی بەدرخان بۆ یۆنان" بۆ"١٧"کەس"١٨٠$"بوو، هەر یەک کەس""١٠ملیۆن لیرە". چونکە دەیانگوت ئەوەی بەپاس بچێتە ئەستەنبۆل و لێرە نان نەخوات وەک ئەوە وایە کە نەهاتبێ. ئەوەم بیر دێنێتەوە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو دەیانگوت ئەوەی بێتە هەولێر، نان و کەباب نەخوا وەکو ئەوە وایە نەهاتبێتە هەولێر...!.

**دیارییەکانی هەولێر بۆ ئەسینا:**

کوردەواری گوتوویانە"دەستی و دیاری" بۆیە هەمووجار دەزگای بەدرخان، کە چالاکی لەدەرەوەی کوردستان دەبێ کۆمەڵێک دیاری و میدالیاو لۆگۆو شتی دیکە بەمەبەستی بەخشینەوە وەکو دیاری دروست دەکات. بۆ ئەمجارەیان ئەم دیارییانە ئامادەکرابوو"کڕینی ٢٠خورجی، مەدالیای گەورە، لۆگۆی فێستیڤاڵ، فانیلا، کلاو، کتێب، ٤فۆڵدەر، پۆستەر، فیلمی دیکۆمێنتاری بەدرخان، کە هەموویان بە دۆلار کردی"٢٠٢٠$"دووهەزار بیست دۆلار، هەموویان بەسەر میوانان دابەشکرا.

**فڕۆکەخانەی ئەسینا:**

هەر لەگەڵ گەیشتنی میوانان بۆ نێو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەسینا لەلایەن کاک حوسێن و ڕەوا حەمەکەریم و شەماڵ و تاسۆسی یۆنانی و برادەرانی دیکە هاتنە پێشوازی وەفدەکە. بە ئۆتۆمبێلێکی ٢٠ نەفەری میوانان بۆ شوێنی مەبەست کەوتنەڕێ و لە هوتێلی مینوا لەناوەڕاستی شار لە ئامۆنیا بۆ پشوودان بارگەیان خست، بۆ"١٦"کەس "٨"ژووریان گرتبوو، هەریەک ژوور"٢"کەس و بۆ یەک کەسیش"٣٠"یۆرۆ لە ڕۆژانی ١٧–١٨–١٩–٢٠/١٠/٢٠٠٩ ژوورەکانیش"دڵزار حەسەن، شێرزاد حەسەن" "ئازاد سادق، هەژار سدیق" "سمکۆ عەبدولکەریم، حەمید بەدرخان" "دلشاد زاموا، جەوهەر کرمانج" "کەریم قادر، عادل شێخیل" "عەلی ئەحمەد، ستار محەمەد ئەمین" "د. ئیسماعیل قەرەداغی و د. ئازاد حەمە شەریف" "د. حەمە دلێر میسری و مەهدی ئەبوبەکر" ئەو میوانانەی تێدا دەژیاو تا تەواوبوونی فێستیڤاڵەکە بێ کێشەو گیروگرفت بوو، پارەی هەرچوار ژوورەکە"١٩٢٠"یۆرۆ بوو، کە بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە بە سوپاسەوە پارەکەی خەرجکرد، ڕۆژی دوای فێستیڤاڵ ١٠/٢١ میوانان خۆیان پارەکەیان دا.

**٢٠٠٩/١٠/١٨ جەوهەر کرمانج گەیشت:**

لەچاوەڕوانی سەرۆکی وەفددا بووین، بە ئێمە ڕاگەیەندرابوو بەڕێز جەوهەر کرمانج یاریدەدەری هەڤاڵ مام جەلال بۆ کاروباری ڕووناکبیری لە لوبنانەوە دەگاتە یۆنان، بەڵام ناوبراو لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی بەرەو ئەستەنبۆل و لەوێشەوە بۆ یۆنان کەوتبووەڕێ، ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٨ سەعات ٩ی بەیانی دەگاتە یۆنان، لەلایەن کاک حوسێن بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخستنی"ی.ن.ک"لە یۆنان پێشوازی گەرمی لێکرا، ناوبراو بەڕێگای فڕۆکەخانەوە گەیشتبووە یۆنان بڕی تێچوو بە پلیتی فڕۆکە"٦٠٠"دۆلار بوو.

**ڕەوا حەمەکەریم گوڵی یۆنان:**

من زوو گوتوومەو دەیڵێمەوەو پەشیمانیش نیم کە لەماوەی ئەو ٦مانگەی، کە"ڕەوا



حەمەکەریم"خەریکبوو لەگەڵ دەزگای بەدرخان و پارتی سۆسیالیستی یۆنانی"پاسۆک" ئەگەر ئەو نەبووا هەرگیز ئەم فێستیڤاڵە ئەنجام نەدەدرا. بۆیە لەجێگای خۆیەتی دەستخۆشی و سوپاسی کاکە ڕەوا بکەم. هەروەها ناشکرێ ڕۆڵی کاک حوسێن و شەماڵ و دژوار و عیرفان و محەمەد و برادەرانی کۆمیتەی"ی.ن.ک"لە یۆنان لەبیر بکرێ، کە لەخۆبووردووانە کارەکانی ئێمەیان ڕاپەڕاند. بۆیە هیواخوازین لەجارەکانی دیکە، کارەکان بەهاوبەشی ئەنجام بدرێت.

**وتاری لیژنەی باڵای شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان** (١٩-٢٠/١٠/٢٠٠٩)

میوانانی بەڕێز

جەوهەر کرمانج نوێنەری بەڕێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ

ئەنتۆنیس کاراس – پۆلینا لامپسا نوێنەرانی پارتی سۆشیالستی یۆنان– پاسۆک.

نوێنەری باڵیۆزخانەی عێراق لە یۆنان

نوێنەری حزبە سیاسییە عێراقی و کوردییەکان لە یۆنان

ئەمساڵیش وەک ساڵەکانی دیکە فێستیڤاڵی بەدرخان پیرۆز دەکەین. ساڵانی پێشوو ئەم فێستیڤاڵە لە یادی ڕۆژنامەنووسی کوردی (٢٢–٤–١٨٩٨) ساز دەکرا، کە لە (٢٢–٤–٢٠٠٤)ەوە تا((٢٢–٤–٢٠٠٨) هەر پێنج فێستیڤاڵی بەدرخان لە (سلێمانی– دهۆک– هەولێر– بەرلین– قاهیرە) بەسەرکەوتوویی ئەنجامدراون.

بۆ ئەم مەبەستە وەفدێکی دەزگای بەدرخان لە کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠٠٩ دا سەردانی ئەسینای پایتەختی یۆنانی کرد بە مەبەستی پیرۆزکردنی یادی ١١١ سەدو یازدە ساڵەی لەدایکبوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی(کوردستان)، کە لە ٢٢–٤–١٨٩٨ لە چاپخانەی دار الهلال لە قاهیرە چاپکراوە.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەم فێستیڤاڵە ساڵانە لە کاتی خۆی ئەنجام دەدرا، بەڵام ئەمساڵ بە هۆی هەڵبژاردنەکانی ئەورووپا و پەرلەمانی یۆنان سێ جار دواخرا.

بەڵام دواجار ئەوە دەبینین کە ئەم فێستیڤاڵە لە ١٩–٢٠ /١٠/ ٢٠٠٩ لەم وڵاتە جوان و دڵرفێن و مرۆڤ دۆستە، کە مرۆڤایەتی قەرزارییەتی ئەنجامدەدات، چونکە گریگستان یان یۆنانستان لانکەی شارستانییەت و باوکی ڕۆحی فیکر و هەموو ڕێبازە فیکرییەکان بووە، یۆنان ئەو وڵاتەیە، کە دڵی بۆ گەلان کردووەتەوە، ئەوانیش هەوای ئازادی و دیموکراتی هەڵدەمژن و تینوێتی خۆیانی پێدەشکێنن.

دروشم و ناونیشانی هەر ساڵێک لە فێستیڤاڵەکان جیاوازبووە و ئەمساڵیش لە ٢٢ی ٤ ئەنجام نەدرا، لەبەرئەوە ئەمساڵ دروشمێکی جیاوازمان هەڵبژارد، کە ئەویش دروشمی(لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە بۆ ئەکرۆپۆلیسە) بۆ ئەوەی ببێتە پردێکی ڕۆشنبیری لە نێوان گەلی کورد و گەلی یۆناندا، دیارە ئەشکەوتی شانەدەر پێش ٦٥هەزار ساڵ پێش زایین ژیانی تێدا بووە، کە لە نێو پۆلینکردنی نێوی جۆری مرۆڤ بە مرۆڤی (نیاندەرتاڵی شانەدەر) ناو دەبرێت، هەروەها ئەکرۆپۆلیسیش هێما و دروشمی یۆنان و ئەسینایە.

وەک نەریتێکی ساڵانەو لە خۆبردووانە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ئەو شار و شار دەکات و وڵات بە وڵات وەک گەڕیدە بە پاص و باخیرەی زەبەلاح و جار بەجاریش بە فڕۆکە دەگەڕێت، مەبەستیشی دروستکردنی پردی ڕووناکبیری و ئەزموونی گەلانی پێشکەوتنخوازە تاوەکو لە ڕێگەی ئەو چالاکییانەوە سوودێک بە کوردستان و گەلی کورد بگات.

خۆ ئامادەکردن بۆ چالاکییەکی ئەوها بەرفراوان بە تەنیا بە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ئەنجام نادرێ، ئەگەر پشتگیری و هاوکاری مادی و مەعنەوی نەبێت. دیارە سازدانی شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان بە پشتگیری و چاودێری د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح (جێگری سکرتێری گشتی ی.ن.ک)بوو، ئێمەش لێرەوە سوپاسی دەکەین.

ناشکرێ ڕۆڵی پارتی سۆسیالیستی یۆنان (پاسۆک) لە بیر بکرێ، چونکە ئەوان بە هاوکاری ڕەوا حەمە کەریم، کە زۆر لە خۆبردووانە و ژیرانە کارەکانیان ئەنجام دا، داینەمۆی ڕاپەڕاندنی کارەکان بوون لە یۆنان، من بۆ مێژوو دەیڵێم ئەگەر ڕەوا حەمە کەریم نەبوایە هەرگیز ئەو فێستیڤاڵە لێرە ئەنجام نەدەدرا.

لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی پارتی سۆسیالستی یۆنان بەتایبەتی خاتوو پۆلینا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پاسۆک و جێگرەکەی بکەم، سوپاسی لێپرسراوی بیرۆی دەرەوەی (ی.ن.ک) سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بکەم، سوپاسی ڕەوا حەمەکەریم و کۆمیتەی یۆنان بکەم و سوپاسی سەرۆکی شاند جەوهەر کرمانج و شاندە ماندووەکە بکەم، کە تا گەیشتینە یۆنان نزیکەی چل سەعات لە نێو ئۆتۆمبێل بووین. بەدرخان داوای لێبووردن لەوانەش دەکات، کە بە نیاز بوون هاوکارمان بن لەم چالاکییەدا، بەڵام بەختی هاتنیان نەبوو.

لێرەدا ڕایدەگەیەنین کە ساڵی داهاتوو حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ٢٢ی ٤ی ٢٠١٠ لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا بە هاوکاری بەشی کلتووری و هونەری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

سوپاس بۆ گەلی یۆنان، سڵاوی میللەتی کورد، کە میللەتێکی چل و پێنج ملیۆن کەسییە لە هەموو گەلانی دنیا و میللەتە ژێر دەستەکان بێت بەو هیوایەی کە بگەن بە مافی چارەنووسی خۆیان . هەر لێرەوە سوپاس بۆ بەدرخانییەکان و لە سەرووی هەموویانەوە میر بەدرخان و هەردوو کوڕەکەی میقداد و عەبدولڕەحمان، کە دوو سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان بوون، کە ٣١ ژمارەی لێ دەرچوو. بە شانازییەوە دەزگای بەدرخان لە دوو چاپی جیاوازدا لە چاپی داوەتەوە، تەنیا ژمارە نۆزدەی نادیارە و بە هیواین لە ئایندەیەکی نزیکدا ژمارە نۆزدەش بدۆزینەوە.

بژی مرۆڤایەتی – بژی دادپەروەری

بژی کۆمەڵگەی هوشیار و تەندروست

بژی دیموکراتی و مافی ژن و سەروەری یاسا

لیژنەی باڵای شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان – لە یۆنان

٢٠٠٩/١٠/١٩ – یۆنان

* لەلایەن حەمید بەدخانەوە خوێندرایەوە.

**پەیامی جەنابی مام جەلال – سکرتێری گشتی(ی.ن.ک)**

**بۆ شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان**

خوشک و برایانی خۆشەویست:

سەرۆک وەزیرانی یۆنان، جۆرج پاپاندریۆ

سەرەتا. سڵاوی گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی بە گەل و حکومەتی یۆنانی ڕادەگەیەنم، دواتر پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە پارتی سۆسیاڵیستی یۆنان دەکەم، کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە جارێکی دی متمانەی گەلی یۆنانیان بەدەستهێناو سەرکەوتن.

بەڕێزان:

سازدانی ئەم فێستیڤاڵەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لەم وڵاتە جوانەدا خۆی لەخۆیدا جگە


دیمەنێک لە شاری ئەسینا
فۆتۆ: سمکۆ


شاندی فێستیڤاڵ لەسەر مەزاری پیرۆزی مەم و زین


ئێوارەخوانێک لەلایەن پارتی پاسۆکی یۆنانی


شێرزاد حەسەن لەکاتی پێشکەشکردنی بابەتەکەیدا

# هونەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com
ژمارە ٣٩ - ١٢٨ - یەک شەممە ٢٠٠٩/١١/٨ی زایینی


## چالاکییە بەردەوامەکان وەک گەواهیدەرێکی زیندوو

# هەولێر پایتەختی گەشەسەندنی هونەر لە کوردستان


ڕۆژی جیهانی میوزیک - هەولێر


**مەسعودی مەلا هەمزە**


ئەگەر بمانەوێ باس لە مێژووی شاری هەولێر بکەین، ئەوا بێ شک پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی یەکجار وردی مێژوویی دەبێ، کە ئەوەیان کاری تایبەتی کەسانی مێژوونووس و مێژووناسانە، وەلێ هەر ئەوە نەبێ، کە دەزانین هەولێر کۆنترین شاری جیهانەو وەک دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن لە لێکۆڵینەوەکەی "کۆنترین ئایین لە کۆنترین شار" سەلماندوویەتی کە وێڕای ئەوەی هەولێر کۆنترین شاری جیهانە، ئەوە کۆنترین ئایینیش هەر لەو شارە سەری هەڵداوە و گەشەی سەندووە، ئەوە جگە لەوەی لەرێگای ئێسکی ئەو مرۆڤانەی لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزراونەتەوە، دەرکەوتووە کە مێژووی ژیان لە ئەشکەوتی شانەدەر کە ئەشکەوتێکە دەکەوێتە سنووری پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەها ساڵ بەر لە زایین، لەوانەش گرنگتر بەشێک لە شوێنەوارناسان بە قووڵی و بە بوونی سەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراو سەلماندوویانە، کە ئەو شارە "هەولێر- ئەربیل" چەندە کۆنەو لە زووەوەش ژیانی تێدابووە و تا ئێستاش ژیان تێیدا بەردەوامە.

سەرەڕای هەموو ئەو رایانەی سەرەوە، کە لێکۆڵینەوەگەلێکی یەکجار زۆری پێویستە بۆ تەواو سەلماندن و خستنەڕووی ئەو راستیانە، وەلێ مەبەستمە لێرەدا لەڕووی هونەرییەوە باس لە ئێستای شاری هەولێر بکەم، کە جیاواز لە جاران ئێستا هەولێر بۆتە پایتەختی گەشەکردن و بەرەو پێشبردنی هونەر لە کوردستان.

گەر بێت و بگەڕێینەوە بۆ مێژوو و بمانەوێ باس لەمێژووی هونەر لە شاری هەولێر بکەین، ئەوا بەهیچ جۆرێ نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە لە ساڵی "١٩١٨" بۆ یەکەمجار لە قوتابخانەی "ئەربیل ئولا" شانۆگەری "سڵاحەدینی ئەیوبی" نمایشکراوە، لە بواری گۆرانی و مۆسیقاشدا چۆن دەکرێ هەریەک لە هونەرمەندان "شەهابەی هەولێری، مشکۆ، رەسول گەردی، قادر زیرەک، فوئاد ئەحمەد، تاهیر تۆفیق، سێوە و چەندان و چەندانی دیکە لە یاد بکەین، کە هەریەک لەوانە نەک لە هەولێر بگرە لە کوردستان بە گشتی خاوەنی ناو و دەنگی خۆیان بوونە و کاریگەریان بەسەر هونەری کوردی جێهێشتووە، خۆ جیا لەو دوو بوارەش چەندان هونەرمەندی دیکەمان هەبووە کە لە بوارەکانی دیکەی هونەری کاریان کردووە و جێ پەنجەیان دیاربووە، وەکو: "ئەبو سەباح، مەلا ئەنوەری قانونژەن، دانیال قەساب، باکووری...هتد" هەموو ئەو ناوانە و چەندانی دیکە بە پێشەنگ دادەنرێن لە هونەرمەندانی هەولێر، وەلێ دوای ئەوانیش شاری هەولێر بەردەوام بووە لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی هونەرمەند، نەک هەر ئەوە بگرە زۆرجار هەولێر بۆتە بنکەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی هونەرمەندانی شارەکانی دیکە، ئەوەتا "حەمەجەزا"ی گەورە هونەرمەند لە هەولێر پەروەردە بووە و ناسراوە، زۆرجاریش دەگوترێ حەمە جەزا هونەرمەندێکی هەولێرییە، ئەگەرچی ئەو لەدایکبووی سلێمانییە، وەلێ توانا هونەرییەکانی لە هەولێر سەریهەڵداوە و گەشەی سەندووە، کەوابێ هەولێرێک سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و زۆرییەی لێی کراوە و خەڵکەکەی چەوسێنراوەتەوە، کەچی ئەوە دەبینین هەولێر بەردەوام بووە لە دەرخستنی بەهرەی هونەرمەندە بە تواناکان.

ئەگەر لە باسکردنی توانا فەردییەکان بێینە دەرەوە و باسی تیپە هونەرییەکانی هەولێر بکەین، خۆ دەبینین ئەو تیپانەش رۆڵی یەکجار گەورەو گرنگیان هەبووە لە خزمەتکردن و پێشخستنی هونەر، هەر لە تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە و تیپی هونەری هەولێر و کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی و چەندان و چەندان تیپی دیکە، ئەگەر ورد سەیری چالاکی ئەو تیپانە لەو سەردەمدا بکەین، دەبینین ئەو تیپانە جیا لەکاری هونەری زۆرجار بەشدارییان لەکاری خێرخوازیشدا کردووە، هەر بۆ نموونە ئەو ئاهەنگەی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، کە لە پەنجاکان سازیانکردو داهاتەکەیان بۆ ئەو کەسانە نارد، کە بەر لافاوەکەی شاری سلێمانی کەوتبوون.

کەواتە گەر هەولێرێک لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوو تا کۆتایی هەمان سەدە بەو شێوەیە کاری هونەری تێدا ئەنجامدرابێ، چۆن دەبێ لە ئێستاداو دوای ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی بەسەر شارەکەدا هاتووە و پێی دەگوترێ دوبەی کوردستان، پێشکەوتن و گەشەسەندنی هونەریش گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبێ.

بە بڕوای من دەبێ هەمووان ئەو وتە بێ مانایە لەبیر خۆیان بەرنەوە، کە جاران گوتراوە "هونەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەرهەڵدەداو لە سلێمانی گەشە دەکاو لە هەولێریش دەمرێ" لەبەرئەوەی ئێستا بە هەموو پێوەرەکان و ئەگەر بە ویژدانەوە قسە بکەین دەبینین کە هەولێر شارێکە هونەر تێیدا گەشە دەکاو لەمردن رزگاری دەبێ، هەقم بەسەر ئەوە نییە کەسێک یان چەند کەسانێک هەبن لەو شارە هونەریان شێواندبێ، وەک ئەوەی ناسر رەزازی دەڵێ: "هەڵکەوت زاهیر لە هەولێر هونەری مراندووە"* لەبەرئەوەی هیچ گومانێکی تێدا نییە ئەگەر هاتوو لە شارێکی گەورەی وەک هەولێر کار زۆر کرا، ئەوا بۆریشی تێدەکەوێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کارە باشەکان زیاترن لە خراپەکان.

ئەو قسەیەشم مانای وانییە نەخوازەڵڵا لە شارەکانی دیکەی کوردستان چالاکی هونەری کەم بێ یا نەبێ، نەخێر بە پێچەوانەوە، لەوانەیە لە شارەکانی دیکەش چالاکی هەبێ و زۆریش بێ، بەڵام بەو پێیەی هەولێر پایتەختە و تێشیدا دەژیم، بۆیە زیاتر ئاگاداری کارەکانی ئەو شارەم.

دوای هەموو ئەو باسانەی کە کردم، ئەگەر بە وردی باس لە چالاکییە هونەرییەکانی هەولێر بکەم، دەردەکەوێ کە چالاکییەکان چەندە زۆرن، بەڵام هەوڵدەدەم چالاکی لەهەر بوارێک بەجیا بخەمەڕوو:

**یەکەم: شانۆ**

وێڕای ئەوەی بەشێک لە هونەرمەندان باس لە قەیرانی شانۆ دەکەن، کەچی ئەگەر دوور نەڕۆین و سەیر بکەین هەر لە ماوەی ئەو چەند مانگەی کۆتایی چەندان شانۆگەری نمایش کران، هەر لە "پەناهەندەکان، تەنها یەک شەو، کوشتنی خەونێکی پەمەیی، کەرنەڤاڵی دکتۆر فاوست، وەسیەت، کۆتایی گەمە، تارمایی ژنێک، ببووره هەڵەبووم..." و چەندانی دیکە، ئەوە جگە لەو وۆرک شۆپە ١٠ رۆژییەی هەردوو شانۆکاری کورد خەرمان هیرانی و هێرۆ سەباح بە داوەتی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر سازیانکردبوو، هەروەها نمایشی ئەو شانۆگەرییانە لە فێستیڤاڵی ساڵانەی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر نمایشکران، ئەو هەموو نمایشە گەرموگوڕی هونەر لەو شارە دەنوێنێ، بە تایبەتی بە جۆرێک کە دوێنێ شانۆیی کۆتایی گەمە نمایشکراو بۆ بەیانییەکەی مینی درامای هاوارەکانمی ناوەندی کەرکووکی رێکخراوی هونەرمەندان و بۆ رۆژی دواتریش شانۆگەری "ببووره هەڵەبووم"ی تیپی شانۆی منداڵانی سلێمانی، بەهێنانەوەی نموونەی ئەو ٣ نمایشە دەردەکەوێ وێڕای ئەوەی چالاکییە هونەرییە شانۆییەکانی هەولێر بەردەوامن، ئەوا نمایشی شارەکانی دیکەش لە هەولێر نمایش دەکرێ و باوەشی ئەو شارەیان بۆ کراوەتەوە، بەشی هەرە زۆری ئەو کارانەش بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر وەک بەڕێوەبەرایەتییەکی چالاک ئەنجامی دەدا.

**دووەم: شێوەکاری**

وێڕای ئەوەی هونەری شێوەکاری بەگشتی پەراوێز خراوە و وەکو پێویست بایەخی پێنادرێ، کەچی دەبینین چالاکییە شێوەکارییەکان لە هەولێر بەردەوامن و خەریکە بەبێ پچڕان نمایش دەکرێن، بۆ نموونە بە بەردەوامی بوونی پێشانگا لە گەلەری شانەدەر و کردنەوەی پێشانگای تایبەتی بەڕێز عەبدوڵڵا و ئاری سوبحی کۆیی و دوای ئەویش پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی سریان و چەندان چالاکی دیکە، ئەوە خۆی لە خۆیدا گەرموگوڕی چالاکی شێوەکاری لەو شارە دەنوێنێ.

**سێیەم: مۆسیقا**

چالاکییە مۆسیقییەکان لە هەولێر دەبنە چەند جۆرێک، بۆ نموونە "کۆنسێرت، بەرنامەی تەلەفزیۆنی، ئاهەنگی تایبەت، زیندووکردنەوەی بۆنەو یاد... هتد" ئەگەر بە وردی باسی هەریەک لەو بەشانە بکەین، دەردەکەوێ کە ئەو شارە لەڕووی مۆسیقییەوەش چەندە چالاکە، بۆ نموونە کۆنسێرتی تایبەتی هونەرمەندان موعین و جەمشید، دەبێ لەو کوردستانە چ چالاکییەکی گەورەتری مۆسیقی لەوەی موعین و جەمشید ئەنجامدرابێ، لەپاڵ ئەوەش چالاکییەکانی رۆژی جیهانی میوزیک لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان و شوێنە مۆسیقییەکانی دیکە، یادکردنەوەی خاڵە تاهیر تۆفیق لەلایەن بنکەی مەقام و پەیمانگای هونەرەجوانەکان...هتد" ئەمە وێڕای ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەڵبوومە میوزیک و گۆرانییەکانی کوردستان لەو شارەو لەلایەن شوێنە تایبەتەکان بەو بوارە بڵاودەکرێتەوە.

لەپاڵ هەموو ئەوانەدا رۆژانە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەبینین چەندین بەرنامەی هونەری لە هەولێر و شارەکانی دیکە تۆمار دەکرێن و بە کۆمەڵ میوزیکژەنی هەولێر لە تۆمارکردنی ئەو بەرنامانە بەشدارن، کێ هەیە بتوانێ نکۆڵی لەوە بکا، کە ئەوە بەشی هەرە زۆری میوزیکژەنانی هەولێرن لە هەموو کوردستان ئیعتمادیان لەسەر دەکرێ و پشتیان پێ دەبەسترێ.

**چوارەم: سینەما**

سەرباری نەبوونی هۆڵی سینەمایی، دەبینین لە شاری هەولێر چالاکییە سینەماییەکان نەوەستاون، لەوانەیە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی هونەر هەندێ ساردوسڕی پێوە دیاربێ، وەلێ سەیر دەکەین ماوەیەک لەمەوبەر هەفتەی فیلمی کوردی سازکراو تێیدا لە پارکی منارەو هۆڵی پێشەوا چەندان فیلمی کوردی نمایشکران، دوای ئەویش فێستیڤاڵی سینەما لە پارکی منارە سازکرا، ئەوە جگە لەوەی هەر لەو ماوەیەدا چەندان فیلمی سینەمایی لە هەولێر وێنەگیراون و بەرهەم هاتوون وەکو "چاپڵنی چیاکان، گەڕەکی داهۆڵەکان، گوڵەکانی کەرکووک، ماندوو، ئەو سێوەی کە دڵی من بوو، کەواتا چاوەڕێ بە، سرتە لەگەڵ با..." جگە لە کورتە فیلم و ئەو فیلمە دیکۆمێنتییانەی رۆژانە بەرهەم دەهێنرێن.

**پێنجەم: چالاکی هاوبەش و تێکەڵ**

سەرباری ئەو چالاکییە تایبەتییانەی لە هەولێر ئەنجامدەدرێن و سازدەکرێن، لەماوەی رابردوو پەیمانگای گۆتەی ئەڵمانی بە هاوبەشی لەگەڵ لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد رۆژانی کلتووری "ئەڵمانی- کوردی"یان سازکرد و تێیدا بۆ ماوەی ٣ رۆژ و بە بەردەوامی چەندان چالاکی "شانۆیی، شێوەکاری، سینەمایی، مۆسیقا و گۆرانی"یان بە هەردوو زمانی ئەڵمانی و کوردی سازکرد و هەمدیسان ئەو جۆرە چالاکییە هاوبەشەش گەرموگوڕی هونەر لە هەولێر دەنوێنێ.

کەواتا بێ شک دەتوانین بڵێین لە پاڵ ئەوەی هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە، ئەوە بۆتە پایتەختێکیش و هونەرمەندانی شارەکانی دیکەی کوردستان دێن لە هەولێر کاری هونەری دەکەن، وەکو پێشتر بە چەندین نموونە باسمکرد و لەپاڵ ئەوانیش پێشانگای هاوبەشی شێوەکاری هونەرمەندانی سلێمانی و نمایشکردنی شانۆیی هاڕون و رێزلێنان لە هونەرمەندی گەورەی کورد و پەروەردەی هەولێر حەمە جەزای شۆڕشگێڕ و نمایشکردنی چەند کارێکی ئەوروپی و هونەرمەندانی کوردی نیشتەجێی ئەوروپا لێرە.

* دیداری ناسر رەزازی، ژمارە١٠٠ی بەدرخان.


ڕۆژانی کلتووری کوردی - ئەڵمانی


شانۆگەری کەرنەڤاڵی د. فاوست


پێشانگایەکی شێوەکاری


پێشانگای هونەرمەندێکی کەرکوکی لە هەولێر


کاوە کاوانی لە گۆرانی لێرم و لە هەولێرێ

# شەهرامی عەلیدی دەرهێنەری فیلمی سینەمایی سرتە لەگەڵ با

**هونەرمەندی سینەماکاری ڕۆهەڵاتی کوردستان "شەهرامی عەلیدی" دوای چەندین کاری سینەمایی، لە ماوەی ڕابردوودا فیلمێکی سینەمایی بەناوی "سرتە لەگەڵ با" دەربارەی ئەنفال بەرهەمهێناو ئەو فیلمە لە خولی "٦٩"ەمینی ڕەخنەگرانی فێستیڤاڵی کانی نێودەوڵەتی "٣" خەڵاتی بەدەست هێنا، دەربارەی ئەو کارە دواندمان...**

**ئا: هونەری بەدرخان**

*** سیناریۆ و بیرۆکەی فیلمی "سرتە لەگەڵ با" چۆن دروست بوو؟**

– یەکەم جار کە ناوی ئەنفالم بیست، ئەوکاتە خەریکی فیلمکردن بووم، بەڵام هیچ زانیارییەکم لەسەر ئەنفال نەبوو، ئەوکات هیچ بەڵگەیەکی واش نەبوو بە کتێب یا شتی دیکە، تەبعەن باسی ئەو ساڵانە دەکەم کە لە زانکۆی تاران بووم دەمخوێند، ئینجا دوایی بەرە بەرە بە شیعر دیکۆمێنتم دەستکەوت، ئینجا بە کەسەکان، مەسەلەکە لەبەرئەوە نەبوو ببێتە فیلمێک، وەلێ وردە وردە کاریگەری لێم کرد و هەستم کرد دەبێ ئیشێک بکرێ نەک تەنیا بۆ مەسەلەی ئەنفال، بۆ ئەوەی کە هەوڵدان بۆ نەمانی کورد مێژووەکەی زۆر زۆر کۆنە، هەتا کۆنتریشە لە ئەنفال و ڕژێمی سەدام، هەر کەسێک کە دژی کورد بووە هەوڵی ئەوەی داوە، یانی ئەو مەسەلە گشتییە زیاتر بۆمن گرنگ بوو، یانی پاراستنی مانی کورد یەکەم شت بوو کە منی هاندا بۆ ئەو کارە.

*** باسی ئەو کارەساتانە دەکەی کە پێش ئەنفالیش بەسەر کورد هاتوون، بەڵام چۆن بڕیارتدا لەناو هەموو ئەوانە کار لەسەر ئەنفال بکەی؟**

– ئەوە شتە گشتییەکەیە وەکو کوردێک هەستێکی وام هەیە، بەڵام بتەوێ و نەتەوێ بۆ ئەوەی بتوانی کە شتێک بکەی دەبێ تەرکیز بکەیتە سەر ئەو شت و ڕێنماییە، خۆ گرنگترین هەوڵێک کە دراوە بۆ نەمانی کورد لە مێژوودا ئەنفالە، ئەوەی دیکە پچڕ پچڕ بووە یان هیچ نەبووە، من وەکو سینەماکارێک و وەکو سیناریستێک هیچ بەڵگەیەک نییە کە هانم بدات، تەنها هەستێکە، ئەوە گرنگترین شت بوو کە ئێستا مێژووەکەی ماوەتەوە، ئەوانەی تیای بوون ماونەتەوە بۆ ئەوەی ئینسان هەستی لێ وەرگرێ، بۆیە من ئەنفالم هەڵبژارد، تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەنفالیش کە ئەوانی دیکە نیانە ئەویش ئەوەیە ئەنفال جینۆسایدی خەڵکی بێ تاوانە، یانی ئەوەی کە سقیلە، ئەوە بۆ خەڵکی جیهان زۆر زۆر گرنگە، یانی تۆ گەر باسی شەڕ بکەی کە تۆ وەک پێشمەرگەیەک شەڕ دەکەی، ڕەنگە لە دنیا لەگەڵت هاوڕا نەبن، چونکە دەڵێن تۆ شەڕت کردووە و ئەویش شەڕی کردووە، ئەوە شەڕە و کێشەیەکە کەس تەداخولی ئەو کێشەیە ناکا، بەڵام کە تۆ بڵێی مرۆڤی بێ گوناە لەو شەڕەدا مردووە، کەسێک کە هیچ چەکی نەبووە و هەوڵیشی نەداوە بۆ کوشتنی کەسی دیکە، بەڵام کوژراوە، خەڵکی دنیا دێن لەگەڵتا هاوڕا دەبن، ئەوە بۆ من زۆر گرنگ بوو، مەبەستێکی سەرەکیشم کە ئێستا فیلمەکە تەواو بووە ئەوکات لەبەر هەندێ شت باسم نەدەکرد، بەڵام ئێستا بەڕوونی باسی دەکەم، ئەویش ئەوەیە کە بەڕاستی ئەو کیان و خەونەی ئێستا هاتۆتەدی پێویستی بە گرنتی و پاراستن هەبوو، ئێمە وەکو سینەما کە دەتوانین کاریگەری بخەینە سەر دنیا و ڕای کەسە گەورەکانی دنیا بگۆڕین، پێویست بوو وەکو سینەماکاری کورد وابکەین یەکەم هەنگاوی پاراستنی ئەو کیانە هەڵگرین، چۆن دەتوانی ئەوە بکەی؟ دەبێ بە خەڵکی دنیا بڵێی هەوڵدراوە بۆ نەمانی ئەو نەتەوەیە کە لەو فیلمەدا ڕەنگی داوەتەوە، ئیتر من ئەو قۆناغەم بڕی و لە قۆناغی تازەدا ناڕۆمەوە سەر ئەوە، دەبێ شتێکی دیکە بکەم کە یارمەتی ئێستای کورد و ئەو کیانە بدا، بۆ پاراستنی ئەمڕۆی ئێمە، نەک مەسەلەی نەتەوە بە گشتی کە هەموو پارچەکانیش دەگرێتەوە، ئێستا دەبێ من بۆ پرۆژەی نوێم هەوڵی ئەوە بدەم چۆن بتوانین وابکەین کە سەرکەوتنێک ببێ بۆ هەرێم و پەیوەندییەکانی دیکەی لەگەڵ میللەتانی دیکەدا، یانی ئەوە شتێک بوو کە وەکو ستراتیژیەت لەو ئیشە منی هاندا کە بڕۆم بەرەو جینۆساید کردنی کوردو مەسەلەی ئەنفال.

*** لە فیلمی سرتە لەگەڵ بادا شتەکان گرتە گرتەو وەکو کلیپ دەخرانەڕوو، ئامانج و مەبەست لەوەدا چی بوو، کە دەگوترێ سیناریۆ و هێڵی درامی کارەکە تەواو نەبوو؟**

– بڕوانن ئەوە ستایلێکی نوێیە کە لە سینەمای نوێی دنیا زۆر سەرسام دەبن و زۆر سەرنجراکێشە بۆیان، کە تۆ بێی بەو ستایلە کە ستایلێکی مینی ماڵە و ڕاستەوخۆ ناچیتە ناو مەسەلەکە، لە قەراغا کاریگەری دەخەیتە سەر بینەری دنیا، تۆ لێرە سەرکەوتوو دەبی، ئینجا بڕگە بڕگە نییە، دەتوانی بڵێی قۆناغ قۆناغە، قۆناغ قۆناغ بوون خۆی ستایلی ئەو فیلمەیە بۆ ئەوەی ئەو فیلمە شەقامییە، فیلمی شەقامی بۆ دەکرێت؟ یان من بۆ پەنام بردۆتە بەر ئەو ستایلە؟ ئەوە خۆی ژانرێکە، ژانری سینەمای شەقام، سینەمایەکە ڕۆیشتنە، لێرە من بیرم کردەوە لەوەی کە کوردستان جوگرافیایەک بوو بەرە بەرە و ئارام ئارام ئەنفال دەستی پێدەکرد لە شوێنێکەوە دەچوو بۆ شوێنێکی دیکە، بۆ نموونە لە فەیلییەکان یان لە کەرکووکەوە دێ و دەڕوا بۆ بادینان، تۆ هەر ئەوە باس کەی خۆی یەکەم شت لە مێشکی هەر کەسێکدا کە وێنە دەکا وەکو پێنووسێک هێڵێکە، ئەو هێڵە شەقامە، شەقامیش یانی سەفەر، سەفەر پێویستی بە یەک تەتەر و گەشتیارە، کەسێک کە لەو شەقامە بجووڵێ، جا تۆ پێویستت بە گەشتیارێکە، ئەو گەشتیارە وەکو سیناریست چۆن هەڵیدەبژێری، من چیرۆکێکی دیکەم تێکەڵی ئەنفال کرد، ئەو چیرۆکە چیرۆکی گەشتیارێک بوو کە پۆستمەنە، کاری بردنی نامەی خەڵکە بۆ یەکتر، بۆ ئەوەم کرد، چونکە بە بەهانەی ئەو دەتوانێ ئێمە ببا بۆ شوێنە جیاجیاکان، ئەگەر کەسێکی دیکە هەڵبژێری ناتوانێ ئاوا تێپەڕێ بۆ هەموو شوێنێک، ئینجا دەست بردن بۆ مەسەلەی تراژیدی، ئێستا لە سینەمای دنیا شکستەو نایهێنی، بۆ؟ لەبەرئەوەی خەڵکی دنیا بێزار بوون لە تراژیدیا، بەس تەنها ڕێگەیەک ئەوەیە کە تۆ مەجال بدە وەکو سەفەر لابدەی و شوێنێکی پێ نیشان بدەی و شتێکی تازەی پێ نیشان بدەی و شتی تازەی نیشان بدەی و بڕۆیە شوێنی دیکە.

*** ئەگەرچی دەڵێی ئێستا لە دنیادا باوی تراژیدیا نەماوە، بەڵام ئێمەی کورد چی بکەین، لە کاتێکدا کە لەدوای "٢٠٠٣"ەوە بە تەواوی جموجۆڵی سینەمایی سەری هەڵدا، ئەی چۆن ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر کورد هاتووە بیخەینەڕوو؟**

– پرسیارێکی زۆر جوانە، ئەو فیلمە یەکێک لە سەرکەوتنەکانی کە لە یەکەم بەشداربوونیدا ٣ خەڵاتی وەرگرت لە کان، ئەوەبوو هی ڕۆژنامەنووسانی جیهان شتێکیان نووسی لەسەری، ئەویش ئەوەبوو یەکێک لەبارەی مەرگەوە قسە دەکا کە پڕە لە ژیان، ئا بەو شێوازە دەتوانێ سەرکەوتوو بێ، یانی خۆشت بینیت لە هەندێ شوێنی فیلمەکە بزەت هەیەو پێدەکەنی، یانی ئەوە زۆر مەحاڵە تۆ لە تراژیدیا پێبکەنی، چۆن دەتوانی، باشە بۆ نموونە تۆ شایی دەکەی، یەکسەر شاییەکەت دەبێتە خەم، ئەوە کۆنتراستە، خەڵکی دنیا دەبێ شتێکی بدەیێ و دواتر تراژیدیا، یانی شتێکی خۆش ئەوجا شتێکی ناخۆش، هەندێ شت ئێستاتیکە، ئەگەر تۆ جوانی نەدەی ئەو تراژیدیایە تەحەمول ناکەی، جوانییەکە لە شێوە بینینە، لە دیزاینە، لە دیالۆگە، لە جلوبەرگە، لە هەندێ جووڵە یا میوزیکە، دەتوانی هەموو ئەوانە تێکەڵ کەی و ببێتە شتێکی جوان ئەوجا تراژیدی یانی تۆ دێیتە ناو خەم، بەڵام شایی زۆر زۆر فراوانە.

*** دوای ئەوەی فیلمەکەت لە فێستیڤاڵی کان وەرگیرا، بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە لەسەر ئەوەی ئەگەرچی فیلمەکە بەرهەمی ئەوان بووە، بەڵام تۆ ناوی فیلمەکەت بەبێ ئاگاداری ئەوان گۆڕیوە و کێشەی داراییش لەنێوانتان هەبوو، ئەو کێشانە چی بوون؟**

– حەزدەکەم ئەو پرسیارە ئاراستەی وەزیری ڕۆشنبیری بکرێ، یا بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەماو بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر، حەتمەن حەزدەکەم، بەڵام ئەوە بە چاودێری وەزیری ڕۆشنبیری داواکراوین کە بەشێکی زۆری ئەو پارەیە هێشتا نەدراوە، من خۆم داومە تەنها بۆ ئەوەی تەواو بێ، ئەگەر کێشەیەک هەبێ لە هەندێک شت هەیە کە من نایزانم، هەندێ شتە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤێکی گەورەی کاک فەلەکەدین کاکەییە کە زۆر خزمەتی کردووە و وەزارەتی ڕۆشنبیری کە پەیوەندییەکی زۆر باشمان هەیە و من هەندێ شتی نهێنی هەیە کە ڕێم لێی گرت و نەمهێشت ئەو شتانە بکرێ لەناو ئیشەکەی مندا بۆیە وابوو، بۆ کێشەی داراییش بەڵێ هەبوو کە من پێشم لێی گرت و نەمهێشت بکرێ، وەلێ لەبەرئەوەی کاتمان نەبوو ١٠ ڕۆژمان مابوو بۆ کان کە هێشتا فیلمەکەش ئامادە نەبوو لە دوا قۆناغ بوو، کاک فەلەکەدین کاکەیی گوتی بەهەموو شێوەیەک تۆ بەرپرسی لە ئامادەکردنی ئەو فیلمە تا بڕوات، لەوێش یارمەتی دارایی دەفتەری پارتی لەگەڵ ئەو ئیشە بوو، چونکە من بە تەنها نەمدەتوانی، یانی کاک جگەرخوێن و عەباس غەزالی و ئازاد ئەرگوشی و خودی کاک فەلەکەدین کاکەیی یەکێک بوون لەوانەی بەهەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا، بە پەیوەندی تەلەفۆنی ئێمە وامانکرد لەو ١٠ ڕۆژە زۆر شت بکرێ تا فیلمەکە بگەیەنینە فێستیڤاڵی کان.

*** بەشداریکردنی ئەو فیلمە لە بەشی ٥٩یەمینی خەڵاتی فێستیڤاڵی کان چۆن بوو، ڕەنگدانەوەی ئەو فیلمە بریتی بوو لە چی؟**

– من دەتوانم هەندێ نووسراو لە لایەنی ترەوە بۆتان بگێڕمەوە، کە ئەوانە چ خاڵێکی گرنگیان لەو فیلمە بینیوەو بە شێوەیەکی گشتی لە کەناڵەکانی دنیا چی لەبارەوە نوسراو گوترا، وەکو لە cnn و bbc و الجزیرە بە عەرەبی و ئینگلیزی و عەرەبیە و hbo و کەناڵەکانی دیکە، چەند شتێکی ئەوانتان بۆ باس دەکەم و لەوەوە بۆتان ڕوون دەبێتەوە کە چی جێی سەرنجی ئەوان بووە، گرنگترین شت بۆ ئەوروپاییەکان لە تەواوی وڵاتەکان بینیمان ئەوەبوو باسکردنی تراژیدی بە شێوازێکی شاعیرانە کە ڕەنگدانەوەی دەبێ بەوێنە، یانی دەیانگوت ئەو فیلمە وێنەکێشیەکی شاعیرانەی سینەماییە، خۆت دەزانی گرنگترین شت بۆ ئەوان لە باری چاوەوەیە کە شتێک دەبینن، ڕەنگە ئەوان وەکو من و تۆ مەسەلەی کورد مەسەلەی یەکەمیان نەبێ، دەبێ تۆ وابکەی جێی سەرنجی ئەو بی، لە بەراوردی فیلم و شتێکی سینەمایی، کۆن نەبێ و شتێکی نوێ بێ، دوای ئەوە دەبێ ئەو شتە لەچاودا نوێ بێ و وێنە پیشان بدا، تۆ وێنەی پێشووی خۆت لە سینەمای دنیا دووپات نەکردۆتەوە، شێوازی بینین و مۆنتاژ و میزانسن و چنینی تۆ، هەموو ئەوانە بۆ تۆ دەرفەتێکە وەکو مۆسیقا چۆن ئامێر دادەنێیت و ئەوانە، هەموو ئەو ئامێرانە هەیەو نۆتەش هەیە، بەڵام یەک کەس دێ لەو ئامێرانەو لە نۆتەی جیاواز سوود وەردەگرێ، بۆ نموونە یەکەم شێوازە سینەماییەکە جێی سەرنجیان بوو، کە ئەو فیلمە ئۆرجیناڵە، فیلمێک نییە کە کۆپی بێ و لە فیلمی دیکە بچێ، یانی فیلمە خۆیەتی و نموونەی نییە، دووەم شت لەبارەی ناوەڕۆکەوە زۆر جێی سەرنجیان بوو، زۆربەی هەرە زۆریان تەقریبەن ٩٠٪ ئەبەدەن جینۆسایدی کوردیان نەبیستبوو، مەسەلەی مامەڵە کردنی تراژیدی بە کۆمیدی لە ژیاندا و لەو فیلمەدا بۆیان زۆر خۆشبوو، پێیان زۆر باش بوو، دوای ئەوە خودی ئێلیمانەکانی ناو فیلمەکە بۆ نموونە بەکارهێنانی ئەو ئەکتەرانە شێوازی جلوبەرگیان کە ئێمە هەندێ گۆڕانکاریمان کردبوو تا بگاتە ئاستێک جێی سەرنج بێ، بۆ نموونە ئێستا ڕەنگە من و تۆ حاڵەتێکی ئاساییمان هەبێ، بەڵام بە گۆڕانی ٢–٣ شت خەڵکەکە هەموو تەماشامان دەکەن، ئێمە لە هەموو شتەکان وامان کرد کە جێی سەرنج بێ.

*** نمایشکردنی فیلمی سینەمایی بە شێوەی "dvd" یان بە سکرین کێشە نییە لە بەردەم ئێوە، یاخود نەبوونی هۆڵی سینەمایی چەندە کاری کردۆتە سەر ئاستی سینەما لە کوردستان، لە کاتێکدا تۆ دەڵێی حەزمدەکرد بەر لە فێستیڤاڵی کان فیلمەکەم لە کوردستان نمایش بکردبایە؟**

– بەڕاستی ئەوە هەلێکی مێژوویی بوو، کە لە بەشی ڕەخنەگرانی فێستیڤاڵی کان وەرگرتنی فیلمەکەی ڕاگەیاندرا ١٠ ڕۆژمان لەبەردەم بوو، کە ئەو بەشە لە سەختترین بەشەکانە، چونکە ڕەخنەگرانی جیهان فیلم هەڵدەبژێرن، لە هەزار فیلم ٧ فیلمیان هەڵبژاردبوو، کە بە خۆشییەوە کوردیش یەکێک لە بەشداربووانی ئەو فیلمانە بوو، نەماندەتوانی وەکو کورد ئەو هەلە لەدەست خۆمان بدەین، من هەوڵمدەدا بە زووترین کات لە کوردستان میللەتەکەم فیلمەکەم زوو ببینێ، بەڵام میللەتەکەی من هیچی کەمتر نییە لە میللەتانی دیکە با بە کوالێتی باش فیلمەکە ببینێ، نەک تەنیا هیچی کەم نییە لەلای من شتیشی زیادە، ڕەنگە ئەوە شتێکی ناسیۆنالیستی بێ، بەڵام بەڕاستی خەڵکی من شیاوی ئەوەن فیلمەکەی من بە کوالێتی باش ببینن، بە ٣٥ ملم و دەنگی داڵ بینین، کە هەموو ئەوانە لە ئاستی دنیادان، ئێمەش بەو ئیشە باشانەوەو شیاوی ئەو ئیشانە هۆڵمان هەبێ، ئێستا لە هۆڵی پێشەوا گرفتێکی تەکنیکی هەیە هیوادارم لەو ڕۆژانە چارەسەر بکرێ، یانی لێدانی سیدی و دی ڤی دی و ئەو شتانە غەدرێکی زۆر زۆر گەورەیە لە فیلمێکی پرۆفیشناڵ، یانی بەڕاستی لە دنیا ببیستن کە ئەو فیلمە بە dvd بۆ میللەتەکەی خۆی نمایش کراوە، بۆیان پرسیارە، بەڕاستی من دەستخۆشی لە زۆر کەسایەتی وەک کاک فەلەک و حکومەتیش بکەم، کە هەوڵیانداوە و خەریکە هۆڵی باش دەکرێ، بەڵام ئێستا پێم باشە ئەو کێشە تەکنیکیە چارەسەر بکرێ و فیلمەکە بە ٣٥ ملم نمایش بکرێ، چونکە ئەو فیلمە سکۆپە، یانی لە ٣٥ملم"یش سەرترە، یانی پەردەکەی زۆر زۆر مەزنترە لە ٣٥ ملم، من بەدڵخۆشییەوە هیچم بەدەست نەهێنایا شتێکم کرد کە ئێستا لە ئێرانیش چاوەڕوان دەکرێ، یانی زۆر داوایان کردووە، کە بتوانین لە ئێران نمایشی بکەین، من گوتوومە: تا کورد سەیری نەکا و لە کوردستان نمایشی نەکەین ناتوانین ئەمە بکەین.

*** لەبەرچی زۆر چاوەڕوانن؟**

– جگە لە مەسەلەی کان و ئەو خەڵاتەی کە وەریگرتووە بۆیان جێی سەرنجە، چونکە ٤ ساڵە ئێران بەو هەموو پرۆدەکشنەیەوە بچێتە کان، خۆ زۆریشیان نووسی لە ڕۆژنامە و شتەکان، لەوێ ئەو ئامێر و ئیمکانیاتانە هەیە، بەڵام ئەوان چاوەڕوانی ئەوەن ئەو فیلمە بە سکۆپ ببینن.

*** فیلمەکەی خۆت وەک فیلمێکی کوردی و بەرهەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بردە ئەو فێستیڤاڵە، یاخود وەک فیلمێکی ئێرانی؟**

– نەخێر ئەو فیلمە بەرهەمی کوردستانە لە ١٠٠٪، بەرهەمی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، یانی بەرهەمی حکومەتێکە کە نێچیرڤان بارزانی هەموو بایەخ و یارمەتی خۆی داوە لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی، کە ئاسانیش نییە، لە دنیادا زۆر وڵات هەن نەیانتوانیوە بەشداری کان بن، ئەمساڵ یابان بەو هەموو عەزەمەتەی خۆیەوە نەیتوانیوە بەشداری کان بێ، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی بە بەرهەمێک بەشداربێ، ئەمە جێی سەرنجە بۆ ئەوەی کە حکومەتی ئێمە کاری کردووە و بایەخ دراوە بەوەی کە فیلم بکرێ.



شەهرامی عەلیدی - کان



شەهرام لەکاتی وێنەگرتنی فیلمی "سرتە لەگەڵ با"

# کەلچەری بەدرخان

Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی رووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان:

عەبدولرەحمان مەعروف: awrahman2002@yahoo.com

ستاف: سەعدوڵلا نووری، جەوهەر شێخانی

بە هاوکاری راوێژکاری رووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان: د.هیمداد حوسێن

ژمارە ٦٠ - ١٢٨، یەک شەممە ٢٠٠٩/١١/٨ی زایینی


# هندرێن: زمان لەلای من تام و چێژێکی هەبووە لە شتی غەریبدا ئەمەم دۆزیوەتەوە

**هندرێنی شاعیرو رەخنەگرو وەرگێڕ، وێڕای نووسینی شیعرو بڵاوکردنەوەی چەند دیوانە شیعرێک، لە بواری شیعر تەنزیرو رەخنەی شیعریش دەنووسێت، ناوەناوە کاری وەرگێڕانیش دەکات، بۆیە لە گەڕانەوەی ئەم سەفەرەیدا سەبارەت بە شیعرو ئەزموون و قۆناغەکانی تەمەنی و شیعرو شاخ و هەندەران گفتوگۆیەکمان لەگەڵی سازکرد.**

**سازدانی: ئاوەرەحمان مەعروف**

*** دەمەوێت ئەوە بپرسم: بۆ شیعر؟ بۆ دەستت بۆ ژانرێکی دیکە نەبرد؟**

– وەک لە پێشدا گوتم: سەرەتا کە من لێرە دەژیام، هەڵگورد تەنیا جوگرافیایەک و شوێنێک بوو، تەنیا لە ناو فانتازیایەکی سەرابیدا هەبوو، پێم وابوو لەوێدا وجود هەیە، بوونێکی کوردی شکۆمەند هەیە، لەوێدا دەتوانم بەختەوەربم، خۆم بم. هەرخۆی بەدەم ئەم رێگاوە، جێنشین بوون بەرەو ئەو پرۆسەیەی، کە خۆی بەرێوەیە، بەرەو ئەو هەڵگوردە وەکو شوێن و بەهایەکی سیمبولی کلتووری، مێژوویی، بوونێک، زمانێک، تایبەتمەندییەک، ناسنامەیەک، ئەوە خۆی لەخۆیدا وات لێدەکات تێیدا جێنیشن بیت، ئەو جێنشینبوونە هانت دەدات، بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت کردەت هەبێت، بۆ بەشێک ئەوەبوو، کە پێشمەرگایەتی بوو، ئەو جوگرافیایەی گوتم، کە سەرەتا پرۆسەیەکی شیعری بوو، تەنیا شتێک بوو هەنگاوێک بوو. کردەیەک بوو لە ئەزموونی نووسین، بەڵام پێشمەرگایەتی هەنگاوێکی دیکە بوو، پراکتیزەکردنیشی بۆ ئەوەی تۆ بچیت جوگرافیایەک و دیمەنێک و کۆمەڵە تام و چێژێک لەکاتی نووستن لە دەرەوەی، پێش ئەوەی تۆ بچیتە ئەوێ جێنشین بیت، دەبینی جۆرە لەزەتێکی هەبوو، ئەوکاتەی بەوێش دەگەیت، ئیدی لەوێندەر هەر خودی ئەو رۆحە شیعرییە و. هەرخۆی سروشتی مرۆڤ، ئەگەر تەماشای بکەین وەک رەهەندێکی شیعری، بوونەوەرێکی شیعریشی، ئەوکاتیش جۆرە خواستێکی دیکەت لێ داوا دەکات کە تۆ بچیت، دیسانەوە جوگرافیایەک یان فەزایەکی دیکە بۆ دەبێتەوە، رێگای ئەو سەفەری کۆتایی نایێت، هەمیشە لەگەڵ ئەم وجودەدا بەردەوام بیت. راستییەکەی ئەوە بوو، دوایش هاوکات لە مەنفا، ئەوە شتێکی دیکە بوو، دیسان گەڕانەوە بۆ کۆی ئەو شتانە ئیدی ئەوەش بگوازییەوە بۆ مەنفا لە ناو خۆتدا. لەناو ئەو جیاوازی کلتوورەدا. لەناو ئەو کێشمە کێشەو پەرێشانی و غەریبی و دنیایەدا...

*** زمانت لە رووی شیعرەوە زۆر چڕەو ئەوە بەشێوەیەک، کە زرینگانەوەیەکی تایبەتی تێدا دەبینرێت، کە خۆی پاراستووە لەوەی لق و پۆپ و زیادەڕۆیی نەکەیت ئایا ئەو ئالییەتە لە هونەری شێوەکاری نزیک نابێتەوە، ئەگەر هونەری شێوەکاری لە نێو دەق و ئەزموونی شیعرەکانت هەن، دەکرێ شتێکمان پێ بڵێت.**

–راستییەکەی ئەوەبوو ئەوزمانەی تۆ باسی دەکەیت، واتە بەدەر لە مەسەلەی نزیکبوونەوەی هونەری شێوەکاری، زمانی شێوەکاری، بەلای من کۆمەڵە سەرچاوەو رەهەندێکی دیکەی هەیە، بەشێکی پەیوەندی بەوە هەیە، بۆ نموونە من لە رووی سایکۆلۆژی و دەروونی، دواتر خولق و مەزاج و حەوسەڵە و خولیا و پەیوەندی کردنێکی حسی، رۆحی لەگەڵ خودی زماندا، هەر لە منداڵییەوە جۆرێک تایبەتمەندیم لە خۆمدا بەدی کردووە، زمان لەلای من تام و چێژێکی هەبووە، هەمیشە لە شتی غەریبیدا ئەمەم دۆزیوەتەوە، چێژێکی "لغز"ی تێدا هەبێت.

سەرەڕای ئەوە دەتوانین بڵێین حەوسەڵەیەکی خۆرسکی تێدا هەبێت، رەنگە ئەگەر بە زمانی ئەرستۆ یان ئەفلاتوون قسەبکەیت، شتێک بوو سروشت بەمنی بەخشی بوو، بۆ نموونە ئەم سروشت پێ بەخشینە دەتوانین بڵێین شیعر



هندرێن

ئەو چرپە سەرەتاییەیە، کە دوایی چرپەکە وادەکات بگەڕێیت بە دوای شتێکدا، بۆ ئەوەی ئەو چرپەیە کەشف بکەیت یان کار لەسەر ئەو چرپەیە بکەیت، بیکەیتە زایەڵەیەک. بیکەیتە ستایلێک. زمانێک لە ژیانی خۆتدا، دواجار بۆ قالبێک، ناسنامەیەک، ئەو چرپەیە وای کرد، من بەتایبەتی لە ئەزموونی پێشمەرگایەتیمدا هەروەها ئاشنابوونی راستەوخۆم و لە نزیکەوە بە ئەزموون گەلێکی دیکە، ئەو جۆرە ئەزموونەی، کە لە ئەورووپا لە من نزیکە، ئەوە وای کرد ئەم چرپەیە بگوازمەوە لە چرپەیەکی هەستی، با بڵێین جوولەیەک، لەرینەوەیەک، کە تۆ نازانی سەرچاوەکەی لە کوێیە، وەکو گوتم سروشتە، کە تۆ بەرە بەرە دەتەوێت کەشفی بکەیت، جۆرێک لە ئاشنایەتی و شێوازێک لە ژیانی خۆت، ئەو شێوازە یان با بڵێین ئەو پرۆسەیە. ئەو دەست و پێ نەرمکردنە.. ئەو مشتومڕە. لە نێوان چرپە. لە نێوان ئەم حاڵەتی بوونەی، کە لە ناوەوەی خۆتدا بانگت دەکاتەوە، وات لێدەکات، تۆ بەتایبەتی لەسەر کەرەستەی زمان ئیش بکەیت وەکو زمان. ئەو چڕبوونەوەیە یاخود ئەو جۆرە زمانەی کە تۆ باسی دەکەیت بەشێکیشی ئەوەیە، کە من لە منداڵی لە ژینگەیەک گەورە بووم، کە دیمەن و سروشتی دیری بڵێین کەندێناوەو نێو ئەو فەزایە فراوانە لە ئێواران، لەشەوان، لەبەیانیان، زیاتر لەوەی کە من پێش ئەوەی کە زمانێک، کتێبێک، سەرچاوەیەک بێت شتێک بوو بینایی هەبوو، دیتنی هەبوو، زیاتر لەزەینی مندا جێی پێی خۆی دروستکرد بوو وەکو شتێکی وێنەیی. لەلای من هەڵهاتنی مانگ تەفسیری زمانی نەبوو، یان تەپ و تۆزی دەشت یاخود قەرەچووغ یان پاشانیش مەسەلەی گەردەلوول لە هاویناندا، یەکەم دیدەنی من لەگەڵ ئەو شتانە دیدەنێکی زمانی نەبوو، من لە رووی زانستییەوە نەمدەزانی گەردەلوول چۆن دروست دەبێت؟ من کە لە مانگم دەڕوانی پێم شتێکی سیحری خوایی بوو، ئەوشتانە لە راستیدا لەسەر زەین و یادەوەری مندا زۆر کاریگەری دروستکرد، کە ئەوە لە راستیدا پەڕییەوە، بۆ دواجاریش لەسەر ئەوەی ئاگاییەک بیهێنمەوەو دەستی پێوە بگرم. هەمیشە با بڵێین بینایییەکی ساویلکە، سادە، خاکی، سروشتی گەڕانەوە بوو، تۆ وەکو چاوێک بۆ هەمان ئەو تەمەنە، هاوکاتیش تۆ لێرەوە ئاگاییەکت هەیە لە نێوان ئەو ئاگاییەوە ئەو جۆرە خەیاڵاندنەی گەڕانەوەی ئەو تەمەن و ئەو ئەزموونەو ئەو دیمەنە، ئەوە خۆی لە خۆیدا وای دەکرد، کەوا لە پرۆسەی شیعر نووسینمدا ئەو جۆرە وێنە شیعرییە، زمانە شیعرییە، کە پێم وایە تێکەڵاوییەکە لە چڕکردنەوەی زمان لە رێگای ئەوەی، کە وەکو ئەو زاکیرە زمانییە هاوکاتیش ئەو خولیایە لەگەڵ زمان، تێکەڵاو بوون و سەرنج کێشان بە تامی وشەکان، بۆ نموونە زۆر شت هەیە، وەک ئەوەی کە دایکم دەڵێت: بەقوربانت بم یان لەسەرتگەڕێم یان وشەیەک دەردەبڕێت، لەلای من وەکو ئەوە وایە، کە زرینگانەوەیەک و لەرینەوەیەکی رۆحی دروست دەکات، جاری وا هەیە دەمگریێنێ جاری وا هەیە لەو غوربەتییەدا مەستم دەکا، جاریش هەیە منداڵم دەکاتەوە، یان بۆ نموونە زۆر جارهەیە من کچێکم زۆر خۆشدەوێت، هەر تەنیا لەبەر ئەوەیە، کە دەڵێت: بەقوربانت بم. دەمەوێ بڵێم ئەو وشانە تامێک لەزمان دروست دەکات، ئەوە رێگای زمانە، ئەم وشەیە شوێن پێیێک و جۆرێک لە جموجۆڵ و چالاکی لەناو روحت دروست دەکات، دوا جاریش ئەوە دەبێتە بیرکردنەوە، ئەو پرۆسەیە خۆی لەخۆیدا وات لێدەکات بەرەو زمان ئیش بکەیت، لەناو زماندا کاربکەیت، یان بۆ نموونە نهێنی ئەو شتانە چییە وات لێدەکات، وەک ئەوەی بڵێین تۆ زۆر لەزەت لە خواردنێک دەکەیت خۆ تەفسیرێکت بۆ ئەمە نییە! هاوکات وشەش تامێکی زەینی، مەعریفی، رۆحیت پێ دەبەخشێ، تۆ نازانی، ئەوە نەزانینە، کە هەر دەیخۆیت یان بەکاری دەهێنیت، بۆ نموونە تۆ نازانی بۆ هەنارت خۆشدەوێت، خۆ میوەیەکی دیکەش هەیە خۆشە، بەڵام تۆ بۆ ئاوێزانی هەناریت یان زۆر حەزت لە هەنارو تامی هەنارە یان رەنگی هەنارە یان شێوەی درەختی هەنارە یان بۆ نموونە هەر جۆری وێنای هەنارە وەکو شتێکی زەینی، دیمەنی یان بینایی...، وشەش هەمان شتە بۆ نموونە تۆ هەستدەکەیت لەکاتێکدا کۆمەڵە قسەیەک دەکەیت، دایکت یان خۆشەویستێکت...ئەو زمانە کۆمەڵێک وشەی هەیە، تۆڕێکە لە وشە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ کۆمەڵە وشەیەک وات لێدەکات بجولێیت، بورووژێیت، غەمبار بێت یان دڵشاد بیت. تاد، ئەوە خۆی وات لێدەکات بەدوای نهێنی ئەو وشانەدا بگەڕێیت، ئەو نهێنییەش کۆتایی نابێت، تۆ ناتوانی بزانی بۆ تامی وایە، بەڵام ئەم خولیاکردنە. ئەو جولەکردنە. ئەو راتەکاندنە. ئەو ورووژاندنە خۆی لە خۆیدا واتا و شتێکە، کە شیعر نییە هێڵەکەی لەسەر ئەوە دەڕوات، رەنگە زمانی من پەیوەندی بەو وردەکاری و ئامۆژگارییانەوە هەبێت، کە راستییەکەی لەوانەیە تەفسیری دیکەم بۆی هەبێت. بەڵام ئێستا لەوە زیاتر پێم وابێت ئەو شتانەیە کە پەیوەندی بەو زمارەیە، کە تۆ باسی دەکەیت.

*** زۆر جار لە نێو دەق و شیعرەکانت ئەزموونی ژیان و ناوی هەندێ شوێنی وەک: کانی مەلەکان و دۆڵی بالیسان و شاخ و شتی دیکە دەخوێنینەوە، ئایا ئەو ئەزموونانە چۆن ئەزموون دەکەیتەوە لەناو شیعردا؟**

– من پێم وایە ئەو شتانە، وەک چۆن تیۆری، وەک چۆن فەلسەفە، وەک چۆن هەر روانگەیەک، هەر کردەیەک یان هەر جوولەیەک لە ژیاندا. لە بوونی مرۆڤ و لەناو زماندا، بەشێکی پێوەندی بە ئەزموونی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤەوە هەیە، بۆ نموونە گۆڕانکاری فیکری لە جیهاندا، شێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی_سیاسی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هەر تەنیا بریتی نییە، لەوەی کە تیۆر هاتووە، وەکو شتێک دۆزیوەتییەوە، بەڵکو دەست پێ گەرمکردن و نەرمکردنەوە لەگەڵ ژیان، خۆی وای کردووە، بیربکەیتەوە، ئەو ئەزموونانە یان با بڵێین ئەو شوێنانە یاخود ئەو سیمبولانە، بۆ نموونە: کانی مەلەکان، هەنارە، نازەنین، دۆڵی بالیسان، کە لەنێو دەقی شیعرەکانمدا دەبیندرێن، ئەوانە هەموویان جۆرێک لە سەفەری بەدەم رێوە لەوەی بەدەر لەجەستە و لە خەیاڵیشدا لەزمانی شیعریشدا ئەوانە هەمووی وەکو ئێزگەیەک بوونە لە ژیانی مندا، بۆ نموونە کاتێک تۆ زۆر ماندوو بوویت بەدەم رێگاوە، دەگەیتە کانییەک، بۆ ئەوەی سادەی بکەمەوە یەکەم جار کە من بوومە پێشمەرگە، بۆ نموونە سیستەمی ژیانی پێشمەرگایەتیم نەدەزانی و نەمدەزانی ئەگەر تینووت بێت چۆن ئاو دەخۆیتەوە، کە من لەو دەشتە ژیابووم، کانیم نەدیبوو نەمدەزانی کانی وایە. بەڵام کانی لە نیوەشەودا لەبەر مانگ مەبەستم کانی مەلەکان دەزنی، ئیدی من بەدەم شەکەتییەکی زۆرەوە دەمم بەم کانییە وەنا، پڕ دەمم قەوزە بوو، حاڵەتی ئەم قەوزە هاتنە نێو دەمە و ئیدی مانگەشەوو خەیاڵاتێکی سەیرو لەرینەوەیەکی لە نێو زاکیرەی مندا جێگیرکرد، ئێستا کە لەسوید دەژیم. زۆر جار دانیشتووم یان بەدەم رێگاوە لە ناو کلتوورو جیهانێک و فەزایێک و زمانێکی زۆر جیاواز دەگوزەرێم، دەبینی کتوپڕ دەچییە ناو سەفەرێک، ئەو سەفەر و گەڕانەوەیە بۆ ئەوەیە، کە تۆ کتومت لەوێ ئامادە دەبیتەوە، بە ئاگابوونێک لەوەی کە تۆ لە ناو فەزاو جوگرافیاو شوێنێکی نامۆدا دەژیت، کە هی تۆ نییە و نازانی وەکو بوونەوەرێک هەڵگری چ زاکیرەیەک چ ئەزموونێک و چ خۆشی و ناخۆشییەکی، لەوەشدا هاوکات تۆ لەناو خۆتدا دەگەڕێیتەوە، ئەو مشتومڕە خۆی لەخۆیدا کتومت کردەیەکی شیعرییانەیە، دووری لەوێ، چونکە چارەسەری نییە، لەبەرئەوەی جیهانێکە. ئەگەر بڵێین شیعر لە تیۆری کۆنەوە تاکو ئێستا کەشف کردن بێت، جۆرێک لەبەرجەستەکردنی نادیاری بێت، رێک ئەوەیە تۆ لەوێ لەناو جیهانێکی نادیاری، زمانێکی نادیاری، بوونێکی غەریبی، جوگرافیایەکی ناوخۆ و تاراوگەیی، ئیدی لە دەرەوەی خۆتدا تەماشای خۆت دەکەیت، تۆ جیهانێکی شاراوەی، پڕ ئەزموون و پڕە لە خواردنەوەی ئاوی کانی و پاشان کۆمەڵێک شەڕو شۆڕو پشوودان لەژێر درەختێک و هاوکاتیش بەدەم رۆیشتنەوە لەرینەوەی هەنارێک لە باخی هیران و نازەنین یان بالیسان و سروشتی کوردستان و. ئەو شوێنانەی لە زاکیرەتدا جێگیرن، ئەوە دەتهێنێت و دەتبات، ئەو پرۆسەی هێنان و بردنە خۆی لەخۆیدا وات لێدەکات بجووڵێیت، ئیدی شیعر لەوێدا دەبێتە زمان، راستییەکەی ئەو شتانە هەمووی پەیوەندی بە بەشێک لە زاکیرەوە هەیە، بەڵام تۆ لەدواجاردا دەیگوازییەوە بۆ ناو پرۆسەیەک لەناو زمانێکدا جێگیری دەکەیت، جێگیربوونی کانی مەلەکان ئەو جێگیربوون و ئەو دیمەنە نییە، کەتۆ لەبن بناری چیای کارۆخەوە وەکو دیمەنێکی واقیعدا بینیوتە. بەڵام تۆ کانی مەلەکان دەگوازییەوە ناو بناری شیعر و زمان، لەناو جوگرافیا و مەتاهاتی زمان، کە تۆ لەکوێدا نووسیوتە و ناونیشانەکەی ئەوەیە لە وڵاتێکی تاراوگە، ئینجا خۆی ئەو گواستنەوەیە و ئەزموونە، کە هەمیشە شیعر رابردوو ئێستا پێکەوە تێکەڵاو دەکات و دەتوێنێتەوە، دواجاریش لە نێو ئەم تێکەڵاوبوونەوەیە، هەمیشە وات لێدەکات تۆ ئامادەبیت و زاکیرەت ئامادە بێت، ئیدی دەمەوێ کورتی بکەمەوە، خوێنەر نادیارە، خوێنەرێکی دیکەی بێگانە لەتۆ نادیارە، تۆ کاتێک ئەو ئەزموون ئەو ئازارو خۆشی و رووداوە و پێشهاتە، ئەو پرۆسەیە، ئەو وێستگەیە لە ژیانی خوتدا ئامادە دەکەیتەوە و لە ناو جوگرافیای زمان دووبارە بەرهەمی دێنیتەوە.

ئیتر لە دەرەوە تەماشاکردن بۆ ناو تۆڕی زمان، ئەو شتەو ئەو ئەزموونە لای تۆ ئاشکرا نییە، تۆ نازانی کانی مەلەکان هەیە، بەڵام کانی مەلەکان شتێکە لە وجود لە وجودی تۆدا یان لە وجوودی مرۆڤایەتیدا وەکوو گوندێک بۆ نموونە لە سوید کاتێک "ئەسکەندەنافیا و دوورگەیەکی تر"م تەرجەمەکرد. شاعیرێکی زۆر ناسراوی سوید پێی گوتم: تۆ بەخوێن و ئێسقان لەناو سروشت ژیاوی و تلایتەوە، هەست دەکەیت تامی سروشت، رەنگی سروشت لەناو شیعرەکانی تۆدا هەیە، بۆ نموونە ئەوکاتەی کەسێکی گوندی دێت باسی وردەکارییەکانی سروشتت بۆ دەکات هەرگیز وەکو کابرایەکی پسپۆڕی ئەورووپانشین ناتوانێت تام و چێژی ئەم سروشتە نادیارە لە شیعردا، کابرایەکی وڵاتێکی دیکە و وجودێکی دیکە و زمانێکی دیکە، لە رێگای ئەزموونی خۆتەوە وەکو شیعر تۆ بەمرۆڤایەتی دەبەخشیت، بڕوانە لەو جیهانەی ئێمە تێیدا دەژین، سروشتێک هەیە تام و رەنگ و چێژی ئاوایە، ئەوەش بێگومان کونتێکست دروست دەکات، بۆ نموونە کانی مەلەکان هەر تەنیا کانییەک نییە لە سروشتدا، کانی مەلەکان سیاقە، سیاقێکی مێژوویی، سیاسیشە، بۆ نموونە ئەوەتا من دەبەستێتەوە بە پێشمەرگایەتی و قۆناغێک و دۆخی کۆمەڵگایەکی وەکو کوردی، دواجار خوێنەرێکی سویدی، خوێنەرێکی ئینگلیزی، خوێنەرێکی دیکە، یان نەوەیەکی ئێستا دەپرسێ: ئەرێ هندرێن بۆ باسی کانی مەلەکان دەکات، کانی مەلەکان لە کوێیە، بۆ لەوێ بووە؟ دواجار دەیبەستێتەوە بە تۆڕێکی مێژوویی، زاکیرەی میللەتێک، زاکیرەی جوگرافیایەک، لەبەر ئەوەی رەنگە دە ساڵی دیکە هاوزمانی خۆم نەزانی کانی مەلەکان چییە و ئەم شوینە لە کوێیە؟

ئیدی ئەوەیە تۆ کانی مەلەکانت نەدیوە، بەڵام لە رێگای شیعرەوە پێی ئاشنا دەبیت، هەمیش وەکو دیمەنێکی سروشتی و کانی و ئاوێک و هاوکاتیش سیاقێکی مێژوویی هەیە راستییەکەی منیش لەسەر ئەمەوەو دیتنی من بۆ ئەو شتانە، گەڕانەوەی من بۆ ئەو شتانە ئەو رەهەندانەی هەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پرسیارەکە، کە من بۆ بە جدی لەسەر ئەو شتانە کار دەکەم و بۆ شیعر بەتیۆری دەکەم، بێ ئاگابوون لەوە، بۆ نموونە خۆ تۆ ناتوانی ئەرک و شێوازی بیرکردنەوەو هەستی زمان و. ئەوە زمانی گەرەکە، زمان ویستنیش دەبێ تۆ مەعریفەیەکت هەبێت بۆ زمان، زمان کردەی چییە؟ بۆ نموونە من نەتوانم کانی مەلەکان لە ناو جوگرافیای زماندا بە دیمەنێک بسازێنم و قوت بکەمەوە، تۆ ناتوانی سەرنجی بدەیت، ناتوانی تێیدا جێنشین بیت، ئەها وەکو مرۆڤێک بەدەم رێگاوە تەماشای دیمەنی ئەو تەلارە دەکەیت، تەماشای ئەو جوگرافیاو هێمایە دەکەیت. راستییەکەی ئێشەکەی من لەسەر ئەوەیە، ئەگەر توانیبێتم وەڵامتان بدەمەوە.

بەشی دووەم

## پرۆفایل

هندرێن

لەدایکبووی: ١٩٦٣/هەولێر.

دەستپێک: سەرەتای هەشتاکان.

چاپکراوەکانی:

_ لە سێبەری کێوەکاندا ونت دەکەم لە پێدەشتی شاخەکاندا دەتبینمەوە، شاخ ١٩٨٦.

_ دوانوێژی پیاو سەفەری مەحال، سوید ١٩٩٣.

_ سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لە بخوور، شیعر، سوید، ١٩٩٦.

_ مهاباد لە ئۆلۆمپیادەکانی خوادا، وەرگێڕان، ٢٠٠٤.

_ فەلسەفەی کۆچەری، وەرگێڕان لە سویدی و دانیمارکی ٢٠٠٥.

_ نیگای دەست، شیعر، (ها و بە ش)، چاپخانەی چاپەمەنی دیلان، چ١، سلێمانی ٢٠٠٥.

_ گوڵنارەکانی شوێن پێ لە باخچەکانی تاراوگە، ٢٠٠٦.

_ گشتی ئەمەیە، وەرگێڕان، ٢٠٠٦.

_ نامەکانی روانینوانێک و مەرگ، چ١: ٢٠٠٠. چ٢: کتێبی گیرفان، چاپخانەی منارە، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٧.

_ خامەیەکی رۆشنبیری لە پشت گوێی زمان، کۆوتار، وەزارەتی رۆشنبیری، چ١، سلێمانی ٢٠٠٧.

# ماستەرنامەیەک دەربارەی هەولێر پەسند کرا



**کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی رۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٩/١٠/٢٩ لەهۆڵــی فەرهادی لە کۆلیژی ئەدەبیات گفتوگۆی ماســتەرنامەی توێژەری بەشی مێژوو "شوان محەمەد ئەمین خۆشناو" لەژێر ناونیشانی "هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٦٣" توێژینەوەیەکــە لە رەوشــی سیاســی بەرێوەچــوو، دوای گفتوگۆیەکــی تێروتەسەل بڕوانامەکە بەتوێژەر بەخشراو پێشــبینی دەکــرێ پلەی نایابی بەدەســت هێنابێ، لیژنەی گفتوگۆی ماســتەرنامەکە پێکهاتبوون لە: (پ.د. خەلیل عەلی موراد- سەرۆک**

**ی.پ.د. دلێر ئیســماعیل حەقی شاوەیس- ئەندام**

**ی.پ.د. ئیسماعیل شوکر رەسول- ئەندام.**

**د. ئیســماعیل محەمەد حەســاف- ئەندام و سەرپەرشتیار.**

**دەربارەی هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو بابەتەکە و نامەی ماســتەرەکەی، شــوان محەمەدمان دواند...**

**ئا: بەدرخان**

*** هــۆکاری هەڵبژاردنــی بابەتەکەت، بۆ هەولێر؟**

– پێم وایە هەولێر وەکو شارێکی دێرین و مێژوویی کە بەشدار بووە لەبونیاتنانی شارستانێتی وژیاری ئەو دەڤەرە بایی ئەوە هەڵدەگرێ زیاتر و زۆرتری لەسەر بنووسرێ، لەو سۆنگەیەوەش دەست خۆشی لــەدەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی بەدرخان دەکــەم، وەکو ئاگادارم بەم زووانە ئینسکلۆپیدیای هەولێر کەوتۆتــە بەر رۆشــنایی چاپ و دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران، من وەکو توێژەرێک لە بواری مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پەروەردەی ئەو شارەم و تێیدا گەورە بووم، بۆیە بە ئەرکی خۆمم زانی کەلێنێک لە مێژووی پڕ سەروەری و شانازی ئەو شارە پڕ بکەمەوە و کارەکە بەخۆم بسپێرم، تێزی ماستەرنامەکەم بە ناونیشانی(هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨–١٩٦٣، توێژینەوەیەکــە لە رەوشــی سیاســی)یە و باس لە شــارەکە دەکەم لە قۆناغێکی مێژوویی هەستیاردا، دوای ئەوەی لە ئەنجامی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی گەلانــی عێــراق، کۆتایی بە رژێمی فەرمانڕەوایەتی هات و بۆ یەکەم جار پارتە ئۆپۆزسیۆنە نیشــتمانی و نەتەوەییــەکان بە شێوەیەکی ئاشــکرا وەدەرکەوتن و نەتــەوەی کورد لە باشــووری کوردستان دەروازەیەکی بۆ واڵابوو، لە ئەنجامدا چەندین دەستکەوتی گرنگی (بۆ ئەو سەردەمە) دەستەبەر کرد لەوانە: رێگەدان بە گەڕانەوەی مستەفا بارزانــی لــە یەکێتی سۆڤیەتی پێشــوو، هەروەها بۆ یەکەم جار لە مادەی ٣ی دەستووری کاتی کوردی بە هاوبەشی عەرەب دانا لــە پێکهاتەی دانیشــتوانی عێراقدا، هەروەها دانانی کوردێک بە ئەندام لە ئەنجومەنی سەروەری شــۆڕش کە موتەسەریفی هەولێر (خالید نەقشبەندی) بوو، لەگەڵ بوونــی دوو کەســایەتی دیکەی کورد بە پلــەی وەزیر لە کابینەی حکومەتی کۆماریدا و ئازاد کردنی گیراوە سیاســییەکان و چەندین دەســتکەوتی دیکەی لێکەوتەوە. لەبەرامبــەردا نەتەوەی کوردی بە هەموو هێزییەوە بووە پاڵپشت و شورەی شۆڕش. شاری هەولێریش لەپاڵ شارەکانی دیکە رۆڵی گەورە و پێشــەنگی گێڕا، بــەڵام زۆری نەخایاند بەهــۆی هەڵگەڕانەوەی قاســم لــە ئامانــج و رەهەندە ستراتیژییەکانی شۆڕش و کەوتنە ژێر کاریگەری هێزە کۆنەپەرســت و عەرەبــە ناسیۆنالیســتەکان دەروازەکە بــەڕووی کورد داخراو ئیدی گەلی کورد بەناچاری پەنای بۆ شۆڕشێکی چەکداری برد.

*** رۆڵــی هەولێــر چــی بوو لــەو قۆناغە مێژووییەدا؟**

– وەکو سنووری جوگرافی لیوای هەولێر هەندێ جار لەو ماوەیەدا شارەکەراستەوخۆ بەشێکیسەرەکی بوو لە شانۆی رووداوەکاندا وەکو یاخیگەری شــێخ رەشیدی لۆلان و ســەرهەڵدانی شۆڕشی کورد لە ئەیلوولی ١٩٦١ و چەندین رووداوی دیکە، هەندێ جاریش ناراستەوخۆ پەرەســەندنە سیاســییەکان لە هەولێر رەنگدانەوەی هەبووە وەکو هەڵگەڕانەوەی شەواف لە موسڵ، رووداوەکانی کەرکوک و ...تاد لەسەر ئاســتی بزاڤی سیاسیشدا (نەتەوەیــی و نیشــتمانی) کەسایەتییەکانی سەر بە سنووری لیواکە و نێو شارەکە لەوانە: (مســتەفا بارزانــی، جــەلال تاڵەبانــی، عەلــی عەبدوڵــڵا، عەونــی یوســف، شەمســەدین موفتی، عومەر مســتەفا(دەبابە)، عەبدوڵــڵا ئیســماعیل، مەحمود کاوانــی) چەندانــی دیکــەش لەسەرەتادا وەکو (ساڵح حەیدەری و حەمید عوســمان)، کــە رۆڵی سەرکردایەتییان گێڕاوە.

لە نێــو بزاڤــی نیشتمانیشــدا لــەو ماوەیــەدا بــە تایبەتی لە سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی عێراقیدا، لەکۆی چــوار ئەندامی لقی کوردی سێیان سەر بە هەولێر بوون ئەوانیش: (جەمال حەیدەری و عەزیز محەمەد و کەریم ئەحمەد) بــوون، بوونی ئــەو ژمارانەش نەخشی شاری هەولێر دەخاتە روو لەسەر ئاستی باشووری کوردستان و عێراقدا.

*** ئــەی لــە هەڵگیرســانی شۆڕشــی ئەیلوول١٩٦١؟**

– لە شاری هەولێر بناغەی هێزی شۆڕشــگێری لە مانگی ئابی ١٩٦١ سەری هەڵدابوو، کاتێک کادیرانی شار و پۆلیســەکانی هەولێر لەو مانگــەدا بنکــە و بارەگایــان لە چیای سەفین کردبۆوە، تەنانەت هێزەکانی پارتی لە لیوای موسڵ و سلێمانیدا دوای تۆپباران کردنە خەســت و چڕەکەی هێزی پیادە و ئاسمانی حکومەتی قاسم شکستیان خــوارد و پاشەکشــەیان کــرد، بەڵام هێزەکــەی هەولێر لە چیای سەفین بوونە پنتی بەرگریکردن و نهێنی مانەوە و خاڵــی بەردەوام بوونی شــۆڕش، ئەوەش خاڵێکی پڕشــنگدارە لە مێژووی شــارەکە کە هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی ئاماژەی بۆ نەکردووە.

لــە نامەکەدا چەندیــن تەوەرەی دیکەی گرنگ باســکراوە، لەوانە پەیوەندی نێــوان (پ.د.ک) و (ح. ش. ع) لەســەر ئاستی جەماوەری و رێکخراوەییدا، هەروەها تیشک خراوەتە ســەر هــاوکاری کردنی دارایــی و مینۆکــی دانیشــتوانی هەولێر بۆ شۆڕشی کورد و رەوشە سیاســییەکە تێیدا بە وردی وێنا کراوە تا کودەتای بەعســی یەکەم ٨ی شــوباتی١٩٦٣ باســکراوە، جێگەی ئاماژەیە لێکۆڵینەوەکەش بە بەڵگەنامە و سەرچاوەی رەسەن پشــت ئەســتوورە و بــە پوختی رەچاوی میتۆلۆژیــای مێژوویی کــراوە و پەیڕەو کــراوە هیوادارم بەم هەوڵەم توانیبێتم بەشداری لە نووسینەوەی مێژووی نەتەوەکەم بکەم.

## پرۆفایل

شوان محەمەد ئەمین خۆشناو
لەدایکبووی: ١٩٧١– هەولێر
خوێندن: ماســتەر لە مێژووی کوردی نوێ و هاوچەرخ
ئەندامــی دەســتەی کارگێڕی کۆمەڵەی رۆشنبیری مێژوویی کوردستانە.

# ئەڵمانیا/ مێژوو-کلتوور- جوگرافیا چاپکرا

**ئا: ئاورەحمان مەعروف**

لــە مێژە وەرگێــران وەک پردێکی گۆڕینەوەی زانیاری و ئاشنابوون بە کلتوورو زمان و دنیای خەڵکانی دەوروبەرو بیانی ئەو بە ئەمی دیکە گیراوەتەبەر.

هەڵبەتــە رەنگــە بەشــێوە بەرفراوانییەکــەی وەرگێــران لە بواری نووسین و دەق و پانتاییەکی بەربــڵاوو تــەواوی بوارەکانــی ژیــان لای کورد یەکجــار درەنگ کەوتبێتــەوەو هۆکارگەلێکیش لە پشت ئەوەوە بوون، کە لەبەراییان مەسەلە سیاسییەکە بووەو شوێنی ئومێدە، بەتایبەتی دوای راپەڕین و هاتنــە کایەوەی ئــەم کیان و حکومەتەی باشــووری کوردستان خەریکە خوێنەری کوردیش بتوانێت هەر هیچ نەبێت بە زمانەکەی خۆی ســەرچاوە لە بــوارە جیاجیاکان دەست بخات، چونکە جاران زیاتر کاری وەرگێران لە بواری ئەدەب و هەندێک وردە بابەتی رۆشــنبیری دیکەدا بوو.



جا "ئەڵمانیــا/ مێژوو– کلتوور– جوگرافیا" کە لــەم زوانە لەلایەن باهۆز مســتەفاوە راســتەوخۆ لە زمانی ئەڵمانییەوە ســەبارەت بە وڵاتی ئەڵمانیا کراوە بە کوردی و لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریش لە دووتوێی بەرگێکی قەشەنگی "٢٢٢" لاپەڕەیی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەم ماندووبــوون و خزمەتکردنە لە باهۆز مســتەفا پیرۆز دەکەین و چاوەڕوانــی کارو بەرهەمــی زیاترین.

# مووسا شازادەی میسر رۆمانێکی مێژوویی

**ئا: ئاورەحمان مەعروف**

ئەودەمــەی دەســتم دایــە کتێبی "مووسا: شازادەی میسر"ی هاوارد فاســت، کە ماوەیــەک لەمەوبەر ئەبوبەکــر ســاڵح ئیســماعیلی وەرگێڕ، لــە دەزگای موکریان لە دووتوێی چاپێکی قەشــەنگ و دوو بەرگــدا نزیکــەی ٩٠٠ لاپەڕەیی، کردۆتە کــوردی و چاپی کردوون، بەڕاستی وەرگێڕ سەلیقەو تواناو دەســەڵاتی وەرگێڕانی خۆی تێدا نیشــانداوە، خەرمان بەرەکەت و بەئومێدی بەرهــەم و وەرگێڕان و کاری مەزنتــر، کە ئەمە پێموابێت دوانزدەهەمین کتێبی وەرگێڕدراوو چاپکراوی کاک بەکرە.

چۆن کاک بەکر وەک لە پێشــەکی ئەم کتێبەدا دەڵێ:

وەرگێڕان: پردێکی رۆشــنبیرییە، هەروەهــا کردارێکــی دووانەیــی زانســتی و هونەری ... هەڵبەتە قۆناغی ئێستای کوردیش پێویستی بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی کلتووری گشــتگیر هەیە بۆ بنیاتنانی تاکی نەتەوەیی.

ئەم کتێبەشی هەر لەو روانگەیەوە بەکوردی کــردووە، کە رۆمانێکی مێژوویــی ژیانــی موســایە بەرلــەوەی ببێت بــە پێغەمبەر، دواتریش بەباشــی زانیوە کەمتر روونکردنەوەو دادوەریکردن لەسەر ئــەم دەقە بکات، هــەر ئەوەندەو بەس: "ئەو مەبەستەی هانیدام ئەم دوو بەرگــە بکەمە کوردی، لەوەدا چڕبۆتەوە کە پێموایە ئەمە داستانی یەکەمین مرۆڤێکی نەمرە، کە هیچ دەسەڵاتێکی دنیایی، ئینجا موڵک و ســامانی بێبڕانەوە، چێژەکانی دەسەڵات و پاشایەتی، نەیانتوانیی هەستەکانی ئینتیما بۆ هاونەژادانی خۆی تێدا خامۆش بکەنەوە"




بە هەقیقەت شــاکارێکی مێژوویی مەزنی هەستی مرۆڤە لە ئینتیما بۆ ناسنامەی نەژادیی خۆی.






# خەرەندەکانی سنوور

شــەو بوو کە ئێمەیان پەلکێشــی دەرەوەی گرتووخانەکە کرد، من نەمدەزانــی ئەوانەی لەگەڵ مندا بوون چەند کەس بوون، هەر کە لە ژوورەکە دەریانهێنام یەکسەر چاومیان بەست، شەپۆلێک لە ترس، ترسێکی وەحشەتناک هەموو گیانمی داگرت، نازانم بۆ لەو ساتە بۆنی خوێن ئەو ناوەی داگرتبوو، لە ژێر پێمدا هەستم بە جوڵەیەک دەکرد هەر لە جوڵەی بۆمەلەرزە دەچوو، من ئەگەرچی هیچیشم نەدەبینی بەڵام لە نێو چڕیی تارکیدا سوپایەک لە دەروێشانی ئیمامم بەدیکرد، بە یەک دەنگ و یەک ئاواز دەیانوت ( سەرمان لەرێتە ئیمام. دوژمن ناگا بە مەرام !) نەمدەزانی ئەوانە چییان لێم دەویســت بۆچی بەو دەنگە تۆقێنەرە بــە دەوری مندا دەیانقیژاند ؟ خودایە گەرەکیانە بۆ کوێم ببەن، ئەو دەنگ و نماییشکردنانە تیمی ئەو سەربازانەی هێنایە بەرچاوم، کە خۆیان بۆ ئیعدامکردنی کۆمەڵە کەسێک ئامادە دەکەن و هاکا پەنجەیان لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکانیان هێنایە دواوەو ملی گیراوەکانیان بە رووی زەویدا لارکردەوە، من لە نێو ئەو تاریکییەدا یەکێک بووم لەو گیراوە دەســت و چاو بەستراوانە، یەکەم گوللەی سوپای ئیمام بە من کەوت، بە نێوچاوانم کەوت و لە پشتی سەرمەوە هاتــە دەر، بۆنی خوێن زیاتر ئەو نــاوەی پڕ کرد، هێندەی نەبرد گرەگری شۆفەلێک هات و بە لێشاو خۆڵبارینیان کردین . دەستێک منی لەژێر خۆڵەکە دەرهێنا، بۆ کوێم دەبەن خودایە ؟ کەســێک بە دوای خۆیەوە دەســتمی رادەکێشــا، بەڵام بۆم مەعلوم نەبوو، کە ئەو کەســە کێیە، لە گیراوەکانە یان پیاوێکی دەوڵەتە، بە هاژەی ئۆتۆمبێل و تەوژمی هەوای ئەو ناوە بۆم دەرکەوت کە من لە دەرەوەی زیندانم، بەوچرپانەی کە لە دەوروبەرمدا گوێم لێدەبوون، وادەهاتە بەر چاوم چەند کەســێک دەوریان دابم، لەوە دەچوو پاسەوان بن . کە سواری ئۆتۆمبێلێکیان کردم، گوێم لە کۆخەی کەسێک بوو زانیم دکتۆر رەحیمیش لە گەڵماندایە، منیــش هەر بە کۆخەیەک وەڵامم دایەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە منیش لە نێو ئۆتۆمبێلەکەدام، کەسێک ئەمری بە شوفێرەکە کرد، کە ئۆتۆمبێلەکە لێبخوڕێ، خودایە ئەوانە چیان لێمان دەوێ ؟ بەو شــەوە چیمان لێدەکەن ؟ من تەنیا بیرم بۆ ئەوە دەچوو، بمانبەن بۆ جێگایەک، لەوێ ئەشکەنجەمان بدەن، یا بمان کوژن و تەرمەکانیشمان لە چۆڵەوانییەک فڕێبدەن، شوفێرەکە نــاوی خودای هێنــاو ئۆتۆمبێلەکەی وەئیش خســت، گوێم لێبوو کەسێک کە لە تەنیشتمەوە دانیشــتبوو بە هەناسە ئایەت کورسی دەخوێند، ئۆتۆمبێلەکە چەند جارێک پێچی دەکرد، دەتوت بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، دواتر بێئەوەی بەملاو بەولادا رێبکا، بە راستە رێیەکدا رۆیشت، من هەســتم دەکرد بەرە بەرە لە هەناوی شــاردا دەردەچیــن و بە رێگایەکدا دەڕۆین لــە دەرەوەی شــاردایە، ئۆتۆمبێلەکە هێندە بە خێرایی دەڕۆیشت دەتوت لەو وەختەی بۆی دیاریکرابوو،دواکەوتبوو، لەوەش دەچوو کەسانێک هەبن لە شوێنێک چاوەڕێمان بکەن، بۆ ئەوەی تەسلیم بەوان بکرێین، ماوەیەکی زۆر کە بــە مەزندە لە دوو ســەعات زیاتر دەبوو، کەســمان نقەمان لێوە نەهات، چاوەڕێی ئەو قــەدەرە بووین کە بۆیان کێشــابووین، من لە هەموو ئەو ماوەیەی کە بە رێگاوە بووین، چەند جارێک خەوم لێکەوتبوو، تەنیا ئەو کاتانە بە ئاگا دەهاتمەوە، کە ئۆتۆمبێلەکە لە خاڵەکانی کۆنترۆڵ دەوەستا، مرۆڤ زەحمەتە لە ساتێکی ئــاوادا خەو بێتــە چاوانی، کەچــی من پێتان ســەیر نەبێ چەند جارێک کە لە شــاخیش بووم لە کاتی تەنگژەو ناخۆشیشــدا، لە سەر پشتی وڵاخ خەوم لێدەکەوت، لە هەموو ئەو جارانەش تەنیا کەرەتێکیان، بەربوومەتەوەو سەرم شکاوە . دانیشتن لە ســەر پشــتی وڵاخ وەک ئەوە وایە لە نێو لانکدا بیت و کەسێک راتبژەنێ، سەفەرەکانی سەر پشتی وڵاخ، گەڕانێکی ئازادانە بوو بە دوای دۆزینەوەی ئازادی ! بەڵام سەفەری ئەو کاتەی نێو ئۆتۆمبێلەکە، گەڕانــدن بوو بە دوای چارەنووســێکی نادیار، مــن هەر لەو کوڕە هەڵەبجەییە دەچووم کە توانیبووی چەند هەنگاوێک بە پێش مەرگی خۆی بکەوێ و دواجــار مەرگ ببەزێنێ، کەچی لە گەڕانیدا بە دوای ئازادی، قەدەرێکیکە چاوەڕێی بوو، لە سنوورەکانەوە زیندانەکانی ئەو دیو وڵات هەڵیانلووشــی . ئێســتا ئەو، رەنگبێ تەنیا بیر لە چارەنووسی ئەو کەسانە بکاتەوە کە لە ناکاودا، لە چاو تروکانێکدا بێئەوەی خواحافیزیان لێبکا، بەجێی هێشــتن، رەنگبێ شەنگوڵی خوشکی ئێستاش بە باوەشییەوە بێت و لە نێو سەفەری نادیاری ئەو ئۆتۆمبێلەدا ( ئەگەر لەگەڵمان بێ ) هەر پێیبڵێ (کاکە بەجێم مەهێڵە) دڵنیابووم دکتۆر رەحیمیش، کە بە کۆخەکەی دەمزانی لەگەڵماندایە، بیری لەوە دەکردەوە کە بۆچی لە هەموو تەمەنیدا بۆ ســاتێکیش بە خەونی ئازادی نەگەیشــت ؟ ئێمە لەو ئانوساتەدا تاکە شانسێکمان هەبوو، کە تروســکاییەک هیوای پێدەبەخشین، ئەویش بەردەوامی شــەڕی سەختی نێوان عێراق و ئێران بوو، دەنا چارەنووسمان یەک شت بوو، ئەویش لە جیاتی ئەوەی لێرە بمانهێڵنەوە، رەوانەی ئەو شوێنەیان دەکردین، کە بۆ تارومارکردنی ئەو چەکمان هەڵگرتبوو، هەر ئەو هیوایە کەمــە وایلێکردبووم ئەشــکەنجەو زیندانی ئەوێم پێقەبوولتر بێ . ئەوەی بە درێژایی رێگاکە ماندووی کردبووم و ئازاری دەدام ئەو پەڕۆیەی سەر چاوم بوو ئەویش بۆخۆی ئەشکەنجەیەکیکە بوو . من کە مناڵ بووم زۆرجار لە یاریکردندا لەگەڵ مناڵانیکە چاوی خۆمان بە هەمان شــێوە دەبەســت، ئەو کاتیش هەوڵمان دەدا هیچ شتێک نەبینین، بەڵام لەوە دەترساین، کەللەی سەرمان بەر یەکتر کەوێ یا هەڵدێرێک رامانکێشــێتە خوارەوە، لە تاریکە شەوانیشدا یــاری ئاوامان کردووە، بە تایبەتی لە یــاری ( بەردە گەرمانێ) دا دەبوایــە ئەو بەردە گەرمە بدۆزینەوە، کە لەنێو ئاگردا گەرم دەکراو فــڕێ دەدرایە دووری ئاگرەکە، لە گەڕانیشــماندا گەرەکبوو زۆر بە دیقەت و ئاگاییەوە دەستمان بکوتین، نەوەکو پەنجەکانمان بسوتێن . ئێمە لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا نەپەڕۆی چاوشــارکێمان لە چاو بوو، نە بەدوای هیچ شتێکیشدا دەگەڕاین، ئەوە ئەوان بوون بە ئارەزووی خۆیان چاویان دەبەســتین و دەیانگەڕانــدیــن، وەک چۆن لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بە چاو بەستراوی دادەنێن و خۆیشت نازانی شەق و زللە لەناکاوەکان کەی و چۆن و لە کوێوە دێن، لە نێو ئۆتۆمبێلەکەش هــەر ئاوا نازانــی بۆچی ئەو رێگایە دوورو درێــژەت پێدەبڕن و لە دواییشدا لە کوێ دەتهێننە خوارەوەو لە چ ژوورێکی تەسکوتروسک فڕێت دەدەن، لە هەموو دانیشتنەکانیشــدا هەر ئەو قسانە دووبارە دەبنــەوە، کە لەیەکەم لێکۆڵینەوە بەر گوێــت کەوتوون، بەڵام لە هەموو جارەکاندا ئەشــکەنجەیەکی نوێ دادەهێنن، چ پڕ ئازارن ئەو ئەشکەنجانەی کە بە چاو بەستراویەوە بەر جەستەت دەکەون . . لە هەڵبەزین و دابەزینی ئۆتۆمبێلەکە بۆم دەرکەوت، کە بە جادەیەکی پڕ لە کەندو کۆسپدا دەڕۆین، من بۆخۆم وام هەست دەکرد ئەو شوێنەی پێیدا دەڕۆیشتین، چۆڵەوانی و دوور لە ئاوایی بوو، گوێت لە هیچ شــتێک نەدەبوو، تەنیــا لە گڕە گڕی ئــەو ئۆتۆمبێلەی کە ئێمەی هەڵگرتبوو، ئۆتۆمبێلەکە دوای ماوەیەک لەکەمکردنەوەی خێرایی، بە هێواشــی وەستا، گوێم لێبوو کەسێک لەســەرخۆ داوای کرد کە دامانبەزێنن، بۆ ئێمەی چاوبەستراو هەموو شتێک وەکو یەک بوو، من بۆخۆم لەو سەفەرە دوورو درێژەدا، هەستمنەدەکرد لە شوێنێکەوە گواسترابێتمەوە بۆ شــوێنێکی دیکە، ئاخر لەنێو تاریکی خەست و چاوبەستندا هیچ مانایەک بۆ جوڵەکانی مرۆڤ نامێنێ !



کاروان عەبدوڵڵا

# شەڕی هەڵەبجەییەکان لەسەر عەلییەو ئەمیر تەهاش دیکۆمێنت دیکاتە



ئەمیر تەها لە کاتی وێنەگرتنی دیکۆدراماکەدا

**دوابەدوای ئەوەی لە ماوەی رابردوودا گەنجێکی تەمەن ٢١ ساڵ گەڕێنرایەوە شاری هەڵەبجەو لەلایەن خەڵکی ئەو شارە و نوێنەری حکومەت پێشوازی لێکراو وەرگیرایەوە، تا ئێستا ئەو کوڕە چارەنووسی نادیارە، دەرکەوتنی چارەنووسەکەی بەستراوەتەوە بە پشکنینی "dna" ئەو خانەوادانەی کە دەڵێن عەلی کوڕی ئەوانە، لەو نێوانەدا ئەمیر تەهای هونەرمەند خەریکی کارێکی دیکۆمێنتییە لەسەر ئەو کوڕە گەنجە هەڵەبجەییە، دەربارەی ئەو فیلمە ئەمیر تەهامان دواند....**

## تایبەت بە هونەری بەدرخان

*** بۆچی ئەو فیلمە دیکۆمێنتیە؟**

– دیارە گرنگترین شت بەر لە کارکردن هەڵبژاردنی بابەتە، من کە گوێم لە هەواڵی ئەو گەنجە بوو کە لە ئێران ناونراوە عەلی یەکسەر کەوتمە بیرکردنەوە و بڕیاری کارکردنم دا چونکە بێگومانم لەوەی بابەتێکی سەرنجڕاکێش و هەستیارە دڵ و دەروونی هەموو مرۆڤێکی ئەم سەرزەمینە دەهەژێنێ و پەیامێکی بەڵگە هەڵگری راستەقینەی رووداوی کیمیابارانی هەڵەبجەیە ئەم بابەتە تەنها باس لە عەلی ناکات هێشتا دەیان منداڵی تر و بگرە زیاتریش وەک عەلی ناوی تریان لێنراوە و قوربانی و پاشماوەی ئەو کارەساتە جەرگبڕەن.

*** سازکردنی ئەو فیلمە بۆ دۆزینەوەی بنەماڵەی راستەقینەی عەلییە، یاخود ژیانی خودی ئەوە؟**

– ئێمە لە کارەکەماندا بەدوای رووداوەکان کەوتووین و بە شێوەیەکی تۆماری کارەکەمان دەکەین عەلی کەسێکە کوڕی هەڵەبجەیە کوڕی خانەوادەیەکی هەڵەبجەیە دەمانەوێ بەدوای عەلیدا بڕۆین تا بە خانەوادەکەی شاد دەبێت و بیکەینە پەیامێکیش بۆ هەموو ئەو منداڵانەی کە لەئێران ماون تا بگەڕێنەوە باوەشی نیشتیمان.

ژیانی عەلی جێگیر نییە هەر لەو رۆژەی کە پێیانڕاگەیاندووە تۆ کوڕی ئەم ماڵە نیت، بەڵکو تۆ منداڵێکی شیرخۆرەی هەڵەبجەیی بووی لای ئێمە گەورە بووی ئەم هەواڵە زەنگێکی ناوادە و ناخۆش بووە بۆ عەلی کە ئەو خەریکی چوونە دانیشگا بووە.

ژیانی عەلی چارەنووسی عەلی پەیوەستە بە دۆزینەوەی خانەوادە راستەقینەکەی بۆ پێکهێنانەوەی ئەو خێزانە پەرت بووە و دووبارە بینا کردنەوەی.

*** ستافی کارکردنی ئەو فیلمە کێن؟**

– ئێمە ئێستا لەناو کاردایین و لەبەر ئەوەی لۆکەیشنەکان زۆرن، زۆر کەس بەشدار دەبن چ وەک وێنەگر چ وەک کەسانی دیکە، بەڵام ئەوانەی تا ئێستا کارمان کردووە جگە لە خۆم کاک فەرەیدوون بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و کاک فەخرەدین و کاک باست لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی و کاک سەلام حاجی عەلی کە وەک وێنەگر کاری کردووە لە درێژەی کارەکەماندا خەڵکی تریش هاوکاریمان دەکەن.

*** سپۆنسەری ئەو فیلمە دیکۆمێنتییە لەلایەن کێ کراوە؟**

– راستییەکەی تا ئێستا لەسەر ئەرکی خۆم ئەو کارەم دەستپێکردووە هەرکەسێک و خەمخۆرێکی هەڵەبجە پێیانخۆشە هاوکار بن کارێکی باش دەکەن، چونکە بەڕاستی بەتەنها بەمن ناکرێ، ماوەی ٢٠ رۆژە خەریکی خۆ ئامادەکردن و وێنەگرتنیشم دیارە هەوڵێکم داوە ئەگەر وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بیگرێتە ئەستۆی خۆی.

*** دەتەوێ لە رێگای ئەو فیلمە کار لەسەر کارەساتی هەڵەبجە بکەی، یاخود تەنها عەلی؟**

– وەک باسم کرد عەلی کەسێکی هەڵەبجەییە، کەیسێکی هەڵەبجەییە بێگومان کارکردنە لەسەر ئازارەکانی ئەو شارە دەبێ و هەرواشە باسی هەڵەبجە دەکەم کارەساتەکە بە چاوێکی ترەوە لە رێگەی عەلییەوە پیشان دەدەمەوە. ئەگەر هەزاران فیلم سەبارەت کارەساتی هەڵەبجە بکرێ هێشتا مافی خۆی پێنادەین، بەڵام هەرکەسەو خشتێک دەخاتە سەر دیوارەکە و برینێکە سارێژ نابێت.

*** دوای مشکۆ و خۆ سوتاندنی ئافرەتان، بۆچی ئەو فیلمە مرۆڤایەتییە؟**

– کاتێک ساڵی ١٩٩٣ لە کوردستان تیڤی ناوخۆیی کارم دەکرد شاندێکی بیانی هاتنە ئەوێ داوای نوسخەیەکی کاسێتەکەی هەڵەبجەیان کرد تۆمارکردنەکەی بەمن سپێردرا، لەگەڵ بینینی هەر ساتێکی کیمیابارانەکە مردنی ئەو خەڵکە لە شوێنی جیا جیا و راکردنی خەڵکەکە و بەتایبەتیش گریانی منداڵێک سەرنجی راکێشام کە رایکرد پاشان وەستا نەیدەزانی بۆ کوێ بڕوات فرمێسک بەچاوانم دەهاتە خوارەوە پاشان دەمویست قسە بکەم کارێک بکەم کەوتمە خۆم و ئۆقرەم لێبڕا ئەو کات نەمدەزانی چی بڵێم و بیکەم تەنها لە حەژمەتان مستێکم لەدیواردا ئەو شەوەم قەد لەبیر ناچێ.

لەو ساتەوە حەزی ئەوەم کەوتە دڵ و مێشک کە رۆژێک بێ و بتوانم ویژدانی خۆم وەک تاکێکی ئەو کوردستانە بەرامبەر ئەو شارە سەربەرزە بحەسێنمەوە.

لە ژیانی ئاساییی خۆماندا بەدوای غەریزەکان و گەورەیی و پارە و... دەیان شتی تر کەوتووین، عەلی کەسێکە دوای ٢١ ساڵ تەمەن بەدوای کەسانێک دەگەڕێ کە ئەو هەر لەگەڵ لەدایک بوونیدا ونی کردوون و سەرگەردانە. عەلی هیچی لەژیان ناوێ تەنها دۆزینەوەی کەسوکاری کە عەلیم بینی زۆربەی کاتەکان لە بیرکردنەوەدا بوو جارنا جارێکیش کە کاک باست و کاک فەخرەدین دەیانویست لەو بێدەنگییەی دەربێنن بەپێکەنینیان دەهێنا ئەمە باشترین بابەتە کە من ئەو کارە بکەم و هەربۆیەش دەستم پێکرد.

*** ناوەرۆکی فیلمە دیکۆمێنتییەکە چی لەخۆ دەگرێ؟**

– کۆمەڵە کەسێکی نارەحەت هەمیشە لە دڵەڕاوکێیەکدا دەژین هەر کەسێک و بەڵگەی خۆی پیشاندەدات کە عەلی کوڕی ئەوە لەلای هەرکەسێک و خانەوادەیەک ئەو گەنجە ناوی عەلی نییە (دەرباز) و (خەلیل) و چەند ناوێکی تر کە کاتی روودانی کارەساتەکە ئەو ناوەی لێنراوە.

شەو و رۆژ لەبیرکردنەوەدان خوێنی خۆیان بۆ پشکنینی (dna) رەوانەی دەرەوە کراوە، عەلی ناوە ناوە لە ئێرانەوە تەلەفۆنی بۆ دەکرێت و سۆراخی حاڵەتەکەی لێدەپرسنەوە، هەموو لایەک نیگەرانن لە دەرەنجامی پشکنینەکە، میلی کاتژمێر رەحم بە هیچ لایەکیان ناکات چارەنووس نهێنی راستییەکانی حەشارداوە.

*** لۆکەیشنی وێنەگرتن و ئەرشیفی کارەکان لەکوێن؟**

– لۆکەیشنەکان هەڵەبجە و سلێمانی و هەولێر و ئێرانن، بۆ ئەرشیفیش بێگومان وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.



عەلی هەڵەبجەیی









هەموویان لە چاوەڕێی ئەوەن عەلی کوڕیان بێ و بگەڕێتەوە باوەشیان

# (ڕانیە)کەم و سوپاسێک لە ناخەوە



هەموویان پێشوازی لە خەرمان هیرانی دەکەن

**خەرمان هیرانی**

کاتێک لە هیزۆپەوە دەستی لای چەپ دەگریت و بە درێژایی رێگا ئەسفەلتییەکەدا رووەو قەمتەران رێ تەیدەکەیت، سەرەتا لە دوورەوە گۆلە شینەکەی بەربەستی دوکان بەدیدەکەیت، کە لەدەستەراستەوە کۆسرەت بە شکۆیەکی پڕ لە نهێنی و چیرۆکداو لە نزیکایەتییەکی ترسناکدا بەسەریدا شۆڕبۆتەوە، هەر دەڵێی بۆ پاراستن یان ئاو خواردنەوە ئاوا لە دامانی گۆلدایە.

لەدوورتریشەوە و بەرامبەر ئاراستەی رێوە، لوتکەکانی کوریس و هەندێ وردە لووتکەی ئاسۆس بەدیار دەکەون. بە درێژایی رێگا لەوە دەڕوانیت کەی دەگەیتە سووچەکەی قەمتەران و لەوێوە بیتوێنی سەوز و شین بکەوێتە بەر چاوان.

هەر لە سەرەتای سووچەکەوە، هەموو دیمەنەکان دەگۆڕێن، رەنگ، رووناکی، کرانەوە و دڵئاوخواردنەوە.

هەر لە سەر سووچی قەمتەرانەوە ئیدی زنجیرەی چیاکان هێندە زۆر و بە شکۆن زۆر جار ئەوان دیمەنی قەشەنگی دەریاچەو دەریای کێڵگەکانی گوڵەبەرۆژەت لەبەر چاو دەخەن، کە وەک لەشکرێکی بەوەفاو ویقارەوە لەبەردەم خۆردا وەستاون.

ئەمە هەموو زادەی هەر سەفەرێکم بووە لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ ڕانیە، هەر لە منداڵییەوە ئەمە خولیا بووەو بە گەورەییش هەر ماوەتەوەو دیمەنی هاتۆتە سەر و هی تری لێفڕێدراوە.

بەڵام سەفەرەکە لەوێ کۆتایی نایەت، هەر گەیشتیتە بیتوێن مانای ئەوە نییە، کە گەیشتویتە دڵە گەورەکەی ئەو دەشتە، هەر خواخوای ئەوەتە کە لادێکانی سەر رێگا، کانی ماران، قەرەنیاغاو گردجان ببڕیت و بگەیتە چوارقوڕنەو بە زەحمەتیش بەلای چەپدا نەنواڕیت بەلای حاجیاوادا، بەڵکو زوو لە هەڵکشانێکی دیاردا ڕووەو کلکەی کۆڵێن دەشتی چوارقوڕنە بەجێدەهێڵیت و هەر بە ئەنقەستیش بەلای راستدا ناڕوانیت، چونکە بارەگا کۆنەکەی تیپی بیستوچواری سوپای فاشیستەکان هیچ بیرەوەری جوانی تیادا نییە، جگە لەو رۆژەی کە لە چێشتەنگاوێکی رۆژی ٣/٦ ی ١٩٩١ دا کە کەوتە دەستی ڕاپەڕیوان.

کلکەی کۆڵێن لە کۆتایی شاخی حاجیلەدا، کە تیایدا شاخەکان زیاتر لە تەپۆڵکە دەچن هەڵکەوتووە. لەوێوە ئیدی بۆ من دەرگای بیرەوەری، ژیان، مردن، ئاسوودەیی و کێشمەکێشی خەبات واڵا دەکاتەوە.

لەوێوە هەر بەدەرکەوتنی کێوەڕەش، دڵئاو دەخواتەوەو زوو تێدەگەی، کە لە ڕانیە نزیک بوویتەوە، هەر لەوێوە ئیشتیای ئاوی، قولە، ڕەشەمێرگ، کوێرەکانی و کانی مەلاسلێمان تینووت دەکات.

لەوێوە دەتەوێ کەس نەبینیت و هەرخۆت بە تەنیا لە ڕازو نیازەکانی شارەکە تێبگەیت.

نزیکەی ١٨ ساڵ دەبێت ئەم شارەم بەجێهشتووە، هەر نەبێت وەک جەستە، چونکە ئەم شارە نەفرەتیەکی لەگەڵدایە، ئەویش ئەوەیە، کە چەند مانگێک بەسە بۆ ئەوەی کە هەتاهەتایە ئاڵوودەی بیت و نەتوانی دەستی لێبەردەی.

ئەمەم لەباوکم و دایکمەوە بۆ بەجێماوە، ئەوان لە زووانێکەوە هاتنە ئێرەو بوو، مەنزڵگای هەمیشەییان، ماڵیان پێکەوە نا، ژیانیان دروستکردو وەچەیان نایەوە، زۆرێکیش جگەرسۆزیان لە بناری کێوەڕەشی بەئەمەکدا شاردەوە.

ئازارەکانی رۆژگار هیچیان وایان نەکرد ڕانیەم لەبەر چاو ون بێت، بەڵام خۆ منیش دڵم پڕبوو لە گلەیی و گازاندە لە ڕانیە، هەر ساڵێک لەمەوبەر و لەو رۆژانەدا دایکی نەمرم لە رانیە تووشی جەڵتە هات و لە زێدی خۆیدا لەو شارەی، کە ڕۆڵەکانی تیادا شاردەوە کەمترین یارمەتی وەرنەگرت، ئەمبولانسێک نەبوو بیگەیەنێتە نەخۆشخانە!

هەر لەم شارەدا کە گلکۆی ئازیزانمی لێیە هیچمان جێگۆڕێکی بچووکیشمان نییە!!

بەڵام داخۆ منداڵ لە دایکی خۆی زویریش بێت چەند زویربوونەکەی بڕ دەکات؟

ئەمساڵ گەڕامەوە بۆ کوردستان و دەبا ڕانیە لە خشتەی گەشتەکەمدا بایە، دەبا چووبامە سەر گۆڕی ئازیزان، باوک، برا و خوشکان.

بەڵام نەمدەزانی ئەمەکی شار و کەسانی ئەوەندە بەهێزە، کە قورگی نووساوم هێندەی تر گریاناوی دەکات و ناهێڵێت وشەیەکیش دەربڕم!

هەر لە کلکەی کۆڵێنەوە، جاران پێمخۆشبوو تەنیابم، بەڵام ئەمجارەیان نا، هەر لەوێوە ئامێزی ئازیزان و بەئەمەکانی شار لە پێشوازیدابوون.

کاربەدەستانی حکومەت، حیزب، هونەرمەندان و دۆستانی بەئەمەک، ئەوان بەم ساتانە تۆزی غەریبی چەندین ساڵەیان لە روو تەکاندم .

لە رۆژانێکدا کە من و خانەوادەکەم، لە تاریکترین رۆژەکاندا، لە خەباتی بێوچاندا بووین، سەرەڕم بووین بۆ گۆڕانکاری و پێشقەچوون، زۆر جاران دەبووینە ئامانجی ناحەزان و نەیاران، هەتا کۆمەڵگای خۆشمان رەحمی پێنەدەکردین،

بەڵام ئەمجارە، ئەمەکباران بوو، ئەمەش وایلێکردم کە بڵێم، هەزار رەحمەت لە گۆڕتان، دایک و باوکم کە واتان پەروەردەکردین، کە کۆڵ نەدەین، یادتان بەخێر، کاوە، نەبەز، خوناو و هیران، کە هەریەکەتان لە بوارێکدا ژیان و سووتان بۆ ئەم شارەو ئەو خەڵکە، ئەوەتا ڕەنجمان بە زایە نەچووە، لە ناخی دڵەوە سوپاستان دەکەم، دەستتان دەگووشم، هەمووتان، هەموو ئەوانەی کە لە پێشوازیمدا بوون. ئای چەند هەستم بە گەورەیی ئێوە کرد.

من هەر کچی بەوەفای شارەکەی خۆمم، جەستەشم لەوێ نەبێت، رۆحم هەر لەوێیەو بە ئاوی سازگاری قولەش نەبێت گەرووی نووساوم تێرئاو نابێت.

دووبارە سوپاس و ماڵی هەمووتان ئاوا.



دیمەنێک لە پێشوازی و رێورەسمەکە

یەکەم هونەرمەندی هەولێر بەسەر فەرشی سووری فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی کەوت

# گۆڤار ئەنوەر باس لە فێستیڤاڵی پوسان و قەدری هونەرمەند لە کۆریا دەکا

**دوابەدوای ئەوەی وەکو ئەکتەرێکی کۆمیدی بەشداری لە چەندین شانۆگەری و زنجیرە دراما کرد، ئەوجارەیان بۆ یەکەم جار بەشداری لە فیلمی سینەمایی "شوێنێک بۆ یاری" کرد لە دەرهێنانی شەوکەت ئەمین کورکی و دوا بەدوای ئەوەش ئەو فیلمە بەشداری کرد لە فێستیڤاڵی پوسانی نێودەوڵەتی لە کۆریاو دوو خەڵاتیشی لە فێستیڤاڵەکە بەدەست هێنا، بۆ قسەکردن لەسەر فیلمەکە و بەشداری لەو فێستیڤاڵە گۆڤار ئەنوەر یەکێک لە ئەکتەرە بەشداربووەکانی فیلمەکەو بەشداربووی فێستیڤاڵەکەشمان دواند...**

### تایبەت بە هونەری بەدرخان

*** دوابەدوای ئەوەی لە چەندین شانۆگەری و دراما بەشداریت کرد، ئەوجارەیان چۆن بوو بڕیارتدا لە فیلمێکی سینەمایی بەشداری بکەی؟**

— لە سەرەتادا کاک شەوکەت هاتە بەڕێوەبەرایەتی شانۆ و لەگەڵ مامۆستا هیوا سوعاد قسەی کردبوو، لەبەرئەوەی ئەو دەموچاوەی ئەو دەیویست لەدوای دەگەڕا، دوای ئەوەش مامۆستا هیوا بانگی منی کرد و منی بە شەوکەت ئەمین ناساند، لەگەڵ کاک شەوکەت رۆیشتم و هەندێ گفتوگۆمان کرد و تێستێکی کردم، دیاربوو منی بەدڵ بوو، ئەوەبوو لەوێوە بڕیارمدا بەشداری لەو فیلمە بکەم.

*** قۆناغی وێنەگرتنی ئەو فیلمە چەندی خایاند و لۆکەیشنی کارەکە کوێ بوو، رۆڵەکەشت چی بوو لەو فیلمە؟**

— لۆکەیشنی کارەکە هەمووی ناو یاریگاکەی کەرکووکە، ماوەی وێنەگرتنەکەشی زیاتر لە ٤٥ رۆژ بۆ ٢ مانگ بوو، رۆڵەکەشم بریتی بوو لەوەی کە لەناو ئەو یاریگایە برادەرێکم هەبوو ناوی ئاسۆ بوو کە شوان عەتوف رۆڵەکەی بەرجەستە دەکرد، برادەر بووین بەڵام ئامانجێکمان هەبوو ئەویش ئەو خەڵکەی کە لە سەردەمی رژێم ئاوارە ببوون و ئێستا گەڕابوونەوە ئەو شارەو هەموویان لەناو ئەو یاریگایە دەژین و بێ شوێن و جێگان، بۆیە پەنایان بردبووە بەر ناو ئەو یاریگایەو لەوێ ژیانیان بەسەر دەبرد، ئەوجا کەسانێک لەناو ئەو یاریگایە ئەو هەموو موعاناتەیان هەیەو گەڕاونەتەوە شاری خۆیان بۆ زێدی باب و باپیرانیان، دوای ئەوەش هیچ جێگایەکیان نەبوو و هەمووی داگیر کرابوو، بۆیە لەناو ئەو یاریگایە دەژیان، بەڵام چ ژیانێک؟ ئەو ژیانە هەر نەبێ باشترە!

*** یانی رۆڵی کەسایەتییەکەی تۆ لەناو ئەو یاریگایە چی بوو؟**

— وەکو باسمکرد من لەگەڵ ئەو هاوڕێیەم ئامانجێکمان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو دەمانویست فتبۆڵێن دروست بکەین، هەتا وایلێهات چەند تیمێکمان کۆکردەوە و تیمەکان لە کورد و عەرەب و ئاشوور و تورکمان پێکهاتبوون و هەموو ئامانجیشمان ئەوەبوو کە ئەو برایەتییە نزیک بکەینەوە، یانی هەوڵماندەدا کە ئەو تیمانە دروست بکەین و دوایی هەوڵبدەین هەندێ پارە بەدەست بێنین و هەموو کارێکمان دەکرد بۆ ئەوەی چەند تیمێک دروست بکەین بەبێ جیاوازی نەتەوەکان و برایەتییەک لەنێوانمان دروست بێ.

*** دوای ئەوەی ئەو فیلمە لە فێستیڤاڵی پوسانی نێودەوڵەتی وەرگیراو تۆش یەکێک بووی لە بەشداربووانی ئەو فێستیڤاڵە، کە ئەو هەواڵەت پێ راگەیەنرا هەستت بەچی کرد؟**

— لە سەرەتادا کە بەشداریم لەو فیلمە کرد و ئەو هەموو ئازارەمان چەشت لەکاتی وێنەگرتنی، کە لەناو ئەو یاریگایە چەندەها رۆژ بە چرقەی گەرمایە دڵنیابووم ئەنجامێکی باشی دەبێ، چونکە هەموو ستافەکە زۆر ماندوو بوون، بەتایبەتی کاک شەوکەتی دەرهێنەر و یاریدەدەرەکەی کاک خالید و کاک حەسەن بەڕێوەبەری بەرهەم و هەموو برادەران زۆر ماندوو بوون، بۆیە دڵنیابووم کە ئەنجامێکی باشی دەبێ، بەڵام کە کاک شەوکەت ئەو هەواڵەی پێڕاگەیاندم کە لە فێستیڤاڵی پوسان و زۆر فێستیڤاڵی دیکە وەرگیراوە، بەڵام یەکەم فێستیڤاڵ فێستیڤاڵی پوسان بوو، کە ئەو هەواڵەم پێگەیشت و زانیم کە داوەتنامەم بۆ هاتووە و دەبێ سەفەر بکەم بۆ کۆریاو شاری پوسان، بەڕاستی هەواڵێکی خۆش بوو و زۆریش پێی دڵخۆش بووم.

*** هونەر و هونەرمەندت لەو وڵاتە چۆن بینی؟**

— یەکەم جار کە گەشتم کرد، پێشبینی ئەوەم نەدەکرد ئەو جۆرە رێزگرتنە لەوێ هەبێ، لە وڵاتی ئێمە هونەر بەو چاوە سەیر دەکرێ، بەڵام کە داخیلی ئەو وڵاتە بووم وا هەست دەکەی لەو وڵاتە تەنها هونەر هەیە، کە گەیشتمە ناو شاری پوسان وا هەست دەکەی ئەو شارە هەمووی خەریکی ئەو فێستیڤاڵەیە، یانی لەهەر کوچەو کۆڵانێک دەڕۆی ئەوە فێستیڤاڵ هەیە، دواتر قورساییەکی وا هەیە بۆ هونەر کە پێشبینی ناکرێ، بەڕاستی لەوێ هەست دەکەی کە هونەرمەندی.

*** فیلمەکەتان "شوێنێک بۆ یاری" چەند خەڵاتی بەدەست هێناو کە بەسەر فەرشی سووریش کەوتی هەستت بەچی کرد؟**

— ئەو فیلمەی ئێمەی راگەیاندنەکان و رۆنامەنووسان بایەخێکی یەکجار زۆریان پێی دەدا، دوای ئەوەش ئەو ئێوارەیەی کە خەڵاتەکان دابەش دەکران، ئەو فێستیڤاڵە دوو خەڵاتی هەیە، ئێمەش وەکو ستافی فیلمەکە و وەکو فیلمێکی کوردی بەرهەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیمان هەردوو خەڵاتەکە بەدەست بێنین، گەورەترین خەڵات لای من ئەوەبوو کە من وەکو هونەرمەندێکی هەولێر بەسەر فەرشی سوور کەوتم، خەڵاتەکانی فیلمەکەش بریتی بوو لە خەڵاتی باشترین فیلم و خەڵاتی رەخنەگران.

*** دوای گەڕانەوەتان لە کۆریا وەکو پێویست بایەختان پێ نەدرا، هۆکاری ئەوە بۆ چی دەگەڕێنیەوە؟**

— نازانم چی بڵێم، ئەگەر بەراوردێکی ئێرە لەگەڵ کۆریاو شاری پوسان بکەم، بەڕاستی زوڵم لەوان دەکەم، چونکە بەڕاستی لەوێ کە لە فڕۆکەخانە هاتمە خوارەوە و گەیشتینە سنوور پێشبینیم دەکرد کە هەموو خەڵکی کوردستان وەستاون بۆ پێشوازی لە فیلمەکە و خەڵاتەکان، تەبعەن هیچ رۆژنامەیەک لە دنیا نەما بایەخ بەو فیلمە نەدا و باس لە باشی و چاکی فیلمەکە نەکا، کە هاتمەوە هەولێریش دەمگوت لەوانەیە لە سنوور نەبن لە حاجی ئۆمەران بن یان لە شەقڵاوە و مەسیف بن، تا گەیشتمە لای صناعەش هەر ئومێدم هەبوو، بەڵام دواتر ناچار بووم بگەڕێمەوە ماڵەوە.

*** پێت وانیە هۆکاری ئەو پێشوازی نەکردنە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە کوردستان کەس فیلمەکەی نەبینیوە؟**

— نەخێر بەوەی نابینم، لەبەرئەوەی ئێستا ئەگەر فیلمەکەشیان نەبینیبێ، بەڵام ئێستا هەموو خەڵک ئەنتەرنێت دەکاتەوە و ئاگاداری هەواڵەکانی دنیایە، چونکە هیچ ماڵپەڕێکی دنیا نەما لەسەر ئەو فیلمە نەنووسێ، باشە خۆ ئەو فیلمە لە پوسان ئەو خەڵاتەی هێنا کەچی رۆژنامەکانی هۆلیود هەموو لەسەریان نووسی، یانی گەورەترین رۆژنامەی هۆلیود لەسەری نووسی، ئەگەر فیلمەکەشی نەبینیبێ خۆ لە ماڵپەڕەکان بینیویەتی فیلمێکی کوردی ئەو خەڵاتەی بەدەست هێناوە.

*** دوای گەڕانەوەت لە کۆریا هەست ناکەی لێرە هونەر قودسیەتی لەدەست داوە؟**

— نەک قودسیەتی لەدەست داوە، ئێستا هەست دەکەین کە قودسیەتی نەبووە و دەمانگوت لێرە هەروایە، بەڵام کە تۆ دەچیە دەرەوە تەماشای ئەو هەموو پێشوازییە دەکەی بەڕاستی شەرم لەخۆت دەکەیەوە، یانی وا دەزانن ئەو هونەرمەندە لە ئاسمان هاتۆتە خوارەوە ئەوەندە رێز و تەقدیری دەگرن و پێشوازی لێدەکەن و ئەو شتانەی داوای دەکەی بە زووترین کات جێبەجێی دەکەن، یانی ئەگەر ئێرە بەوێ بەراورد بکەی زوڵم لەوان دەکەی.

*** دوای ئەو سەرکەوتنەی لەو فیلمە بەدەستتت هێنا، هیچ دەرهێنەرێکی دیکە لێرەو لە کۆریاش داوایان لێنەکردی کاریان لەگەڵ بکەی؟**

— بەڵێ لێرەو لە کۆریاو ئێرانیش داوام لێکراوە، بەڵام تا کاتی خۆی نێ ناتوانم باسی بکەم.

*** دوای فێستیڤاڵی پوسان ئەو فیلمە لە چەندین فێستیڤاڵی دیکەش وەرگیراوە، دەکرێ باسێکیان بکەی؟**

— ئەوەی جارێ دوورە ناتوانم باسی بکەم، بەڵام ئەوەی لەبەر دەستمە لە دوای ١٢/١ گەشت دەکەین بەرەو وڵاتی ئیمارات بەڕێ دەکەوین و فیلمەکە لە فێستیڤاڵێکی ئەوێ وەرگیراوە و پەنا بەخوا لەوێش ئەنجامی باش بەدەست دێنن.



رۆژان حەمە جەزا، گۆڤار ئەنوەرو شەکەوت ئەمین کورکی، کۆریا ٢٠٠٩



ستافی فیلمی "شوێنێک بۆ یاری" لەکاتی راگەیاندنی ئەنجامەکان لە فێستیڤاڵی پوسان، کۆریا ٢٠٠٩



گۆڤار ئەنوەر لەسەر فەرشی سووری فێستیڤاڵی پوسان، کۆریا ٢٠٠٩

تایبەت

# نامەکانی ئەشرەف لە سەتەلایتی کوردستان نمایش دەکرێ

### تایبەت بە هونەری بەدرخان

دوابەدوای ئەوەی لە شاری سلێمانی و لە ماوەی 45 رۆژدا هونەرمەند لوقمان غەریب کۆتایی هێنا بە کاری وێنەگرتنی درامای نامەکانی ئەشرەف هێنا، کە دراماکە لە چیرۆکی ئیبراهیم زەبۆکی عەزیز نەسین وەرگیراوە و لە ماوەی چەند رۆژێکیشدا کاری مۆنتاژی ئەو درامایە بە کۆتا هات، دەربارەی شوێن و کات و چۆنیەتی نمایشکردنی دراماکەی لوقمان غەریب وەڵامی چەند پرسیارێکی داینەوە...

لە سەرەتادا لوقمان غەریبی سیناریست و دەرهێنەر گوتی: دوای ئەوەی لە 2009/5/20 دەستمانکرد بە قۆناغی وێنەگرتنی درامای نامەکانی ئەشرەف کە سیناریۆ و دەرهێنانی خۆمە، بەپێی ئەو ماوەیەی کە دامانناوە لە 8/20 کۆتایی هات بە وێنەگرتنی دراماکەو لەو کاتەشەوە دەستمان کرد بە قۆناغی مۆنتاژی کارەکە و لە 10/20 کۆتاییمان بە کاری مۆنتاژیش هێناو بەمزووانەش لە کەناڵی کوردستان تیڤی نمایش دەکرێ، ئەوان لە چوارچێوەی بەرنامەکانی خۆیان ریکلامی بۆ دەکەن و گرێبەستم لەگەڵیان کردووە بۆ ئەوەی بڵاوی بکەنەوە.

دەربارەی ئەوەی کە ئایا گەر درامایەک لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەرهەم بێ و دواتر تەلەفزیۆنەکان بیکڕنەوە کێشە دروست نابێ، لە ئەزموونی خۆی لوقمان غەریب گوتی: بە تەئکید قورسە، لەبەرئەوەی ژمارەی تەلەفزیۆنەکانمان کەمە کە کاری هونەری وەرگرن و بە شێوەیەکی گشتیش تەلەفزیۆنەکان ئەو ئیمکانیەتەیان نییە کە بتوانن کارێکی گەورەی هونەری بکڕنەوە، بەڵام ئەوە لەهەمان کاتدا سوودێکی دیکەی هەیە، ئەویش رێگە لە بەرهەمی کرچ و کاڵ دەگرێ کە حکومەت یان تەلەفزیۆنەکان پارەی بۆ سەرف بکەن و ئەنجامەکەشی نەزانن چییە، ئەگەر کاری هونەری خۆی بەرهەم بێ و بە ئامادەکراوی بدرێتە تەلەفزیۆنەکان، ئەووەختە ئاستەکەی دەزانرێ و دەتوانرێ ئەو پارەیەی بۆی سەرف دەکا لێی تەئمین بێ کە بەهەدر ناچێ و خەڵکەکە سوودی لێ وەردەگرن.

دەربارەی ئەوەی کە ئایا هیچ تەلەفزیۆنێک هەبووە ئەو بەرهەمە رەت بکاتەوە دەرهێنەری کارەکە گوتی: من لە سەرەتاوە تەنها لەگەڵ کوردستان تیڤی قسەم کردبوو، چونکە پێشتریش ئەو جۆرە هەماهەنگییەمان هەبووە لەگەڵ کوردستان تیڤی و پێشتر خۆم لە کەناڵە لۆکاڵییەکەدا کارم کردووە، بۆیە من ئەولەویەتم دایە کوردستان تیڤی کە کەناڵێکی چاکەو پانتاییەکی باشی هەیە لەڕووی بینەرەوە.

دەربارەی رازی بوونی خۆی لە بەرهەمەکە لوقمان غەریب گوتی: لەبەرئەوەی ئەو بەرهەمە بەرهەمێکە سەردەمی روودانی دەگەڕێتەوە بۆ 50 ساڵ لەمەوبەر و هەر لەوکاتیش کارەکە نووسراوە، لە جێبەجێکردنیدا جۆرێک لە قورسی پێوە دیاربوو، چونکە ئێشەکە کۆنە و بۆ لۆکەیشنەکان و جلوبەرگ و ئەو شتانە قورس بوو، بۆیە من پێموایە توانیومە لە 60%ی ئەو کاری دەرهێنانەی ویستوومە بیپێکم.

جێی ئاماژەیە چەندین هونەرمەندی دیاری کوردستان لەو زنجیرە درامایە بەشدارن وەکو "تەها خەلیل، ماهیر حەسەن، بەکر مستەفا، حەمە سەعید ئیبراهیم و چەندین هونەرمەندی دیکە لەو درامایە بەشدارن.



درامای "نامەکانی ئەشرەف" لەکاتی وێنەگرتندا

# چلەی ماتەمینی بۆ حاکم قاسم سازکرا



دیمەنێک لە چلەی ماتەمینی حاکم قاسم - هۆڵی شەهیدانی یەکی شوبات - هەولێر ٢٠٠٩/١١/٦

ئا: مەسعودی مەلا هەمزەو تەحسین هەرشەمی
فۆتۆ: مەسعودی مەلا هەمزە

کاتژمێر ١٠،٣٠ سەرلەبەیانی رۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٩/١١/٥ بە ئامادەبوونی عەدنان موفتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی "ی.ن.ک" و مامۆستا بەکر بەرپرسی مەڵبەندی "٣"ی "ی.ن.ک" و بنەماڵەی کۆچکردوو و چەندین کەسایەتی سیاسەتمەدار و نووسەر و رووناکبیر و رۆژنامەنووس لە هۆڵی شەهیدانی یەکی شوباتی مەڵبەندی رێکخستنی ٣ی هەولێری "ی.ن.ک" چلەی ماتەمینی بۆ نووسەر و پێشمەرگەی دێرین "قاسم محەمەد مستەفا" ناسراو بە حاکم قاسم رێکخست و تێیدا چەندین وتار و بروسکە خوێندرانەوە.

لە دەستپێکدا ئامادەبووان دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان و دواتر مامۆستا عەبدولخالق شوانی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆزی خوێندەوە و دواتریش لەلایەن ئامادەبووان و بنەماڵەی خوالێخۆشبووەوە ٤٠ مۆم بۆ چلەی ماتەمینی نووسەر پێگرا.

دواتر لە وتارێکیدا مامۆستا بەکر بەرپرسی مەڵبەندی ٣ باسی لە گەورەیی ئەو پیاوە کرد و باسی لەو هەڵوێستە گەورانەی کۆچکردوو کرد، کە لە رۆژانی سەختی خەباتدا نواندوویەتی، دواتر باسی لەو ساڵانەی دوایی کرد، کە حاکم چۆن وەک کەسێکی چالاک و لەخۆبردوو کاری کردووە.

مامۆستا بەکر لەو وتارەیدا، باسی لە چەندین هەڵوێستی نیشتمانی و پاکیی حاکم قاسم کرد، لە یەکێک لەو نموونانە گوتی: "شەهید مامۆستا کاوەو حەسەن ئەنوەر مەخمووری ئەوکات بەرپرسی سیاسیمان بوو، لە رێگا لەسەر شاخ حاکم قاسمی کۆچکردوو یەخەگیری مامۆستا کاوە ببوو، گوتبووی من حیسابم کردووە ١٢ دیناری زیادم پێیە (تەماشای ئەو لەخۆبوردووییە بکەن)، مامۆستا کاوە گوتبووی بەچی دەزانی ١٢ دیناری زیادت پێیە، ئەویش گوتبووی بەڵێ لە زۆربەی پێشمەرگەکانم پرسیوە چەندت پێیە، لێکمدایەتەوە ١٢ دیناری زیادم پێیە، نابێ ئەو پارەیە لەلای من بێ. مامۆستا کاوەش پێی گوتبوو لەکێت وەرگرتووە، خۆ مووچە نییە؟! ئەویش گوتبووی لەماڵی هێناومە، بەڵام بۆچی لە پێشمەرگەکانی تر زیاترم پێ بێ. مامۆستا کاوە گوتبووی باشە، مادام زۆر جەخت لەسەر دەکەیتەوە، ئێوارە دەچینە گوندی نازەنین، ساردی و کێکی لێیە، پارەکە بۆ پێشمەرگەکان بە ساردی و کێک بدە، خۆ ١٢ دینارت لێ وەرناگرم و بەشی بکەم، هاتینە خوارێ ساردی و کێک بەدەست حاکم قاسمەوە بوو دابەشی دەکرد بەسەر پێشمەرگەکان، گوتمان ئەوە چییە مامۆستا کاوە گوتی ئەوە نموونەی پیاوی تێکۆشەرو خۆنەویست و دڵسۆزە، دەڵێ پارەی زیادم پێیە نامەوێ".

دواتر وتاری ناوەندی هەولێری مەکتەبی رێکخراوەدیموکراتییەکانی "ی.ن.ک" لەلایەن سەرهەنگ حەسەنی لێپرسراوی ئەو ناوەندە خوێندرایەوە، دوابەدوای ئەویش وتاری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لەلایەن حەمید ئەبوبەکر بەدرخان خوێندرایەوە، کە دەقەکەی لە لاپەڕە (٥) بڵاوکراوەتەوە.

دوابەدوای ئەوانە چەندین بروسکەی ماتەمینی خوێندرانەوە، کە بریتی بوون لە: (ناوەندی کۆمەڵایەتی هەولێر، کاوە نادر قادر سەرنووسەری هەفتەنامەی میدیا، لقی هەولێری بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ، رۆژنامەی ئاشتی نامە، بارەگای "٤"ی رێکخستنی هەولێر، کۆمیتەی رێکخستنی شێراوە- مەڵبەندی ١٧ی رۆژهەڵات، لقی هەولێری یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان، لقی هەولێری کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان، ئاراس حەوێزی سەرۆکی شارەوانی کۆیە، رەنج حەمەد قادر بەڕێوەبەری پەروەردەی کۆیە، کۆمیتەی ٢ی رێکخستنی کۆیە، سەنتەری رووناکبیری پێشمەرگە...".

دوابەدوای ئەوانە وتارێکی ئەدەبی لەلایەن نووسەر و رووناکبیر عەبدولرەزاق بیمارەوە خوێندرایەوە، کە ئەمە دەقەکەی بوو..

**برام. کاک قاسم**
**ئای لەو ژیانە!**

ئای لەو رووبارە رەوانەی هەر بەرەو پێشەوە دەڕوات و دەڕوات. ئەوەی ئەوساتە لە هەوارێکدا دەیبینین جارێکی دی نایبینینەوە، هەر دەڕواو بەرەو نادیار سەرهەڵدەگرێ، ئارام ناگرێ، خۆ ئەگەر بەشە ئاوێک ویستی خۆی لێ جودا بکاتەوە و لە شوێنێک یان هەوارێک بوەستێ. ئەوە رووبارەکە لە لرفەی خۆی ناکەوێت، بەڵکو ناسنامەی خۆی لێ دەستێنێتەوە و بەلاوەی دەنێ، ئەودەم ئەم بەشە ئاوە تووشی گۆڕانی رەنگ و بۆن و تام دەبێت. رووبارەکەی ژیان لە سەرەتاوە تا دوایی ماوەی وەستانی نییە. هەر زیندووە و بزێو و بەدەنگ و رەنگ و شەنگ و لاوە.

ئێمە لەگەڵ ئەو رووباری ژیانەدا بەڕێ کەوتووین، نازانین کەی دەگەینە دوا قۆناغی گەشتەکەی و تێکەڵ بە دەریای نەبوون دەبین؟! بێگومان وەکو بووین ئاوەهاش تووشی نەبوون دەبین. ئەمەش نابێتە ئارەزووی خۆدەرهاویشتن و تەریک بوونمان لە ئاهەنگی شەنگی ئەم رووباری ژیانە.

بەڵام هەموو بوونێک لە ژیاندا بوون نییە، هەروەکو بیرمەندێکی ئەم بوارە دەڵێ: بوون بریتییە لە تاکە چرکەیەکی هەڵبژاردن. ئەو کەسەی لە تەنگانەدا یان لە رووبەڕووبوونەوەیەکدا بەبێ دوو دڵی لەو چرکە هەڵبژاردنەدا بڕیاری خۆی بدا. ئەوە دەژی و ئەوەی رایدەبوێرێ پێی دەڵێن بوون و زیندوویەتی.

کاک قاسم هەروەکو ئێستا لە دڵی ئێمەدا و لە لاپەڕەگلی کتێبخانەی کوردی ناوێکی زیندووی بۆ خۆی بەجێهێشتووە، هەر لە سەرەتای لاوییەوە لەو ژیانەدا زیندوو بووە. چونکە لە چرکەساتی نێوان بوون و نەبووندا ئەو بڕیارەی خۆیداو زیندوویەتی هەڵبژارد: بڕیارێک لە تەمەنی تەڕو ناسکی لاویدا ناچاری کرد باری قورس قورس بخاتە سەرشان و بەڕێیاندا ببات، بڕیاری رێگای پڕ لە ئازار و مەترسی خەباتی ژێرزەوی و نهێنی دژ بە دڕندەترین رژێم.

ئەوەبوو لەشاری بەغدا، لەسەر کورسی پۆلی کۆلیجی زانستی سیاسی و یاسا بەدەستی بە کەلەبچەوە بردیانە ژووری زیندان و جەهەننەمی لێپرسینەوەی خوێنخوارانی رژێم. سەرەڕای هەڕەشەی مردن و چەشتنی تاڵ و تیژترین ئازاری گیان و لەش ئەو لەو بڕیارەی دابووی پەشیمان نەبووەوە. لە رێڕەوتی رووبارە پڕ لە هاژەکەی ژیان لای نەداو بەجێ نەما...

رێگەی زیندوویەتی هەڵبژارد. لە کاتێکدا هەڤاڵانی سەرکردەی رێگا هەڵبژاردەکەی خۆی بردرانە بەر پەتی سێدارەو پەتیان لەسوور مل جەڕدرا. ئەو تازە لاوە، ئەو خوێندکارەی خوێندەواری و رۆشنبیرییە، ئەو لەش ورد و لەرو لاوازە، ئەو مەلە نەرمونیانە لە بەردەم مرۆڤانی دڕندەو بێ دڵ و پیاوەتیدا. ترسی مردنی لەخۆی رەواندەوە و لە ئەزموونی چرکە هەڵبژاردنەکەدا رێگەی نەمری هەڵبژارد. تاکو پانزە ساڵ لە تەمەنی تەڕچکی لە تاریکی زینداندا بەسەر بەرێت. ئای لەو ئاسکەی وەکو "نالی"ی شاعیر دەڵێ:

**ئەو تیفلە خوردە ساڵە، هەر چەندە وەک غەزالە**
**ئەمما کە هاتە نەخچیر، شێر صەولەتی مەهیبە**

ساڵی ١٩٧٧ زیندانی پانزدە ساڵ پەسند کرد. ئەو نەگۆڕا بەڵام، هەروەکو "بەیاتی"ی شاعیر دەڵێ: مەلیکی بیابان نشین ساتێک سەدان سەر دەپەڕێنێ، ساتێکیش سەدان سەر ئازاد دەکات. ئەوجا پاش دوو ساڵ، ساڵی ١٩٧٩ بەر عەفووێکی گشتی لەناکاو کەوت و ئازاد کرا.

گەڕاوە ناو باوەشی داک و باب و هەست و سۆزی نۆ خوشک و دوو برا. دیسان رووبەڕووی چرکەی هەڵبژاردنەکەی نێوان بوون و نەبوونەکە بووەوە.

گورج رووی کردە چیا، ناو پۆلی پێشمەرگە. بەو بڕوایە کە رۆژێکی ژێر هەتاو و چیا کە سەربەستانە تفەنگ لەشان بکات بای هەموو رۆژانی تەمەنە. با ئەو رۆژە برسیەتی و دوورە شاری و پیادەرۆیی ناو بەرد و هەڵدێر و لێڕەواری شاخ و خەو هەڕمان لەژێر ناڵەو نرکەی فڕۆکەو گرمەی بۆمبای دوژمنی لێ رووبدات.

ئەو رۆژە ساڵگەلی دیلی ژێر سێبەری ناوچاوانی خوێناوی پیاوکوژان و دۆزەخی دەروونی دوژمنان دێنێ.

بۆیە پێشمەرگەیەتی هەڵبژارد. لەناو پێشمەرگەشدا نەیدەویست هەروەکو رۆشنبیرێکی شاری بەناوی حاکم قاسمەوە دوور لە تۆز و دووکەڵی مەیدانی گیانبازی رۆژان بەسەر ببات. بەڵکو لەم کۆڕەشدا، لە نەبەردیێکدا، میدالیایەکی سەربەرزی بە گوللەی دوژمن لەسەر لەشی پێ برا.

کاک قاسمی رۆشنبیر و نووسەر



بالا قاسم شیعرێکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد



نوا قاسم پەخشانێکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد

## فەرهەنگی ناوو نازناوو ناوو ناتۆرە

**نازناوی رەنجبەران**

نازناوی رەنجبەران: بریتییە لە نازناوی ئەو رەش و رووتانەی، کە سەر بەچینی دووەمی کۆمەڵن، لەقەبیان یەکجار زۆرە، چونکە چینی چەوساوە یەکجار زۆرە لە کوردستان، لەبەر هەندێ نازناویشیان یەکجار زۆرە، هەندێکیان لە نازناوەکان جەماوەر خۆشیان دەوێن و ناوی منداڵەکانیان بەو نازناوانە ناوناوە، وەکو "شوان- گاوان- سەپان"، هەندێک لە نازناوەکان قێزەونن جەماوەر خۆشیان ناوێن، چونکە یارمەتیدەری چینی دەرەبەگ بوونە، وەک "خوبزە" خزمەتکار، کارەکەر، ئەمەش هەندێک لە نازناوی چینی چەوساوەیە، ئەگەر بە وردی لەم نازناوانە لە کوردستان بگەڕێین دەبێتە فەرهەنگێکی گەورە.

١- سەرکار:. نازناوی ئەوکەسەیە، کە سەرپەرشتی کاری ئاغاو دەوڵەمەندەکانی دەکرد: شێخ عەلی سەرکار- یاداشت ٣ل١٥.
٢- رەعیەت: کرمانج: مسکێن: سەرجەم چینی چەوساوە دەگرێتەوە هەروەها بوتە نازناوی هەریەک لە چینی رەش و رووت.
بە دیار ئەوپیرەژنە رەعیەتەوە- گەدا- ل٣٩.
٣- ناوماڵ:. ئەوکەسەی لەناو ماڵی ئاغا کاردەکات.
شەوان سەعە خرتەی ناوماڵی لەسەر دەنووست- خاک-١-ل ٢٥.
٤- خوبزە:. گزیر: خوڵام: فەراش:. فەرەجی فەراش... گەدا-ل ٣٢٥، رۆژێک عەلە خوبزە کەلای ماڵی - خاک ٢- ل٢١.
٥- نۆبەتدار:. ئەوکەسەی پاسەوانی ماڵی ئاغای دەکرد.
خرەی نۆبەتدار وەجواب هات.
٦- عەلۆوجەلۆ:. شەلەوقولە، گەجەرو گوجەر:. نازناوی داروودەستەی ئاغاو بەگ و دەوڵەمەندان.
٧- کارەکەر:. کارەکەری ماڵی ئاغاو دەوڵەمەندان.
حەسۆو حەمۆش "پەتیکەی" نۆکەریان جێ دەهێڵن.
شێخ بە حەلاوی کارەکەریەوە بۆ ڕاوە کەو هاتە سێتەک- مجێور- ل١٠٨.
٨- قاوەچی: نازناوی ئەوکەسەی قاوەی تێ دەکات.
کرێی حەمە قاوەچی پوو خەلەو- خاک-١- ل٢٠٠.
٩- وەرزێر: جووتیار:. هەباسی وەرزێر.
هەباسی وەرزێر پێش گیان لێ توران گەدا- ل٩٥.
١٠- کرمانج:. رەعیەت. حوسێن کرمانج.
میرهاتبوو لەولاوە دەگەل کرمانجم لێ قەوماوە! - تحفە-٢- ل ١٩٠.
١١- سەرپاڵە:. سەرپەرشتیکەری سەپانان.
١٢- شوان: چۆپان- حەمەد شوان، بە ماڵی مستەفا شوان بەناوبانگن- ئامێز- ل٢١٤.
١٣- گاوان:. گاڤان:. ئەو کەسەی چێڵ و مانگا دەباتە لەوەر. قەنبەر گاوان، عەزە گاوان، خدر گاوان پشت گردی قەنبەرگاوانی....مێژوو-٢- ل٤٦
"بەرەی گاوانی" لەباداوەی دادەنیشتن.



عەبدولوەهاب شێخانی

١٤- رووتە:. رەش و رووت:. عەوڵا رووتە بەدەرسنگێکی چەقیوی لەبەر دیرەکانی بوو- خاک ١-ل٢٥٢.
١٥- چۆپان: شوان. عەوڵا چۆپان.
١٦- جۆخین:. نازناوێکی چینی رەش و رووتانە. ئەنوەر جۆخین.
١٧- جۆوان:. ئەوکەسەی برنج دەچێنێ و بەرهەم دێنێ، حوسێن جۆوان.
١٨- باراش:. ئەوکەسەی باراشی خەڵکی لێ دەکرد. ئەحمەد باراش.
١٩- ئاشەوان: ئەوکەسەی لەسەر ئاشە- عەزیز ئاشەوان.
٢٠- حەمباڵ: کۆڵکێش- قادر حەمباڵ، سلێمان حەمباڵ.

**نازناوی عەشیرەت و خانەوادەو رەگەز**

ناوی عەشیرەت و رەگەزو خانەوادە دەبێتە نازناوی ئەو کەسەی سەر بە عەشیرەتەکەیە یان خانەوادەو رەگەزەکەیە.

١- خانەوادە:. واتە ماڵە گەورەو پیاوی ریش سپی و ماقوڵی ئەم ماڵە گەورانە بووەتە نازناو بۆ خانەوادەکەی وەکو:
أ- بەرەی بازی، بەرەی کاکەخانی، بەرەی بایزی.
هەکاریەکان کەلە شەمسن ناوی شەمۆیان لێ نراوە- شەرەف. ل٤١٤
ب- زۆر خانەوادە پیاویان نەماوە، ژن جێگای گرتۆتەوە ناوی ئەو ژنە بووەتە نازناوی هەموو بەرەکە "بەرەی مرۆتی"
باپیراغا کە کوژراوە هەر کوڕێکی بە ژن و ماڵی هەبووە، بۆیە جگە لەبەرەی خدری بەرەکانی دیکەی مەنگوڕان هەموو بەناوی دایکیانەوە ناو دەبرێن، وەکو بەرەی ئامانێ، بەرەی زێڕینێ بەرەی شەمێ، بەرەی زێنێ.
٢-عەشیرەت: نازناوی عەشیرەت و هۆزو خێڵ کە لە کوردستان زۆرباوی هەیە. چونکە قۆناغەکە قۆناغی عەشیرەتگەرییە.
عەلی وەسمانی شێخانی. مێژوو-٢- ل ٢٩٥
حاجی مەلا ئەمین سورچی. مێژوو-٢-ل١٧٥
هۆمەری دزەیی، حوسێن ئاغای سوورچی، باپیرئاغای مەنگوڕ
٣- رەگەز:. دەبێتە نازناوی ئەوکەسەی لەو رەگەزەیە، وەکو رەگەزی دۆم و قەرەج.
عەوڵا دۆم، حوسێنە دۆم
٤- موکری:. بۆتە نازناو.
ئەم سەیفەدین خانە لەقەبی موکری هەبووەو ئەم لەقەبەی گۆیا لە خێڵێک وەرگرتووە، کە ناوی "موکریە" کۆڕ- ل٨١

**نازناوی زیرەکی**

زیرەکی: دوڕناس:. زۆر زانایی و تێگەیشتن بووەتە نازناوی چەند کەسێک.
١- دوڕناس: زۆر زیرەک: نازناوی هەیاس بووە، وەزیری سوڵتان مەحمود بووە، دەڵێن لە ناو بەحر دوڕی ناسیوە. ساغە یان کرمییەو هەروەها لە کاروباری تریش زۆر زیرەک بووە، بۆیە بە "هەیاسی دوڕناس" ناوبانگی دەرکردووە.
٢- زیرەک:. نازناوی گۆرانیبێژی گەورەی کورد "حەسەن عەبدوڵڵا"یە کە بە "حەسەن زیرەک" ناسراوە، چونکە زۆر مەقامناس بووەو وەستایی نواندووە.
٣- زیرەک:. بۆتە نازناوی هەموو ئەو کەسانەی کە دەنگیان لە حەسەن زیرەک نزیکە، حەسەن زیرەکیان خۆش ویستوە، سامان زیرەک، فەرهاد زیرەک، قادر زیرەک، قادر زیرەکی زێڕینگر.
٤- عەییار:. ژیر و زیرەک بووە کورد پێیان وتوە "عەییار" بابە عەمرەی عەییار. موکریان. ل٤٦

**نازناوی قەڵەوی**

قەڵەوی و پان و پۆڕی بووەتە نازناوی ئەو کەسەی، کە قەڵەوەو پان و پۆڕە وەکو ئەمانەی خوارەوە.
١- خرپۆ:. قەڵەوی بەژن کورت.
٢- گردە: بەژن کورتی قەڵەو- عەوڵا گردە.
٣- قەڵەو:. موحسینە قەڵەو.
٤- سێ تەنگە: زگ گەورەی پان و پۆڕە- سەلیم سێ تەنگە

بەشی هەشتەم

# چلەی ماتەمینی

بەردەوام بوو لە خوێندنەوە و زانیاری زیادکردن. نووسینەکانی سادەو بێ گرێ و دوور بوون لەخۆ بەزلزانین و ئامۆژگاری. لە بواری رۆژنامەنووسیدا چالاک و تەردەست بوو، گەلێک جار لە هەفتەیەکدا ٤،٣ وتاری بۆ چەند رۆژنامەیەک دەنووسی. زیرەکانە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان هەواڵ و باس و خواسێک، تەنانەت وشەیەک و زاراوەیەک سەرنجی رادەکێشاو گورج دەیکردە شیرازەی وتارێکی خنجیلە.

وتارەکانی سەرنجدان و وروژاندن و رێنیشاندان بوون، ئەگەر تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی دوور و درێژ نەبووبن. بەڵام وەکو هونەرکارێکی دەسترەنگین، بە چەشنی تابلۆی زەنگیانە کاری وردە زەنگیانەی کەسک و سوور و زەردی دەنەخشاند.

بەرامبەر کۆچی دوایی و مردنی لەناکاوی ئەم نووسەرە دڵسۆزە، خزمەتگوزارە، نازانم بڵێم چی؟ بڵێم جارێ زوو بوو، ئەم کاەساتە چاوەڕوان نەکراو بوو. ئیتر هەرچی بێ و هەرچۆنێک بێت منیش وەکو "مەولەوی"ی شاعیر کە بۆ مەرگی هاوسەرەکەی گوتوویە، هەر ئەوە دەڵێم و دەڵێمەوە:

**وە مەرگت دەیدەم هام نە گوزەردا**
**منیچ لام لای تۆن، ئارۆ یان فەردا.**

دوای ئەویش پەخشانێک لەلایەن "نوا حاکم قاسم" تاقە کچی حاکم قاسم خوێندرایەوە، کە ئەوەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

**بابە قاسم ماڵئاوا**
**ئەی بابەگیان**
**بەبێ ماڵاوایی بەجێت هێشتین**
**رۆژانێک بەدڵێکی پڕ لە ئاواتی گەش و گەورە**
**پاشەڕۆژت بۆ دەنەخشاندین**
**هیوات ئەوەبوو ئێمە وەکو منداڵانی گەل و نیشتمان**
**لەژێر ئاسمانی ئازادیدا**
**لەناو باخی پەروەردەو زانستدا**
**رۆژ بەرۆژ هەنگاو بەرەو سەرکەوتن هەڵێنین**
**بەبیر و بەکردار خزمەتی گەلی کوردمان بکەین**
**بابە گیان...**
**داخەکەم. مردن رێگەی نەدای. هەتا دوارێگا**
**نەخشەکەت ببینی**
**تێر بەهیوای رەنگینی خۆت شاد بیت**
**ئەی میوانانی بەڕێز!**
**چارەنووس وابوو باوکمان کۆچ بکات،**
**بەڵام پەیمان دەدەین**
**رێگەی ئەو بزر ناکەین**
**ئەی بابە گیان...**
**بەقوڕگی پڕ لەگریان و بەچاوی پڕ لە فرمێسک**
**یادت دەکەین، هەموو دەم تۆ لەگەڵماندای**
**وا هەست دەکەین خۆت فرمێسکی چاومان دەسڕی و**
**بە پەنجەی پیرۆز ئاسۆی گەشمان بۆ نیشان دەکەی**
**بابە گیان...**
**دەڵێن باوکمان نەما. بەڵام خەڵکێکی زۆر، ئەوانەی**
**تۆیانناسیبێ ئەمڕۆ بووینەتە مامان، پورمان،**
**خوشک و برامان. بۆیە خۆمان بە غەریب و**
**بێ کەس نابینین.**
**ئێوە ئەی مام و پورانی ئێمە.**
**هاتنتان بۆ ئەم کۆڕە مایەی دڵدانەوەیە.**
**جێی سوپاس و رێزلێنانێکی گەورەیە.**

**لەخودا داوا دەکەم تووشی هیچ ناخۆشییەک**
**نەیەن. خوا پاداشتتان بداتەوە..**

باڵای کوڕی حاکم قاسمیش پارچە شیعرێکی ئامادەکردبوو، لەچلەی ماتەمینییەکەدا خوێندییەوە، کە گوتی:

**فرمێسکێک لەسەر گۆڕی باوکم**
**بابەگیان. بابەی زۆر خۆشەویستم**
**ئۆغرت بەخێر زوو بەجێتهێشتم**
**خۆزگە دەتبینی زامی هەناوم**
**ناڵەی بابەڕۆ و فرمێسکی چاوم**
**وا هاتوومە لات باوکی شیرینم**
**ئەگەرچی بەچاو چیدی ناتبینم**
**بەڵام دەزانم ئەتو نەمردووی**
**رەمزی ژیان و گوڵی سیس نەبووی**
**لەدڵی خەڵکا دەتبینمەوە**
**لەناو چاواندا دەتخوێنمەوە**
**ناو و ناوبانگت سەربەرزیمانە**
**کردەوەت مایەی شانازیمانە**
**ئەی باوکی دانام**
**ئەوە من باڵام**
**هاتووم بابە گیان. وەک جاری جاران**
**لەبۆم باس بکەی مێژووی کوردستان**
**لەبۆم باس بکەی پەروەردەو رەوشت**
**خزمەتگوزاری بۆ مرۆڤان گشت**
**پەیمان بێ، پەیمان. ئێمە رۆڵەی تۆین**
**لەسەر وەسیەت و رێگای تۆ دەڕۆین**
**بابە. رابردووت شانازیمانە**
**خواحافیزت بێ. خواحافیزمانە**

وتاری کۆتاییش لەلایەن مامۆستا نەرمین خێزانی خوالێخۆشبوو خوێندرایەوە، کە ئەوە دەقەکەی بوو:

دوای سەلام و پێشکەش کردنی ئەوپەڕی رێزو قەدرزانی بۆ ئێوە کە عەزیەتتان کێشاوەو ئامادەی ئەم کۆڕە بوون، هەروەها هەموو ئەو رۆژنامەنووس و نووسەرانەی بەخامەی رەنگینیان چەند وشەیەکی جوانی وەفاداری و جوامێرییان بۆ کارەساتی کۆچی ناکاو نووسیوە. بەتایبەتی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، هەفتەنامەی بەدرخان، رۆژنامەی میدیا، رۆژنامەی ئاشتینامە، گۆڤاری کەکۆن و ئەوانی دی...

جگە لە سوپاس و پێزانین و رێزی زۆرمان بۆ جەنابی پەرلەمانتاران، وەزیران و بەرپرسانی حکومەت و سەرانی حزب و رۆشنبیران و تێکۆشەران و مامۆستایانی مەیدانی زانستی و پەروەردەو ئەدەب و هونەرو هەموو دۆست و خزم و دڵسۆزان و هاوڕێیانی رێگەی خەبات و کوردایەتی رۆژنامەوانی. کە بەشدارییان کرد لە سەرەخۆشی و دڵدانەوەمان بۆ بەرگەگرتنی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە و دڵسۆزی و هەستی گەرمی خۆیان پیشاندا.

ئێمە وەک دوو هاوڕێ لەبەردەم هەموو رووداوێکدا چ خۆش چ ناخۆش ژیانمان بەسەر برد، کە جگە لەو دوو کۆرپە کە ئێستا وا خەریکە تەمەنی ١٠و ١٢ ساڵی بەسەردەبەن، لەگەڵ کۆمەڵێک یادگاری گەش و رەنگین و تەجرەبەی بەسوودمان دەست کەوتووە.

ئەمڕۆ بۆ من مایەی شانازییە کە کۆمەڵێک پەڕە کاغەزی دەسنووس و ستوونی رۆژنامەو وتاری بۆ بەجێ هێشتووین، مایەی دڵدانەوەمانە کە ئەگەر توانیویەتی رەزامەندی ئێوە دەستگیر بکات، مایەی سەربەرزیمانە کە بەیەکێک لە تێکۆشەرانی رێگای ئازادی و پێشکەوتنی کوردو کوردستان ناسراوە.

هەی داخ و سەد ئاخ!. ئەو هاورێیە لە کاتێکی چاوەڕوان نەکراو و لەناکاو کۆچی دوایی کرد، کە ماوەی ئەوەی نەبوو ماڵاواییمان لێ بکات..

تێر "نوا"ی کچی و "باڵا"ی کوڕی ببینێ پێش ئەوەی پێڵووی چاوی هەتاهەتایە لێک بنێ.

بەڵێ چاوەڕوان نەکراو بوو لەم تەمەنەدا و لەم رۆژگارەوە لە کۆڕی چالاکیدا وا بە ئاسانی کۆچ بکات.

خۆ ئێمە هەموومان دەمرین، مردن لە پێش هەمووماناو ناتوانین خۆی لێ لابدەین. هیوادارم ئەو دوو نەمامەی بە یادگاری جێی هێشتوون گەشەبکەن و ببنە داری بەردارو لە خزمەتی گەل و نیشتیماندا کۆشش بکەن. هەمووددەم ئاوڕ لە رێڕەوی پاکی باوکیان بدەنەوە.

ئەو کۆچی کرد. ئێوە خۆش بن. خوا بەهەشتی پێ کەرەم بکات. زۆر سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەم. خوا پاداشتان بداتەوەو داواکارم لە هەموو ناخۆشییەک بە دووربن ئیتر خوا حافیزو پارێزگارتان بێت.

لە کۆتایی چلەکەشدا ئەو جانتایەی کە حاکم قاسم لەدوای خۆی جێیهێشتبوو لەلایەن عەبدولرەحمانی برایەوە پێشکەشی هەردوو منداڵەکەی کرا.

ئەوەی ماوە باسبکرێ، وتاری خوشکی خوالێخۆشبوو کە لە چلەکەدا نەیتوانی بیخوێنێتەوە، ئەو لەبەدرخان بڵاوی دەکەینەوە، لەگەڵ شیعرێکی یادی و جوان فەرهاد گەلاڵی کە دوو گەنجی پەروەردەی دەستی ئەون.

ئەوەش دەقی وتار و شیعرەکانە:

وتاری "گوڵیزار"ی خوشکی خوالێخۆشبوو

**ئەی کاکی گەورەم**
**کاکە حاکم قاسم...**

هەرگیز وام نەدەزانی رۆژێک دابێ، لەناکاو لە نادیارەوە هەواڵی دڵتەزێنی مەرگی تۆمان پێ بگات. رۆژێک دابێ بە ناڵەو هاواری دەروون پێشوازی جەنازەکەت بکەین. کە لە شارانەوە بەرەو ماڵ بێیتەوە. بەدڵی سووتاو جەرگی هەڵقرچاو، بەچاوی پڕ لە فرمێسک لاشەت بگرمە باوەش.

**کاکە قاسم!.**

ئێمە نۆ خوشک بووین تۆ نموونەو هاوڕێمان بووی. وەکو پەپوولە بێ ئازار وەکو هەنگ خزمەتگوزار بووی!

لە سێبەری دایک و باوکماندا جگە لە خوێندن و تێکۆشین و بەوپەڕی دڵسۆزی و خۆشەویستی سەیری رەفتاری برا هێژایەکەمان دەکرد.

**ئای برا ژیکەلانەکەمان!**

گوڵی لاویت لە دەستی ئازارو خەم و ماندووبوون هەڵوەراند. پاشان بەڕەنج و هیممەتی پیاوانە. دەبێ هەڕەشەی مردنی خوێنرێژانی بەغدا و ئازارو رۆژە تاڵەکانی زیندانی ئەبو غرێب، ئەمجا رۆژانی خەباتی ناو داروبەردی چیاو سنگ دانە بەر هەڕەشەی تۆپ و فڕۆکەی دوژمن. لە لاپەڕەی ژیانتدا بە درێژی رێزو شانازی نووسراون.

**ئەی کاکە قاسم!**

لە توانادا نییە یادی کردەوەکانت، سەدای قسەو وشەکانت. لە دڵ و بیرەوەریماندا دەرچن!

هەتا دەمرین هەر دادو هاوارو فیغانمانە. هەر چاو دەگێڕین کەی کاکە قاسم قەڵەمەکەی دادەنێ و دنیای نووسین بەجێ دەهێڵێ و دێتەوە لامان. بە رووی گەشی دڵ خۆش دەبین.

چ بکەین! چارەنووسی تۆ کۆچی ناوەخت و چارەنووسی ئێمەش برارۆو شین و گریان بوو. هەزار رەحمەت لە گیانی پاکت.

**شیوەنێک بۆ مەرگێکی ناوادە**

**یادی**
**هۆ حاکم گیان هەڵسە لە گۆڕ، کەی ئێستا کاتی خەوتنە**
**کەی ئێستا کاتی گریانە و کەی ئێستا کاتی نووستنە**

**ماڵئاوایی**
**تۆ مۆمێ بووی بۆ هەمیشە لەژوور سەرم هەڵکرابووی**
**شەماڵێکی پڕ ئاواز بووی بۆ دڵی من بە ئاگا بووی**
**ئەی بۆ ئێستا وەکو جاران نایەیتەوە بۆ ژوانێ**
**وەرزی خەزان بۆ کوێی بردی منت تەنیا کرد بە جارێ**
**فرمێسکی چاوەکانم هەر بۆ دووری تۆ رژاوە**
**هەردەم ئەگریم و ئەناڵم بۆ ئەم مەرگە لەناکاوە**
**هەرچەند ئەکەم پێنووسەکەم هیچ دەرنابڕێ لە دووری تۆ**
**ئەویش بۆ مەرگت ئەپرسێ و تاوێ هەڵناکا بەبێ تۆ**
**دە وەرەوە توخوا مەڕۆ جێم مەهێڵە لەم هەوارە**
**ئەشکی چاوم وەکو گەڵا هەڵئەوەرێ لەم بەهارە**
**هەڵسە لە گۆڕ ئەی فریشتەی رازی ئەوین**
**ئەی نووسەر و رۆژنامەنووس ئەی دوای رۆمانی رێگای ژین**

**نوا، باڵا**
**چاوەڕێنە بابەگیان بێیەوە لایان**
**تێکەڵ کەن خەندە و سەمایان**

**ئەسرینی چاوانیان بسڕی**
**لە باوەشتا بە خەندەوە بچریکێنێت لەسەر دڵت**
**وەکو بولبول چۆن شەیدایە بە نەغمەو لەسەر چڵت**
**چاوەڕوانیت هەتاکو کەی بۆ جێم دێڵی لە تەنیایی**
**ئەی خۆشەویستی بەندی دڵ، ئەی ئەوینی ماڵئاوایی**

**مەرگ جوانییەکان ناوەستێنێ!**

جوان فەرهاد گەلاڵی

خەرمانی موکری جوانەمەرگ بوو!

حاکم قاسم موکری! مردنە لە ناکاوەکەی تۆ کۆیەی زێدی لە پەلوپۆ خست و هەولێریشی بە شین و شەپۆر هێنا. هەواڵی کۆچی دوایی تۆ هاواری لە منارە هەڵساندو هەلهەلەی جوانەمەرگبوونی تۆی بە تەواوی رۆژنامەو میدیاو خەڵکی کوردستان لێدا.

ئاخر مردنی کەسێک کە لە تەواوی تەمەن و بیروهۆشی بۆ ئەو خەونە کاری دەکرد، کە لە منداڵییەوە دیبووی بە داهاتووی گەنج و لاوی کورد، حاکم قاسم خۆی بە باوکی هەموویان دەزانی و لە بیرو خەمی یەک بەیەکیان دابوو، هەمیشە دەیوت نەوەیەکی ئاشق بە نووسین و خوێندنەوە، رۆشنبیر ئاواتی من و دوارۆژی کوردستانیشمە.

موکری هەرگیز لەوە ماندوو نەدەبوو، کە بە چەندین دەمژمێر لەگەڵ مێردمنداڵێک دانیشێ تا تێی بگەیەنێ لە جیاتی مۆبایلەکەی دەستی کتێبێک بخوێنێتەوە، بە دوای زانینی رۆژی دەرچوونی رۆژنامەو گۆڤارەکان وێڵ بێ، نەک دوا مۆدێلی هاندەکەی.

موکری تۆ لە ئێمە چووی، لە گەنج و لاوی کورستان! ئێمە باوکێکی میهرەبانمان لە دەستدا، کە من و هاوتەمەنەکانمی بە "نواو باڵا"ی جەرگی دا دەنا.

ئەو هەوڵی دەدا بە نووسینەکانی خشتێک بخاتە سەر ئەو هەوڵە زۆرانەی، کە لەو پێناوە دراون، بەس مخابن زۆرینەیان لە بارچوون، کە ئەوە موکری زۆر ئازاردەدا، چونکە ئەو چرکەی دەژمارد ئەو رۆژە ببینێ، کە خەونی پێوە دیبوو.

وای مردنی تۆ چ شۆکێکی بە هەمووان کرد!!

پەیمانت پێ دەدەم نەهێڵم ئەو خەونەت نەزۆک بێ.

جێی ئاماژەیە، ئەو چلە ماتەمینییە لەلایەن یوسف بەحرکەیی بەڕێوەبردرا.


خێزان و کچ و کورەکەی حاکم قاسمی رەحمەتی لە رێورەسمەکەدا


ئامادەبووان مۆمی چلەکە دادەگیرسێنن


بەکر مستەفا وتاری مەڵبەندی سێی ی.ن.ک دەخوێنێتەوە


سەرهەنگ حەسەن وتاری ناوەندی هەولێری مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان ی.ن.ک دەخوێنێتەوە


حەمید ئەبوبەکر بەدرخان وتاری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان دەخوێنێتەوە


عەبدولرەزاق بیمار وتارێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە


دوا پێنووس و جانتای حاکم قاسم درایەوە بە منداڵەکانی

## ئەندەنۆسی لە فەلەستینی فەلەستینیتر!

حکومەتی ئەندەنۆسیا، دەستی بەسەر چەند ئۆتۆمۆبێلێکی بارهەڵگری پڕ لە کۆمەکی ئیسرائیلی بۆ لێقەوماوانی "سۆمەترە"دا گرت، ئەمە لە کاتێکدا رۆژانە هەزاران فەلەستینی بۆ دۆزینەوەی ئیش و کار روو لە ئیسرائیل دەکەن. هتد لە چەندین پێداویستی دیکەش کە فەلەستینییەکان لە سایەی ئیسرائیل دابینی دەکەن.

لە پێشانگای نێودەوڵەتی بەغدا دژایەتیکردنی شیعە دووپاتکرایەوە.

حکومەتی شیعیی عێراق رەخنەی لە دەوڵەتە عەرەبییەکان گرت لەبەر ئەوەی بەشدارییان لە پێشانگای نێودەوڵەتی بەغدا نەکرد، کەچی زیاتر لە "27" دەوڵەتی ئەوروپی و ئەمەریکایی و دەوڵەتی دیکەش حوزوریان لە پێشانگاکە هەبوو و زیاتر لە 300 کۆمپانیاش لە کۆمپانیایەکانییەوە بەرهەمی خۆیان نمایشکرد.

تەنگژەی دامەزراندنی بەڕێوەبەرێک!

پێش چەند مانگێک لەمەوبەر بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگای نەینەوا لەسەر کار لابردرا. بە بیانووی ئەوەی رێژەی دەرچوون لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵی خوێندن کەم بوو، لە راستیشدا بەڕێوەبەرەکە ئافرەتێکی کوردی سەر بەخێڵی ئۆمەری بوو، هەر لەبەر ئەمەش چونکی کورد بوو لایانبرد. جێی سەرسوڕمانە، ئەوا بۆ چەند مانگێک دەچێت، حکومەتی نەینەوا تا ئێستا نەیتوانیوە بەڕێوەبەرێکی دیکە لە شوێنی بەڕێوەبەرە کوردە، دابمەزرێنێت. لە کۆی "5" پاڵێوراو بۆ پایەکە، "3" یان لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا دەستنیشان کران، بەقسەی کاربەدەستانی وەزارەتی پەروەردە، قایل نەبوو کۆسپ و تەگەرەش دەخاتە بەردەمی دامەزراندنەکە.



عەبەولغەنی عەلی یەحیا

خوێنەری بەڕێز دەستنیشانکردنی بەڕێوەبەرێک ئەوەندە زەحمەت بێت، چۆن پرسێکی گرنگ وەک کێشەی کەرکووک چارەسەر دەکرێت؟

تورکیا لەسەر دۆزی کورد کراوەیە!!

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان دەربارەی گۆڕان لە سیاسەتی تورکیا دەرهەق بە کێشەی کورد لە باکووری کوردستان، رۆژنامەی "رادیکاڵ"ی تورکی، خەریتەیەکی سیاسی بڵاوکردەوە، کە لەلایەن حکومەتی تورکیا پەسند کرابوو، تیایدا تورکیا باشووری کوردستانی بە موسلەوەش "ویلایەتی جارانی موسڵ" بە دەوڵەتی تورکیای لکاند بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هەراو هۆریای لێکەوتووە، خێرا خەریتەکە لە بازاڕو شوێنی دیکەش سەحبکرایەوە، دوای ئەو رووداوە بە نزیکەی "2" هەفتە، ئیعلامێکی تورکی پایەبەرزی ناو "مستەفا" لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سەتەلایتێکی ئاسمانی خۆشحاڵیی خۆی بە پێوەندی نوێی تورکیا لەگەڵ باشووری کوردستان پێشانداو زۆر لەسەرخۆ وتی: باشووری کوردستان درێژەی تورکیایە، سەرەڕای ئەمەش نەک هەر نارەزایی بەرامبەر بە کاروانی ئاشتی دەربڕی، بەڵکو قەدەغەشی کرد، جێی سەرنجە بە درێژایی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ تورکیا لەسەر دەستی ئەتاتورک، ساڵانە بۆ شاییەک وەک "." کە ویلایەتی موسڵ دەگەیێنێ لە بودجەی ساڵانەی تورکیا بەرچاو دەکەوێت!!

دەوجە وەرە سەرت سوڕ نەمێنێ!

ئێوارەی سێ شەممەی رابردوو، لەبەرنامەی "الاتجاه المعاكس"ی tvی "ئەلجەزیرە" تونسییەک میوانی بەرنامەکە بوو بە خاوەن بڕوانامەی دکتۆراش بە بینەران ناسرا. ئەو دکتۆرە وتی: ئەو رێژەی سەرۆکەکانی عەرەب لە هەڵبژاردنەکان بەدەست دێنێ، کە هەردەم لە دەوروبەری 98% یان 99% یان 100% بە دروست و تەندروستی دانە. "د. فەیسەڵ ئەلقاسم" بەڕێوەبەری بەرنامەکە پێی وت: سەددام حوسێنیش لە هەڵبژاردنەکانی عێراق بە گوێرەی حکومەتەکەی 100%ی دەهێنا، کەچی کاتێ دەرفەت بۆ گەلەکەی لوا، پەیکەرەکانی شکاندو بە نەعل و پێڵاویش سزای وێنەکەیان دا.



### شەشەم فیستیڤاڵی بەدرخان لە ئەسینا:

# دەروازەیەکی نوێ بۆ دۆستایەتی گەلی کوردو گەلی یۆنان

**دوابەدوای ئەوەی د. ئازاد حەمە شەریف وەکو بەرنامەڕێژی شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان کاری کرد، بە پێویستمان زانی دەربارەی وردەکارییەکانی ئەو فێستیڤاڵە بدوێنین و چەندین لایەنی نادیاری ئەو فێستیڤاڵە بخەینە بەر رۆشنایی.**

**ئا: بەدرخان**

**• چۆن شەشەمین فیستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان ئەنجامدرا؟**

ئازاد حەمەشەریف: لەسەرەتای ئەمساڵەوە کاک (حەمید بەدرخان) داوای هاوکاری لێکردم کە پێکەوە بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ شەشەمین فیستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان ئامادەبکەین. دوای چەندین دانیشتن و بیروراگۆڕینەوە لەبارەی ئەوەی چۆن ئەو کارە بەباشترین شێوە ئەنجام بدرێت گەیشتینە ئەو بڕوایەی، چونکە وڵاتی یۆنانستان بە لانکەی شارستانیەت و هزری فەلسەفی دادەنرێت، چەندین پسپۆری کورد لە بوارە جیاجیاکانی زانیاری و زانست بەشداری پێبکرێت. ئەمە بوو روو لە چەندین کەس نرا، کە لێکۆڵینەوە بە کوردی یان ئینگلیزی ئامادە بکەن و هەر یەکەی لە بوارێکی جیای کۆمەڵگە و ژیاری کوردەواری. دوای تەواوبوونی ئەم قۆناغە بۆ کارئاسانی و رێکخستنی پەیوەندییەکان کاک (حەمید بەدرخان) لەلایەنی خۆیەوە پەیوەندی بە کاک (رەوا حەمە کەریم) و هەڵسوڕێنەرانی کۆمیتەی (ی.ن.ک) لە ئەسینا کرد، ئەوانیش لەگەڵ نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حزبی (پاسۆک)ی یۆنانی هەماهەنگیان کرد. دوای وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەرێنی بە ئیمێل و تەلەفۆن قسە لەگەڵ باڵیۆزی یۆنان لە بەغدا لەبارەی ئەو فێستیڤاڵەوە کرا و ئەویش کارەکانی رەوانەی باڵیۆزخانەی ئەنکەرە کرد بۆ پێدانی ڤیزاکان.

وەک لای هەموان ئاشکرایە کە دەزگای بەدرخان ساڵانە لە ٤/٢٢دا فێستیڤاڵەکانی ساز دەکات، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی هەڵبژاردن لە یۆنان سێ جار فێستیڤاڵەکە دواخرا، بەمجۆرە فێستیڤاڵەکە ئەمساڵ شەش مانگ دواکەوت و لە ١٩ و ٢٠ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ بەئەنجام گەیشت.

**• بەرنامەڕێژی فێستیڤاڵەکەت چۆن گەڵاڵە کرد؟**



د. حەمە دلێر میسری، تاسۆس و د. ئازاد حەمە شەریف

ئازاد حەمەشەریف: لەبەرئەوەی من بەردەوام لە کۆنفرانس و فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان داوەت دەکرێم و بەشداری چەندین وێرکشۆپ و کۆنفرانس و فێستیڤاڵی لەو بابەتەم کردووە چ لەوکاتەی کە کارمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان بووم و چ وەکو مامۆستای زانکۆ، بۆیە زۆر ئاسانە بۆ کەسێکی وەکو من ئەم جۆرە فێستیڤاڵانە رێک بخات. بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی پێشووم لەو بوارەدا، فێستیڤاڵەکەمان بەسەر دوو رۆژ دابەشکرد. رۆژی یەکەم بۆ مەراسیمی کردنەوە و وتارخوێندنەوە و هەندێک چالاکی تری هونەری و پیشاندانی فیلمی دۆکیومێنتاری و نمایشی پاوەرپۆینت لەبارەی "سەرەتاکانی دەستپێکردنی ژیان و شارستانیەت لە ئەشکەوتی شانەدەر لە کوردستان" دانا، کە لەلایەن مامۆستا دڵشاد عەزیز زاموا پێشکەش کرا. لەم رۆژەدا زۆر کەسایەتی یۆنانی گرنگ وتاریان هەبوو وەکو وتەی بەڕێز خاتوو( ئەنتیگۆنی کاراڵی – دیمیتریادیس/ جێگری سەرۆکی ژنانی سۆشیاڵ ئینتەرناشناڵ).

رۆژی دووەمیش تەرخانکرابوو بۆ سازکردنی کۆڕ و گفتوگۆ و بەخشینی بڕوانامە بە بەشداربووان. هەڵبەتە کۆڕەکان هەمەچەشنە بوون: کۆڕێک لەبارەی "رۆڵی رۆژنامەگەری لەنوێکردنەوەی هزری نەتەوەیی کوردا" د. حەمە دلێر میسری و دووەمین کۆڕ لەبارەی "ئاراستە نوێکانی شیعری ئافرەتانی کورد" د. ئازادحەمەشەریف و سێیەمینیان لەبارەی "ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان دا" شێرزاد حەسەن و چوارەمینیان لەبارەی "کاریگەری نیکۆس کازانتزاکیس لەسەر کەلتووری کوردی" د. ئیسماعیل محەمەد فەهمی قەرەداغی و دوا کورتە کۆڕیش لەبارەی "بەراوردێک لە نێوان زمانی یۆنانی و زمانی کوردی" کاک: عەلی کاردۆخی بوو.

**• پەیوەندیی گەلی کورد و یۆنان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

ئازاد حەمەشەریف: پەیوەندیی گەلی کورد و یۆنان زۆر کۆنە و بۆ سەردەمی زەردەشت دەگەڕێتەوە، کە زۆر لە فەیلەسوفە یۆنانییەکان زەردەشتی بوون، وەکو فیتاگۆرس و هیراکلیتس و هتد ...و دواتریش کە (زەینەفۆن) گەشتە بەناوبانگەکەی بەناو خاکی کوردستاندا کرد کتێبێکی لەوبارەیەوە نووسی . بەلای کەمەوە تەمەنی ئەم پەیوەندییە ٢٥٠٠ ساڵ زیاترە. ئەوان زۆر باش گەلی کورد دەناسن و چاک لە کێشە و ئاواتەکانمان دەگەن. تەنانەت گەلی کوردیشیان زۆر خۆش دەوێت و تەنانەت لە هەژمەتی ئەو خۆشەیستییە مەزنە کەسایەتییەکی ئابووریناسی گەورەی وەکو ئەنتۆنیس کاراس– ئەندامی سکرتارییەتی(پاسۆک)بەشی مافی مرۆڤ، لە کۆتایی فێستیڤاڵەکە بەچاوی پڕ فرمێسکی خۆشییەوە هاواری کرد "من کوردم"و شێرەژنێکی وەکو (ئۆدیسا)ش لە ئێمەی کورد جەرگسۆزانەتر پشتگیری لە مافی سەندنی ئازادی بۆ کوردان دەکردو بەڕێز خاتوو (ئەنتیگۆنی کاراڵی – دیمیتریادیس/ جێگری سەرۆکی ژنانی سۆشیاڵ ئینتەرناشناڵ)یش پشتگیری خۆی بۆ سەرجەم مافەکانی گەلی کورد دەربڕی و خاتوو (پۆلینا لامپسا)ی سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی حزبی (پاسۆک)ی یۆنانیش ئەوپەڕی خۆشحاڵی نیشاندا لەپەیوەندی دۆستایەتی نێوان هەردوو گەلی کوردو گەلی یۆنان و داوای کرد کە هەوڵ بدەین بە هەموو لایەکمان ئەو پردە رۆشنبیرییەی کە لەنێوان یۆنان و کورددا هەیە ببێتە مایەی پتر لێک نزیکبوونەوە و دۆستایەتی بەهێزتر.

**• ئایا بەرنامەکە لە ئاستی هیواخوازی شاندەکە بوو؟**

ئازاد حەمەشەریف: هەرگیز ئەوەی تۆ لەمێشکدایە و ئەوەی جێبەجێ دەکرێت وەکو یەک دەرناچن. زۆر شتی تر هەبوون و ئێمە دەمانتوانی بیانکەین، بەڵام کەمی بودجەی فێستیڤاڵەکە و سەرقاڵی و کەمتەرخەمی هەندێک لە کوردانی دانیشتووی یۆنان و نارێکی لە رێکلامکردن بۆ فێستیڤاڵەکە هەندێک لەو ئاستەی پێشبینییەی ئێمەی نەهێنایەدی. بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین وەکو دەستپێک و سەرەتایەک بۆ کارەکانمان لەناو یۆناندا فێستیڤاڵەکە توانی تاڕادەیەک ئەو پردە دروست بکات، کە ئێمە هەوڵمان بۆی دەدا.

**• ئایا هەڵوێستی یۆنانییەکان چۆن بوو و چۆن پێشوازی لە شاندەکەتان کرا؟**

ئازادحەمەشەریف: وەکو پێشتریش گوتم "گەلی یۆنان کوردیان خۆش دەوێت" و بەگشتی لە کورد و کێشە رەواکەی دەگەن. ئەوانەی کاروباری فێستیڤاڵەکەیان لەناو یۆنان رادەپەڕاند حزبی (پاسۆک) بوون، چونکە ئەوان تازە دەست بەکاربوون لە حکومەتدا و ماوەی چەندین ساڵە لە دەرەوەی حکومەتدا بوون، کەمێک لەکارەکانیاندا سارد بوون .

بەڵامبەڵێنیانپێداین کە لەنزیکترین دەرفەتدا بۆ جارێکی تر بانگهێشتی یۆنانمان بکەنەوە بۆ سازدانی چالاکی کەلتووری گەورەتر.

هەڵبەتە شەوی پێش هاتنەوەمان خاتوو (پۆلینا لامپسا)ی سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی حزبی (پاسۆک)ی یۆنان و مستەر (فیلیپۆس) ی جێگرەکەی ئێوارە خوانێکیان لەسەر شەرەفی شاندەکە ئامادەکرد بە مۆسیقا و گۆرانی یۆنانیشەوە. هەروەها زۆر بەڵێنی گەورەتریشیان دا سەبارەت بە هاوکاریکردن لە هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان و رۆشنبیریدا.

**• بەرنامەی ئایندەتان لە یۆنان چی دەبێت؟**

ئازاد حەمەشەریف: بەتەمایین ئەم هاوینە لە کۆنفرانسێکی گەورە لە دورگەی (کریت)ی زادگای (نیکۆس کازانتزاکی) بەشداری کۆنفرانسێکی گەورە لەبارەی ئەو کەڵە نووسەرەوە بکەین بە چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لەپاڵ چەند نمایشێکی شانۆیی و گۆرانی میللی کوردی.

**• بۆ واشنتۆن چی دەکەن؟**

ئازاد حەمەشەریف: لام وایە هێشتا زووە باسی وردەکارییەکانی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە (واشنتۆن) بکەین، ئەگەرچی بەرنامەڕێژییەکەی لەلایەن ئێمەوە تەواوبووە و ناوی کەسانی بەشداربوو لەو فێستیڤاڵەدا ئامادەکراوە. بەڵام تا ئێستا ئەو مەسەلەیە لەژێر باس و لێکۆڵینەوەدایە و رەنگە مانگی یەکی ساڵی ٢٠١٠ بەتەواوی ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکرێتەوە و ئەوسا موژدەی یەکجارەکی ئەو فێستیڤاڵە رادەگەیەنین.

# نیاز خنکاوە، یان هێشتا زیندووە

## ١٢ ساڵە لەگەڵ خێزان و کچەکەی تەرمیان ونە و ئێستا کەسوکاری پێیانوایە زیندووە

**تایبەت بە بەدرخان**

نیاز محەمەد ئەو کورە گەنجەیە کە لەدایکبووی ١٩٦٦ی شاری هەولێر بووە و لە ١٩٩٧/٧/٩ لە دەریای ئیجەو لەرێگای هات و نەهاتی ئەوروپا لەگەڵ خێزان و کچەکەی "بێخاڵ عوسمان محەمەد ئەمین، ساڤۆ نیاز محەمەد" کەوتوونەتە ناو ئاو و دەڵێن خنکاون و تا ئێستاش تەرمەکانیان دیار نییە، کەسوکاری ئەو کوڕەش پێیانوایە کە "نیاز" زیندووە و لەو کارەساتەی خۆی و خێزان و کچەکەی تێیکەوتوون ئەو سەلامەت دەرچووە و نەخنکاوە، ئەوان بەڵگەیان بۆ ئەوە چەندین جار پرسیارکردنی خەڵکە لەبارەی کەسوکاری "نیاز"ەوە، بۆیەش لەرێگای بەدرخانەوە داوا دەکەن ئەگەر هەر کەسێک زانیاری لەبارەی "نیاز"ەوە هەیە دەتوانێ پەیوەندییان پێوە بکا.



نیاز محەمەد

نیازی محەمەد ئەو گەنجە خوێن گەرمەیە کە لەدایکبووی ١٩٦٦ی سلێمانییەو لە ساڵی "١٩٧١"ەوە خەریکی کاری هونەری بووە و لەگەڵ هونەرمەندان سەڵاح نەجمەدین و رزگار خۆشناو لە شاری هەولێر تیپی مۆسیقای شیلانیان دامەزراندووە و نیازیش وەکو ئەندامێکی چالاک لەو گروپە کاری کردووە و جگە لەو گروپەش ئەو هەر لە زووەوە خەریکی کاری هونەری بووە و لە ساڵی ١٩٧١ لەگەڵ نیگاری خوشکی لە تیپی هونەری هەولێر وەکو گۆرانیبێژ کاریان کردووە، لە ساڵی ١٩٧٩ش لەگەڵ تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێر ئیقاعژەن بووە، جیا لە هەموو ئەوانە نیازی وەکو هونەرمەندێکی چالاک و خۆشەویست بووە، وەلێ بەداخەوە ئەویش وەکو زۆربەی گەنجانی دیکەی کورد لە کۆتایی سەدەی رابردوو لەگەڵ خێزان و کچە تاقانەکەی رێگای هات و نەهاتی ئەوروپایان گرتەبەر و بەداخەوە نەیانتوانی دەربازبن و لە دەریای ئیجە کەوتنە نێو ئاو و تا ئێستا تەرمەکانیان دیار نییە و کەس نازانێ چیان بەسەرهاتووە.

نەورۆز محەمەد محێدین کە دەکاتە برای "نیاز" و مامی ساڤۆ، باس لەوە دەکا بەپێی ئەو زانیارییانەی ئەوان هەیانە تا ئێستا "نیاز" زیندووە و لەلای خەڵک بەخێو دەکرێ، ئەو کەسانەشی "نیاز"یان لایە چەند جارێک هەوڵیانداوە نیاز بگەڕێننەوە لای بنەماڵەکەی خۆی، بەڵام ناونیشانی تەواویان نەبووە و نەیانتوانیوە بیگەڕێننەوە، بۆیە نەورۆزی برای داوا دەکا هەر کەسێک زانیاری هەبوو با پەیوەندی بکا بە ژمارە مۆبایلی ٠٧٥٠٤٤٥٤٩٧٢، تاکو ئەوانیش لەو چاوەڕوانییە رزگاریان بێ کە چەند ساڵێکە گیرۆدەین و بە هیوای زانینی هەواڵێکی راست و دروستن.



بێخاڵ و ساڤۆو نیاز ١٢ ساڵە تەرمیان ونەو بێسەروشوێنن




## بەرنامەی یادی 100 ساڵەی ڕەوشەن بەدرخان

**دووشەمە**

**2009/11/9**

* 10:00/ مەراسیمی کردنەوەی سامپۆزیۆنی (100) ساڵەی شاژنی کورد (ڕەوشەن بەدرخان)
* 10:05/ وتاری بەڕێز (د. کاوە مەحمود) وەزیری ڕۆشنبیری کوردستان.
* 10:15 وتاری بەڕێز ڕوناکبیر و نووسەر (فەلەکەدین کاکەیی)
* 10:25 نمایشکردنی فیلمێکی دۆکیومێنتاری لەمەڕ ژیان و بەرهەمەکانی (شاژن ڕەوشەن بەدرخان)
* 10:50 وتاری بەڕێز (ڕەشید فەندی) جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردستان.
* 11:05 دەروازەیەک لەلایەن پرۆفیسۆر (د. کەمال مەزهەر) لەمەڕ (ڕەوشەن بەدرخان و کۆنفرانسی یۆنان لە ساڵی 1957)
* 11:20 دەروازەیەک لەلایەن پرۆفیسۆر (د. عزەدین مستەفا ڕەسول) لەمەڕ (ڕەوشەن بەدرخان و بنەماڵەی بەدرخانییەکان)
* 11:35 دەروازەیەک لەلایەن مامۆستا (دارا بیلەک) لەمەڕ (یادگارییەکانی لەگەڵ ڕەوشەن بەدرخان)
* 11:50 دەروازەیەک لەلایەن ڕۆژنامەنووس (محەمەد سەلیم سواری) لەمەڕ (ڕەوشەن بەدرخان و ڕادیۆ کوردییەکان)
* 12:05/ وەڵامێک لەلایەن (مامۆستا فەخرییە خان) بۆ پرسیاری (قوتابخانەی ڕەوشەن بەدرخان لە سلێمانی بۆچی؟)
* 12:20 کردنەوەی پێشانگای سامپۆزیۆن
* 12:50 چەپکە شیعرێک لەلایەن شاعیر (قادر قاچاخ)
* 13:00 دەروازەیەک لەلایەن نووسەر و لێکۆڵەر (کونێ ڕەش) لەمەڕ ژیان و بەرهەمەکانی شاژن (ڕەوشەن بەدرخان)
* 13:15 دەروازەیەک لەلایەن نووسەر خاتوو (ڕوکەن کەسکین) لەمەڕ (ڕەوشەن بەدرخان وەک ڕۆژنامەنووس)
* 13:30 دەروازەیەک لەلایەن نووسەر (مەحمود پەکیک) لەمەڕ (ڕەوشەن بەدرخان و کۆنگرەی قاهیرە لە ساڵی 1956)
* 13:45 دەروازەیەک لەلایەن نوووسەر (د. حوسێن کیکی) لەمەڕ (کاریگەری ڕەوشەن بەدرخان لەسەر خودی نووسەر)
* 14:00 وتاری کۆتایی لەلایەن خاتوو (شاژن سینەم بەدرخان)

■ بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای ڕاپەڕین ژمارە سفری لە ٢٢/١٠/٢٠٠٠ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

■ خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)

■ بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)

■ ستافی کارا:
کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە، حەسیبە بابۆڵی.

■ نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

■ ڕاوێژکاری مێژوو: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی
■ ڕاوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
■ ڕاوێژکاری ڕووناکبیری: د. هیمداد حوسێن
■ ڕاوێژکاری کلتووری: خالید جوتیار
■ ڕاوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری
نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٠٦٦
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +
سلێمانی، باڵەخانەی ڕەحیمی مەلا عەلی
مۆبایل: ٨٥٥٤ ١٥٩ ٧٧٠ ٩٦٤ +

بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com
■ سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا